



# ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی کوردایەتی

## تایبەت بە ٢٠ ساڵەی ماڵئاوایی هاوڕێ نەبی قادری

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رحمان نەقشی

# پێڕست:


١- یادێک لە شۆڕشگێڕی ناوداری گەڵ کاک نەبی قادری ............................ رەحیم محەممەدزادە ...... ٤
٢- مرۆڤێک پڕ لە گەورەیی ........................................................ عەلی فەتحی .......... ٧
٣- پێشکەش بە رێبەر و سەرکردەی کۆچکردوو هاوڕێ کاک نەبی قادری ........... هەمزە ئاگوشی .......... ١٢
٤- بیست ساڵ دووری ........................................................ ئارام قادری .......... ١٤
٥- کاک نەبی هەروا لە دڵماندایێ .................................................. رەشید قازی ............ ١٦
٦- یادێک بۆ بیست ساڵەی کۆچی دوایی کاک نەبی قادری ئەو دارەی ................ کەماڵ گروێسی ......... ١٨
٧- سڵاو لە رووحی پاک و بێگەردی کاک نەبی قادری ................................ عەلی هاشمی .......... ٢٢
٨- بیست ساڵ لەوە پێش ........................................................ شۆڕش ئەسەدزادە ....... ٢٤
٩- یادی کاک نەبی قادری لە دڵما زیندوە! ....................................... سلێمان عەزیزی ....... ٢٦
١٠- دیسان هەر خۆشم دەوێی ..................................................... ئارەزوو قادری ......... ٢٧
١١- سوپاسنامەیەک لە هاوسەری "نەبی قادری"یەوە ................................ خەیاڵ قادری ............ ٢٩
١٢- بە یادی پێشمەرگە و تێکۆشەر کاک نەبی قادری ................................ هیوا گوڵ محەممەدی .... ٣٢
١٣- کاک نەبی هەم ئامۆزا بوو، هەم شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەر ......................... سەرهەنگ قادری ........ ٣٦
١٤- کاک نەبی بە خێرهاتی ........................................................ بێبەش ................ ٣٨
١٥- چەند وتەیەک .................................................................. عەبدوڵڵا حەسەن زادە ....... ٤٠
١٦- کورتەیەک لە ژیانی نەبی قادری ............................................... رەحمان نەقشی .......... ٤١
١٧- وێنەیەکی دیار لە دڵسۆزی ....................................................... مستەفا شڵماشی ........ ٤٥
١٨- یادی خۆشەویستێک ............................................................. هاشم کەریمی .......... ٤٧
١٩- یادی کاک نەبی ............................................................... جەلیل گادانی ......... ٤٩
٢٠- کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم ................................................... فەتاح کاویان ......... ٥١
٢١- بە بۆنەی پازدەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی کاک نەبی قادری .................. سەرهەنگ قادری ....... ٥٣




سەرچاوە
Serchawe

٢٢- شانازی ناسینی کاک نەبی قادری ................................................. فەیسل ئێرادۆست ...... ٥٥
٢٣- بیرەوەری : پلانی ترۆری بە کۆمەڵ! ................................................. سەدیق بابایی ......... ٥٩
٢٤- بۆ یادی کاک نەبی قادری ................................................. سەعید بەگزادە ........ ٧٢
٢٥- ئەمرۆ کە یادو بیرەوەری ١٥ ساڵەی ئاغای قادری یە ............................. خەیاڵ قادری .......... ٧٧
٢٦- بۆ یادی پازدەهەمین ساڵی کۆچی دوایی کاک نەبی............................ رەحیم محەممەدزادە ....... ٨١
٢٧- کاک نەبیی قادری لە چەند لاپەڕێکی دەفتەری بیرەوەرییەکانم دا ............... قادر وریا ............ ٨٤
٢٨- یادی باوکی بەڕێزم نەبی قادری ................................................. ئارەزوو قادری ........ ٩٠
٢٩- کۆچی بێوادە ................................................................. ئاشق .................... ٩٢
٣٠- لە یادی ئەو تێکۆشەرەی، کەم ژیاو کەڵ ژیا (کاک نەبی قادری) ................. حەسەن ئەهوەن ........ ٩٦
٣١- لە ١٥ ساڵەی یادی گەورە پیاوی کورد، هێژا نەبی قادری. ..................... رەشید قازی .......... ٩٩
٣٢- ئەو مرۆڤە مەزنە، شیاوی ئەوەیە کە میدالی ئاشتی بە باڵای بەرزی گڵکۆی دا کرێ .. عەبدوڵڵا سەیدا .. ١٠١
٣٣- ئەستێرەیەکی گەش لە مێژووی کوردستان ........................................... محەممەد قادری .... ١٠٥
٣٤- ١٥ ساڵ تێپەڕین بەسەر ماڵئاوایی کاک نەبی قادری .............................. کەماڵ رەستگار ....... ١٠٧
٣٥- چەند فرمێسکێک بە یادی فرمێسکەکانی کاک نەبی ................................. مستەفا شێخە ........ ١١١
٣٦- من قەت بەنازی بابم گەورە نەبوومە ........................................... ئارام قادری .......... ١١٣
٣٧- بیرەوەرێکی کاک مستەفا ئەمیری ................................................................... ١١٥
٣٨- بیرەوەرێکی کاک کەریم حوسێنی ................................................................... ١١٦
٣٩- بیرەوەرێکی کاک سمایل ئەقدەم (چکۆڵ) ........................................................ ١١٧
٤٠- چپەیەک لە بێدەنگی دا ................................................. پەیمان ...... ١١٩
٤١- سوپاسنامەی بنەماڵەی کاک نەبی قادری بۆ هەموو هاوڕێیانی کاک نەبیی .................... خەیاڵ قادری .... ١٢١

================================================================================



# یادێک لە شۆڕشگێڕی ناوداری گەل کاک نەبی قادری




**ڕەحیم محەممەدزادە**

٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٢ی سەرماوەزدا یەکێک لە ئەستێرە پڕشەنگدارەکانی ئاسمانی خەباتی کوردایەتی خوشیی وبە رواڵەت ماڵئاوایی لە بنەماڵە، جوڵانەوە، حیزب و کۆڕی یارانی کرد.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧٥ی هەتاویی پۆلێک لە هاوڕێیان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کۆپینهاک گەیشتینە لای هەڵۆ بەرزەفڕەکەی چیاکانی کوردستان. هەڵۆی گیرۆدەی دەستی شێرپەنجە، شەکەت، ماندوو بەڵام بە ئیرادە و چاوەڕوان، کاتێک زانی هاوڕێیەکانی گەیشتنە لای چاوەکانی هەڵێنا، لێوەکانی دەکرۆشتن، لوزەوەی فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا دەرژانە خوارێ، بە ئەسپایی سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و بەرەو دونیای ئەبدەی فڕی.

نەبی قادری لە دایک بووی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٠ ی هەتاوی و زادەی بنەماڵەی قادری و گەورە عەشیرەتی کوردپەروەری مامەشە، بنەماڵەیەک کە گەورە کاپیتانی کۆماری کوردستان" کاپیتان محمد قادری" و فەرماندی ناودار قادری ئیفتخاری لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردبوو.

کاک نەبی چێهرە و سیمایەکی دیار وناوداری مەڵبەندی شنۆ بوو، سەردەمانێک لە بەرگی مامۆستایەکی بەوەج و لێهاتوو و خەمخۆر، خزمەتی بە پێگەیاندنی منداڵانی هەژارانی ناوچە دەکرد و سەردەمێک وەک شارەداری شار لە خزمەت گەشەپێدان و ئاوەدانی شار و کۆمەڵگاکەی بوو و لە پاشان لە قامەتی ڕێبەرێکی سیاسی فیداکار ، خاکەڕاو بەرپرس تا ئاخرین هەناسەکانی ژیانی لە خزمەت وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەل و حیزب واتە، سەربەستی و رزگاری گەل و نیشتمانەکەی بوو.

کاک نەبی لە ساڵی ١٣٣٩ ی هەتاوی پێوەندی بە حیزبەوە دەگرێ و لە ساڵی ١٣٤١ بە رەسمی وەک ئەندامی حیزب دێتە ریزی خەباتکارانی دێموکرات.

لە دیدارێکدا کە چەند مانگ پێش رووخانی رێژیمی پادشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئینگلستان دەگەڵ شەهید د. قاسملووی دەبێ، پاش تاووتوێی بابەتەکانی پێوەندیدار بە وەزعی رێژیم و رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرنامەوە دەگەڕێتەوە کوردستان و دەست بە خەباتێکی هەمەلایەنە دژی رێژیمی پاشایەتی دەکا.

ناوبراو جێگە و پێگەیەکی تایبەتی لەناو چین و توێژەکانی مەڵبەندی شنۆ بە تایبەت قوتابییەکانیدا هەبوو، هەر بۆیە بوو بە یەکێک لە رێکخەر و سازماندەری خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی لەو ناوچەیە. پاش رووخانی رێژیم یەکێک لە کەسایەتییەکان و کۆڵەکەکانی ئیدارەی ناوچەکە بوو.

باس لە پلەوپایەکانی تەشکیلاتی کاک نەبی لە ریزەکانی حیزبدا ئەرکی من نییە، تەنیا هەوڵدەدەم بە کورتی باس لە دڵۆپێک لە دەریای تایبەتمەندییە بەرزەکانی بەرێزیان بکەم.

لە کوردایەتیدا شۆڕشگێرێکی بێ سنوور بوو، کورد لە روانگەی ئەوەوە یەک نەتەوە و کوردستانی پارچە کراویش یەک نیشتمان بوو. لە دژوارترین هەل و مەرجە ئەمنیەتییەکانی زەمانی شاماڵیان مەکۆی شۆڕشگێڕان و شوێنی خۆ رێکخستنی تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت خەباتکارانی کوردستانی گەرمێن بووە. بەرزترین هیوای یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردوستان و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

کێلەشین، هەڵگوورد، قەڵای بێردوک لە باکوور، شاهۆ لە هەورامان، هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ئاخرین خاڵ لە باکوور هەتا دوورە دەستترین ناوچەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان جەولانگا و مەکۆی خەباتی بێ وچانی کاک نەبی بوون.

کاک نەبی شۆڕشگێڕێکی بە مانای واقیعی لە خۆ بوردوو و فیداکار بوو، ئەو لە شەوەزەنگی دیکتاتۆریی شادا و ئەو کاتەی کە " کەڵ بە موو بەند بوو" قۆڵی خەباتی هەڵماڵی و لە دەورانی کۆماری ئیسلامیشدا زۆر لێبڕاوانەتر لە پێشوو درێژەی پێدا و تا ئاخرین هەناسەی ژیانی سەربەرز و رووسوور بە بێ چرکەیەک وەستان لە مەیداندا بوو.

ئەو ئاشق، ئەویندار و سەربازی ونی بیروباوەڕەکەی بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەتا ئاخرین زەرە لە وزە و توانا

شەخسییەکانی تەرخانی ڕێگای هزر و باوەڕەکەی بکا. یەکێک لە یادگارییە بە نرخەکانی ئەو دەفتەری یادداشت و کاری ڕۆژانەیەتی. یادداشتەکان لە ڕۆژەکانی سەرەتای نەخۆشییەکەیدا ڕێک وپێک بەڵام تا دێ شیرازە و تان وپۆی دێڕەکانی دەشێوێن بە جۆرێک کە لە ڕۆژانی ئاخری ژیانیدا، مرۆڤ تەنیا چەند هێڵێکی ڕەش دەبینێ. بەوجۆرە ئەو بەڵێنییەکەی خۆی کە هەتا" دوایین هەناسەم بۆ گەل کار دەکەم" بردەسەر.

کاک نەبی مرۆڤێکی هەڵکەوتوو، لێبڕاو، نەسرەوتوو، ئازا، دەست و داوێن پاک، خاکەڕا، خۆنەویست، گەل و نیشتمان دۆست و... بوو.

بە کۆچی دوایی کاک نەبی گەلی کورد خەباتکارێکی نەسرەوتوو، حیزب ڕێبەرێکی بەتوانا، بنەماڵەکەی سەرپەرستێکی مێهرەبان و دۆستانی هاوڕێیەکی بەنرخیان لە دەستدا.

یادی کاک نەبی بۆ هەمیشە بە خێر، کردەوە و ڕێنوێنییەکانی مەشخەڵی ڕێگای خەبات و تێکۆشانمان دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦



# مرۆڤێک پڕ لە گەورەیی...




**عەلی فەتحی**

زەین دەفتەرێکە ڕووداوەکانی ڕەوتی ژیانی تێدا تۆماردەکرێ. بەتێپەڕینی ژیان لاپەڕەکان دەکەونە سەر یەک و تۆزی فەرامۆشی دایاندەپۆشێ. هەندێک ڕووداو هەن، چەندێک زەمان دەربازبێ، بە نمەبارانێکی یادکردنەوە، ڕوحیان وەبەردێتەوە و زیندوو دەبنەوە. لەو نێوەدا، یادی ساتەکانی پێکەوەبوون لەگەڵ کاک نەبی قادری، وەکوو پارچە هەڵبەستێکی نیشتمانییە و چەشنی سرودێک لە زەینمدا بەردەوام دەخوێندرێتەوە.

من لە تەمەنی منداڵیمەوە کاک نەبی قادریم دەناسی. هەردووکمان خەڵکی شاری شنۆ بووین. شارێکی بچووک، خاوەن خەڵکێکی خزم یا ناسیاوی هەڤدوو. کەس ئاغاوەتی و دەوڵەمەندبوونی خۆی بە فەخر نەدەزانی، تاکوو خۆی لە کەسە هەژارەکان بەگەورەتر بزانی، هەڵبەت ئەو سەردەم. مناڵانی هەژار و ساماندار وەکوو یەک دەژیان. ڕاست لەو زەمەنەدا کاک نەبی لە قوتابخانە ماموستام بوو. ئەو باشترە بڵێم هاوتەمەنی برای گەورەم بوو. ئەوان سەر بە جیلێک، کە شەش کلاسیان خوێندبوو، بەڵام بەقەرا دیپلۆمی دەورانی ئێمە بەسەواد بوون. کاک نەبی دواتر درێژەی بە خوێندن دا و واوەتریش دانیشگای تەواو کرد و خاوەن بڕوانامەی لیسانسی تاریخ و جۆغرافیا بوو.

بۆ گەورەیی ئەو مرۆڤە، تەمەنێک دەگەڕێمەوە شنۆی ئەو فەترە. لە زمان عەولا دەگێڕمەوە کە ئەویش وەکوو من کوڕە هەژارێک بوو:

- دایکم جلوبەرگی هەمووانی بە دەرمان ڕشاندبوو بۆوەی چی زیندەوەری تێیدا بکوژرێن. بۆنی دەرمانەکە زۆر ناخۆش بوو. خۆیشم بە بۆنەکەی قەڵس بووم، جا چ بگا بە کەسانی دەوروبەرم. چوومە قوتابخانە. کاک نەبی ماموستامان بوو. کاتێک هەستی بە بۆنی جلوبەرگەم کرد، خێرا گەورەیی خۆی نواند. بانگی کردمە لای خۆی و بەبیانووی قسەکردن ڕایکێشامە



سەرچاوە
Serchawe

گۆشەیەک، بێئەوەی منداڵەکانی دیکە هەستی پێبکەن، مەبادا دوایی بمشکێننەوە و ببمە مایەی گاڵتەجاڕی. کاک نەبی بەدەم قسەکردنەوە، شووشەی عەتری لە باخەڵی دەرهێنا و هێندێکی بە کەواکەمدا کرد و نەختێکی دە سەرو گوێلاکم هەڵسووت. خۆیشم هەستم بە بۆنێکی خۆش کرد. ناردمییەوە سەر جێگاکەم و درێژەی بە دەرس گوتندا.....

- ئا... عەبدوڵا، ئەو کاتەی تۆ قوتابی کاک نەبی بووی، منیش قوتابی فیروز بووم. من لە تۆ هەژارتر بووم. کەواکەم دڕاو بوو و کاتێک لە کلاس لەگەڵ منداڵەکان دانیشتبووم، فیروز بانگی کردم و لەبەرچاوی منداڵەکان، هەم لێیدام و هەم لە کلاس دەریکردم و گوتی: جارێکی دیکە بۆت نییە بە لیباسی دڕاو و پینەکراو بێیەوە قوتابخانە! جاری دواییش لەبەر ئەوەی پانتۆڵی کوردیم دەبەرکردبوو، دیسان دەریکردم و گوتی: دەبێ بە شاڵواری عەجەمی بێیەوە، دەنا بڕۆ لەجیاتی خوێندن گوێلکەوانی بکە! هەڵبەت مرادیش لەو باشتر نەبوو. ئەویش بێسەوادی خۆی بە لێدان و کوتانی ئێمە دەشاردەوە...

کاک نەبی ماموستایەتی وەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی، چەشنی دەینێک لەهەمبەر منداڵانی شارەکەی سەیردەکرد. خۆزگەی ئەو پێگەیاندنی ئێمە بوو، نەک مووچەی دەسەڵات. ئەو بە هەر ئاکار و کردەوەیەکی، پاراگرافێک لە مرۆڤایەتی لە مێشکی ئێمەی منداڵدا تۆماردەکرد. کەسێکی باوەڕ بەخۆ بوو و متمانەی بە خەڵکی دەوروبەری هەبوو و هەست و بۆچوونی خۆی بە کرداری هێمنانە لە کێڵگەی زەین و بیری لایەنی بەرامبەردا دەچاند.

لەگەڵ عومەر حەمیدی ساڵەکانی کۆتایی خوێندنمان تێپەڕدەکرد. ئەو دەمە ئیتر، کاک نەبی ماموستای دەرسی جۆغرافیا بوو. زۆری هەوڵدەدا چەندی دەکرێ زانستمان سەبارەت بە جیهانی دەوروبەرمان پتروپتر بێ، بەڵام ئێمەی گەنجی خولیای چوار نمرەی قبوڵی، کوا گوێمان بەو ئامۆژگارییانە دەبزووت! ڕۆژی تاقیکردنەوە لەگەڵ عومەر پێکەوە دانیشتبووین. کاک نەبی لەسەر جێگای خۆی دانیشتبوو و نیوەنیوە سەیری دەکردین. عومەر جاروبار دەستی بۆ کتێبی جۆغرافیا دەبرد و جوڵەکانی زۆر ئاشکرا بوون. کاک نەبی بە ئەسپایی نیزیک کەوتەوە. عومەر مەجالی شاردنەوەی کتێبی بۆ نەما. کاک نەبی کتێبەکەی لە عومەر وەرگرت و لە پێشی دانا:

- عومەر ئەوە خەریکی تەقەلووب کردنی؟ بەرمزەیەکی لەسەر لێوان بوو.

عومەر نیگەران و ترساو لەوە کە لە کلاس دەربکرێ، سەری دەبەر خۆی نا.

- سەرت هەڵێنە! پێم ناخۆشە تەقەلووب دەکەی، بەڵام مادام ناخوازی ئەو درسە فێربی و حەزت لێنییە، ها ئەوە کتێبەکە و بەدڵی خۆت لەبەری بنووسەوە.

عومەر لەبەر خەجاڵەت بوون، کتێبەکەی لە کەشێوی مێزەکەی بەردەممان نایەوە و هەستا و دەرکەوت. دوای تاوێک چاوم پێیکەوتەوە، هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکرد و پێیوابوو ئەو زوڵمی لە کاک نەبی کردووە.

یەکدوو ساڵ دواتر کاک نەبی، وەکوو شارەداری شاری شنۆ دیاریکرا. قوتابخانەمان بۆ ئەو ماموستا گەورەیە مایەوە و ئەوجار کەمتر چاومان پێیدەکەوت. ڕۆژەکانی سەرەتای کاربی ئەو بوو. بەهەڵکەوت تووشی باسێکی خۆمانەی نێوان ئەو و یەک لە عەمەلەکانی شارەداری بووم. دەروێش حوسێن نەیدەزانی بە چ ناوێک بانگی کاک نەبی بکا. پێشتر فێرببوو بە شارەدارەکانی پێشتر لە کاک نەبی بڵێ ڕەئیس.

- ڕەئیس دەتوانم بڕۆمەوە؟ دەروێش وسێن ڕووی لە کاک نەبی کرد.
- دەگەڵ کێ قسەدەکەی دەروێش وسێن؟
- دەگەڵ جەنابت.
- دەروێش گیان، من نە جەنابم و نە ڕەئیس. ناوی من نەبییە. خەڵک بەناوی کاک نەبی بانگم دەکەن و تۆش هەروابکە!
- ئاخر جەنابی کاک نەبی پێمعەیبە...
- نانا... کاکە گیان، ناخوازم جارێکی دیکە نە جەناب و نە ڕەئیسم گوێلێبێ.

شۆرش دژی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێکردبوو. شارە بچووکەکەی ئێمەش، شنۆ دەبوایە ڕەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بکەوێ. کاک نەبی سەرقافلەی جوڵەی خەڵک سەرەکیترین نەخشیگێرا. هەڵبەت زۆر لەوە پێشتر ڕەگەڵ شۆڕشی کوردستان لە هەردوو دیوی سنوور، لە باشوور و ڕۆژهەڵات لە پێوەندیدا بوو و من دواتر بە هەڵسوکەوتەکانی ئەوم زانی. چەند مانگێکی خایاند و بە دامەزرانی کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دێموکرات، کاک نەبی ئەرکی بەرپرسیارێتی وەرگرت. ئێمەش کۆمەڵێک لە قوتابییانی ئەو ڕەگەڵ لافاوی شۆڕش و حیزبایەتی کەوتین، ئەوانەی خۆی پەروەردەی کردبوون. زۆری نەکێشا خۆمان لە چیاکان دیتەوە. گەرمای ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێ کە ئارەقەی ڕەش و شینمان دەرکردبوو و لەگەڵ کاک نەبی و ماموستا مەلا محەممەدی عوسمانی و ئازادی کوڕەگەورەی کاک نەبی بەرەو شێخ ئایش لە پیرانشار دەچووین. ئازاد هەراسی بە کاک نەبی هەڵگرتبوو و کۆمەڵە پرسیارێکی لەسەر وەزعی حیزب هێنابوە گۆڕێ، کە باوکی وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەبوایە وڵامیان بداتەوە. کاک نەبی حیزبەکەی خۆی خۆشدەویست و باوەڕی پێیهەبوو و ئازادیش جگەرگۆشەی ئەو بوو و نەدەکرا جوابی نەداتەوە. باس لەسەر قەومانی ڕووداوێک بوو.

- بابە، هەمووتان دەزانن چ باسە، بەڵام ئەتۆ هیچ ناڵێی.... بەداخم

- نانا ئازاد گیان بەداخ مەبە. تۆ ڕۆڵە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەی کە من ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبم. نەزەرم بە

هێند وەردەگیرێ. خۆ ناکرێ هەرشتێک قەوما خێرا بێم هاتوهاوار سازبکەم. دەبێ قسە لەجێی خۆیدا بکرێ و زانیاری ڕاستیش بە خەڵک بدرێ. کار بە ئیحساسات و هەڵچوون جێبەجێ نابێ.....

لەو کاتەشدا هەم ئەرکی باوکایەتی و هەم ماموستایەتیم بەو مرۆڤەوە دیت. سەردەمی قوتابخانەی وەبیر هێنامەوە. شانازیی ئەوەم پێبڕابوو هەم لە قوتابخانەی خوێندن و هەم لە قوتابخانەی شۆڕش لەگەڵ کاک نەبی بم.

ساڵی ١٩٨٥ منیش وەکوو خوێندکار بورسی خوێندنم لە وڵاتی یونان پێبەخشرا. بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەڕەدێ بوو. سەردانی کاک نەبیم کرد. لە ژوورێکدا لەلای کاک فەتاح کاویان و کاک مستەفای قازی دەماوە.

- فەتحی ئەوە بورسی خوێندنت وەرگرت، دەبێ شیرنیمان بدەیەی! کاک فەتاح داوای کرد.
- جا باشە عەلی چکارەیە شیرینی بدا بە ئێوە فەتتاح! هەتا ئەمن لێرە بم، عەلی هیچکارە نییە. ئەوە منم دەبێ شیرینی بدەم بە ئێوە، کە عەلی برام بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوە....

وای لەو گەورەییەی بەو ئینسانەوە دیت. لەو غەریبییە و لەو دوورییەی لە شار و بنەماڵەم، چۆن توانی ئەو خۆشەویستییەم پێببەخشێ کە هەست بەبێکەسیم نەکەم! لەبەر گەورەیی نواندنی ئەو، لەجێوە فرمێسک دەچاوانم گەڕا. هیچم پێنەگوترا، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لەقوڵایی دڵمدا عەشقێک پشکووت و گوتم: گەلێک سپاس گەورەم...

دوایینجار گوێم لە دەنگی بۆوە. ئەو کاتە بوو کە بەداخەوە حیزبی خۆشەویستی کاک نەبی و قوتابییەکانی ئەو، واتە خەجیج مەعزووری و قادر وریا و قادر ڕەسوڵیان و عەوڵا سەیدا و عومەر حەمیدی و چەندێکی دیکە تووشی دابڕان هاتبوو. کاک نەبی هەموومان، لە وڵاتی دانمارک دەژیا و نەخۆشی شێرپەنجە بڕستی لێبڕیبوو. عومەر حەمیدی لە کوردستانڕا هاتبوو و شەوێک لە شەوان بە تەلەفوون قسەمان لەگەڵ کاک نەبی کرد.

- کاک نەبی چۆنی؟ دەمانزانی بەهۆی نەخۆشییەکەی زۆر نازێ.
- زۆر باشم عەلی گیان، تۆ چۆنی؟ دەنگی تەواو کز ببوو.
- کاک نەبی گیان، جارێ لەگەڵ عومەر قسەبکە، دوایە من قسەدەکەم...
کاک نەبی ئەو شەوە دیسان وەکوو ماموستایەک داوای برایانەی هەبوو.
- کوڕینە! دەبێ ئەو دوو باڵەی حیزب یەکبگرێتەوە. دەبێ کار بۆ ڕزگاری ئەو کوردستانە بکەین. نەکا هەست بە ماندووبوون بکەن.....




سەرچاوە Serchawe

لەگەڵ عومەر دەستمان بە گریان کرد. کاک نەبی بۆ هەمیشە جێیدەهێشتین و داوای لە ئێمەش دەکرد نەبەزین... دەک ڕوحت شاد گەورەم. چەند ڕۆژێکی خایاند و بۆ هەمیشە ماڵاوایی کرد.

کەسی برا! هیچ دەزانی عومەریش لە وڵاتی غەریبی سەری نایەوە، هیچ دەزانی قادریش بەدەم نەخۆشییەوە پێوەندی لەگەڵ هەموومان بڕایەوە، هیچ دەزانی حیزبەکەت دوبارە بە ئازاری دوولەتبوونی دیکە تلایەوە؟

گەورەم سەری کڕنۆش بۆ هەموو گەورەییەکانت. تۆ ئەبەدییەتت بۆ خۆت دەستەبەر کرد. لە دڵماندای و ئەگەر بیست ساڵیش بەسەر کۆچتدا تێپەڕبێ، قادر و خەجیج و عەلی زۆر هەن ڕێز لە هەست و بیرت بگرن و تۆیان لەبیربێ. بخەوە ئازیز، پیاوە مەزنەکە خەوی خێرت بێ....

سەرچاوە: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦



# پێشکەش بە ڕێبەر و سەرکردەی کۆچکردوو هاوڕێ کاک نەبی قادری




**هەمزە ئاگوشی**

کاک "نەبی قادری" هەر شنۆیی نەبوو....!

مرۆڤێک تەژی لە سەداقەت...پاکی...نیشتمانپەروەری...بیروباوەڕ....

ڕێبەرێک بۆ هەموو نەسلەکان... وانەیەکی لێ فێربوون... سیمبولێکی شۆڕشگێڕی...

مندالٌ بووم کە بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی خەلیفەلیان چاوم پێی کەوت... کەواوپانتۆڵێکی شین لەبەر و ئاغابانوویەک لە سەر و جووتێ پووزەوانە و ڕەخت و تفەنگێک و هەیبەت و شان و شەوکەتێک کە هەر شیرین بوو تێی ڕامێنی. جوانچاکێک لە پشتی میکرفۆنی بڵیندگۆی مزگەوتەوە باسی لە کوردایەتی و شۆڕش و خەڵک و پێشمەرگە دەکرد، کە هەموو خەڵکی دێی بە پیر و جوان و ژن و منداڵەوە خستبووە ژێر کاریگەری خۆی. خەڵک زۆر بە ئیشتیا و بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. ئارام و لەسەرخۆ... خاکی و خەڵکی...بە لەفزێکی هێندە سادە دەدوا و قسەی دەکرد، هەستت نەدەکرد ئەوە سەرکردیەک... خوێندەوارێک یاخود مامۆستایەک بێ. وێنەی ئەو شەوەی ئەو پیاوە جوانچاکەم هەر لە مێشکدا بوو، تا ئەوەی کە یەک چارەنووس و یەک ڕێباز لێکی کۆ کردینەوە. ئیدی ئەوجار منداڵەکەی دوێنێ نەبووم. باسی ئەو مەزنە پیاوەم لە گەورەکان نەدەبیست. بۆ خۆم وەک قوتابییەک لە خزمەتیدا بووم و ئاکار و ڕەفتار و هەڵوێست و کرداریم ڕۆژانە بە چاوی خۆم دەدیت و لەگەڵ دەوروبەرەکەم پێکم دەگرتن. دەمدیت زۆر جیاوازترە.... هەستم دەکرد ئەو جۆرە سەرکردانە

دەگمەنن.... کەممان بە خۆمانەوە دیوە.... کەممان تێدا هەڵکەوتووە. ئەو هەر شنۆیی نەبوو، هەورامی بوو... ئەردەڵانی بوو.. لەک بوو... کەلهوڕ بوو....جاف بوو... موکریانی بوو.. شکاک بوو.. هەرکی بوو... جەلالی بوو.... موهاجیر بوو.... کورد بوو، پێشمەرگە بوو!

"سێرەی چاو"

لە کام ئاسۆی دوور دەڕوانی؟
لە دنیای ئارەزووەکانت،لە هەوار و جێ ژوانت، یان هەوێنی خەمەکانت؟
دەپێم بڵێ...
چاوەکانت لە کام سووچی ئەم نیشتمانە بڕیوە،
مەلی حەزت بۆ کام هێلانە فڕیوە؟
دەپێم بڵێ ئێرە کوێیە؟
سپی سەنگە،
ئاراراتە، زاگرۆسە یان شنۆیە؟
بۆچی هێندە نائارامی
لە کامە قاسید دەڕوانی؟
لەوەی جووتێ پووزەوانە و چەند چڵێ ڕەشەریحانە و
دەسرۆکەی گوڵدۆزیکراوی (خەیاڵ)ی نێو خەیالاَنت بۆ دەهێنێ،
یان ئەوەی هەواڵێکی خۆشی سەنگەری پێشمەرگەی پێیە؟

لەیادی بیست ساڵەی کۆچی دوایی هاوڕێ و مامۆستا و سەرکردەم کاک "نەبی قادری" سەری ڕێز بۆ ئەو مەزنە مرۆڤە دادەنوێنم و هەزاران سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی.

سەرچاوە: تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# بیست ساڵ دووری




**ئارام قادری**

چەند زوو ڕۆیشت ٢٠ ساڵ بە سەر نەبوونی تۆ دا، بیست ساڵ هەڵمژینی هەوای بێ تۆیی چەند گرانە، هەناسەبڕکەم دەکا. دوو دەیە سۆزت، پێکەنینەکانت، هەستت، کوردایەتیت، فرمێسکەکانت، خۆزگە و ئاواتەکانت، ئامۆژگاریەکانت، سەردا نەنەواندن بەسەر زووڵم و زۆر و ناحەقی، دا.بیری هەرهەموویان دەکەم.

ئاخ پایز

ئاخ پایزی شووم

ئاخ کاکە ئاخ بێ بابی

بیست ساڵ، بێ بەش بوون لە تۆ، لە هەیبەت و هەیکەلت، لە شیک پوشیت، لە هەموو ڕۆژێ ڕدێن تاشینت و لە کردنی حەمام بە ئاوی سارد، لە تەوازع و ڕاست بێژیت، بیست ساڵ بیست ساڵ، داخێکی لە جەرگم داوە.

سەیرکە بنەماڵەکەت، دۆستان و هاوسەنگەرانت بیرت دەکەن، یاد و بیرەوەری و وێنەکانت دادەنێن، کە تۆ نەمردووی و هەر ماوی لە ناو دڵان.

دڵە کەی ئارامی، بابە گیانم، تەنانەت بیری تورە بوونەکانیشتم کردووە، کە نێوچاوانت گرژ دەکرد لێم، یەک دوو ڕۆژ نەمدەوێرا قسەش بکەم، بەڵام دوایی بە پێکەنین و بزە و قسەی خۆش، کە "ئاغای ناردی"، تککە کەلامت بوو، دا چایەکی بێنە. دەمهێنا دەتگووت دانیشە، بۆیە وا لێت تورە بووم، کە بتوانی بەسەر تورە بوونەکانت و قسەکانت دا سەرکەوێ، ئارام و لەسەرەخۆ و بە مەنتیق قسان بکە. ئاخ دەستی شکاوم، ئاخر لێم دووری، لە لام نی تا دیسان بڵێی کورم گەورە بووی و منداڵت هەنە، دیسان بیربکەوە لە کردەوە و قسەکانت جا بیانکە ئاخ کاکە گیان، هەوێنی دڵان، سەرلەوحەی باوکان. کاک نەبی.

تۆ هەم باب بووی، هەم دۆست و برا گەورە و مامۆستا بووی، ئەوەندە بە بزە و بە ئەخلاق بووی، ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی کە هاتینە لات، بەسەردان لە گەورەدێ، حەوتوویەکمان مابوو کە بەجێت بێڵینەوە، وردە وردە تۆزی خەم و پەژارە سەرتاپای لەشمانی دادەگرت، دایکم گوتی: دە ئاغای قادری، زلەیەکیان لێدە کە لەوێ چیدی جەرگم نەکۆڵن هەر دەڵێین کاکە، کاکە گیان. بیرت دەکەین.

من چوونکوو زۆر عەجوول و هار و هاج بووم، وەبەر هاتم و زلەیەکت لێدام، هەرچەندیش زۆر ئێشا بەڵام لەبەر ئەوەی کە قەت پتەکیشت لێ نەدابووین، حەپەسابووم، نەگریانم دەهات نە پێکەنین و شڵووخی لە جێی خۆم وەکوو بزمار ڕاوەستا بووم، ١٠ ساڵیش پێچووبوو، هەر لە بیرت نەدەچوو، کە کزمە لە جەرگی هات لێمدای، دەتگووت قەت خۆم نابەخشم.
گەردنت هەزار جار ئازاد بێ کاکە گیان، خۆزگە هەموو ڕۆژ ئەو زلەیەم دەخوارد بەڵام هەر لە لامان دەبووی، سایەت لەسەرمان دەبوو!

ئاخ، دەردی هەتیووی چەند گرانە، ئاخ دەردی کۆیلەیی و داگیرکراوی چەند جەرگبڕە، ئاخ دەردی دووری لە زێد و کۆمەڵگاکەت کێو لە بن دێنێ! بیست ساڵە، سۆما برادۆست، کێلەشین و ڕەندۆڵە، بیست ساڵی ڕەبەقە، شاهۆ و قەندیل و بێستوون چاوەڕوانی هاتنەوەتن. ئای چاوەڕوانی چەندە دەردێکی گرانە هەی یاران...

شۆڕە سوارەکەی کوردایەتی و قوتابی ڕێبازی پێشەوا و ئەحمەد تۆفیق و یار و یاوەری شەهید قاسملوو، چوویە کاروانی، دیوەخانی یارانتەوە و ئێستا بەسەربەرزی دەگەڵ ئەو هەڤاڵانەت یەکتانگرتۆتەوە و لە مەنزڵگای ئەبەدیش دا، هەر سروودی کەس نەڵە کورد مردووە و کورد زیندوو دەڵێنەوە بە کوردی دەژیم و بەکوردی دەدەم وەڵامی قەبرم، لەودونیاش دیسان بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە کردووتە سەرلەوحەی مەنزڵگای ئەبەدیت! ئاخ بیست ساڵ، ئاخ دوودیەی نەگبەتی.....

سەرچاوە: تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# کاک نەبی هەروا لە دڵماندایێ.




**رەشید قازی**

کاک نەبی کەسایەتێکی ماندو نەناس، کوردپەروەر و تێکۆشەر بوو کە شێرانە لە مەکتەبی دێمۆکراتدا لەدژی زولم و زۆریەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەربەرکانی دەکرد. لە گۆرەپانی خەباتدا لە ژێر رەهیلەی ئاور و ئاسنی دوژمندا پلەکانی کادر و کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بری. لە دەردەبدەریشدا وێرای ترۆرەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرەشەکانی و نەبونی ئەمنیەت بوێرانە لە سەر ئیرادەی و پەیمانەکەی خۆی لەدژی کۆماری پەت و سێدارە سوور بوو. نەخۆشیش هەروەک دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی بۆ ساتێک دوو دلی بکات. ئەو شەو و نێوەشە بە گیان و بەدل تێدەکۆشا تا هەنگاوێک بەرەو لوتکەی سەرکەوتن نیزیکتر ببێتەوە. ئەو بەراست رۆلەیەکی کورد بوو کە کوردانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەنگاوی دەنا. هەموکات لەسەر بۆچونەکانی خۆی پیی دادەگرت و زۆر بویرانە دژی شیوازی تێکەلبونەوەی حدکا ر. ش دەگەل حدکا بوو. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو دەبی وەک دوو لایەنی خاوەن مێژوو و خەباتیگیر و بەرانبەر دانیشتنەکان و سەرنجام تێکەلبونەوە بە ئاکام بگەن. هەروەک ئەم گرفتەی دوو لایەنی دێمۆکرات دەگەلی بەرەورون حدکا ئامادە نیە ملکەچی بێ. ماوەی ٣ ساڵی کە پێکەوە هاوکار بوین بەراست هەستم کرد کە مرۆڤی وا سادق و شۆرشگێر و بە پرنسیپ دەگمەنن. شەو و رۆژ لای ئەو مانایان نەبوو و هەموکات دەرگای ماڵەوە لە پێناو شۆرشگیراندا ئاوە بوو. بە مانای ووشە ئەو کرداردا ماندو نەناس بوو.

لە کەنار ئەم زاتە مەزنەدا هیچکات ناتوانین باسی کەسایەتی خۆشناو و دلسۆزی ولات ، تێکۆشەر و ماندوو نەناس دایەخەیالی بەریز و خۆشەویست هاوسەری ئەم بەرێزە نەکەین. لە راستیدا سەرکەوتنەکانی بەرێز کاک نەبی قادری بە

پشت بەستن بەم دایکەی نیشتمان بوو. کاک نەبی بە هاوکاری و پشت بەستن بە هاوسەرە خۆشەویستەکەی توانی وا ئازایانە و قارەمانانە بە بێ دوو دڵی لەبەرانبەر درندانەترین دوژمنی سەدەی ٢١ یەکدا راوەستیە و مێژویەکی پڕ لەسەروەری بۆ بنەماڵە و گەل و نیشتمان تۆمار بکات. لە یادی ٢٠ ساڵەی کۆچی داوایی نەمر کاک نەبی دا وەک هەموو کات یادی دەکەم و لە دڵماندایە. یادی بەرز و پیرۆز بێت.

سەرچاوە: تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦



## یادێک بۆ بیست ساڵەی کۆچی دوایی کاک نەبی قادری ئەو دارەی بە پێوە مرد و دانەهات!




**کەماڵ گروێسی**

زەمان چەند زوو تێدەپەڕێ،هەردەڵێی دوێنێ بوو، لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە دۆڵەرەقە ولە ژووری کارەکەی میوانی بووم. رۆژی پێشتری لە سەرجادەی سەرەکی دۆڵەرەقە، پێکەوە پیاسەمان دەکرد، لێی پرسیم چەند لەلامان دەمێنییەوە؟ عەرزم کرد رەنگە چەند مانگێک لێرەبم. فەرمووی سبەینێ وەرە شوێنی کارەکەم لە بەشی تەشکیلات تا کارتی پێناست بۆ ساز کەین، بۆ ئەوەی لە کاتی هاتووچۆدا تووشی گیروگرفت نەبی، دەبێ کارتی حیزبت پێبێ. بەیانی رۆژی دوایی لە کاک سولەیمانی عەزیزی کە هەموو ماوەی مانەوەم لە کوردستان لەماڵیان مامەوە، پرسیاری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتم کرد و چووم بۆ لای کاک نەبی و هاوکارانی.

بەردەرکی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حەوزێکی پڕئاوی جوانی لێ ساز کرابوو. لە کانییەکەی پشت بنکەکەوە جۆگەی ئاویان بۆ هەڵبەستبوو و ئاوەکە دەڕژایە حەوزەکەوە و چەند ماسییەکی گەورەو بچووکیشی تێدابوو. لەو شاخ و دۆڵە ئەمکارە هەر لە سەلیقەی پێشمەرگە بە گشتی و کاک نەبی بە تایبەت دەوەشاوە.

لەدەرکەمدا و فەرموویان کردم. چوومە ژورێ، کاک نەبی و چەند هاوکاری خەریکی کاروباری رۆژانە بوون. دوای بەخێرهێنان و چاک و چۆنی، لێی پرسێم، وێنەی خۆتت هێناوە؟ وێنەم پێبوو دامێ و دای بە کاک ئەهوەن کە کارتی پێشمەرگایەتیم بۆ ساز کا.

دوای ئەوەی کارەکانی ڕۆژانەی تەواو بوو، لێی پرسیم، تەختەی دەزانی؟ کوتم دەزانم بیانبژێرم و مۆرەکان داکەم. تەختەیان هێناو بە زۆر یان کەم کە ئیستلاحێکی باوی دەستپێکردنی تەختەیە، دەستمان پێکرد. نازانم چۆن بوو ئەو ڕۆژە بەختم دەیهێناو زۆربەی جار ئەو خاڵانەم بۆدەهات کە دەمویست و لە ئاکامدا تەختەم بردەوە. کاک نەبی کوتی کاک کەماڵ گوتی هەر دەزانم بیانبژێرم و دایانکەم، نەیکوت وەمی خاڵ هێنانیشی پێیە! زۆر پێکەنین و کوتم کاک نەبی حورمەتی میوانی دەگرێ و لێی ناباتەوە.

دوای ئەو ڕۆژە، پێوەندیم لەگەڵ کاک نەبی پتەو و بەردەوامتر بوو. یەکێک لە خسڵەتە دیارەکانی کاک نەبی ئەوە بوو کە هەرکەس جارێکی دیبا و دواندبای، نەیدەتوانی دەستی لێهەڵگرێ و دۆستایەتییان پتەوتر دەبوو.

ڕۆژێک دەمویست بچم بۆ رانیە، لەسەر جادە راوەستابووم، دیتم ماشێنی حیزب لە سەرڕا هاتەخوارێ. کە نیزیک بووەوە، کاک نەبی لە پێشەوەی ماشێنەکەدا بوو. ڕایانگرت و شووشەکەی داداوە و لێی پرسیم بۆ کوێ دەچی؟ گوتم دەمەوێ بچمە ڕانیە، فەرمووی وەرە سواربە ئێمەش هەر بۆ ئەوێ دەچین. لە ڕانیە چووینە مەقەڕی حیزب کە ئەودەم کاک تەها کرمانج بەرپرسی بوو. کاک نەبی لە مەقەڕ ماوە و ئەمن و چەند پێشمەرگەی دیکە کە لەمەقەڕ بوون چووین بۆ نێوشاری ڕانیە.

ئێوارێ هەرلەگەڵ کاک نەبی و پێشمەرگەکان گەڕاینەوە بۆ دەفتەری سیاسی لە دۆڵەڕەقە و لە ڕێگای هاتنەوەدا لە شوێنێک کە جادەکە ڕۆدەچوو و ئەگەر ماشێن خێرایی زۆربا حاڵەتێکی هەبوو وەک هاتنەخوارەوەی چەرخ وفەلەک. لەوێ پێشمەرگەکان داوایان لە شۆفیری ماشێنەکە کرد کە توندتر لێخوڕێ و ئەویش ئەوکارەی کرد. کاک نەبی کوتی کاک کەماڵ ئێرە بە "قووڵکەی سەرهەنگی" بە نێوبانگە و کاک سەرهەنگ قادری لە تاریفی ئەو قووڵکەیەدا شتێکی زۆر خۆشی گووتوە.

شتێکی دیکە کە لە ماوەی مانەوەم لە دەفتەری سیاسی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە تێکەڵبوونی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادرو پێشمەرگەکان بە شێوەیەک بوو هەر واتدەزانی یەک بنەماڵەن و هیچ فەرق و جیاوازییەکیان لە نێواندا نەبوو. هەموو وەک کەس وکاری نیزیکی یەکتر وابوون و ڕۆژانە ڕووت لە هەر بنکەیەک دەکرد، لەگەڵ گاڵتەو گەپ و پێکەنین و قسەی خۆشی کادرو پێشمەرگەکان ڕووبەڕوو دەبووی. هەرچی هەبا پێکەوە دەخورا و بەکورتی ڕووگرژی نیشانەی بەرپرسیارەتی بەرز نەبوو.

ماڵی بەرپرس و کادرو پێشمەرگە جیاوازیی پێکەوە نەبوو، هەموویان دیواری خانووەکانیان میترێک بلوک ولەسەرووی بلوکەکەش دارو چادر و نایلۆنی لێدرابوو کە لە سەرما و گەرما و باوباران بیانپارێزێ. وێکڕا بە هەرەوز خانوویان بۆ یەکتر دروست دەکرد.

ماوەی سێ مانگ لە دۆڵی سەربەرزان لە نێو پێشمەرگەکاندا مامەوە، هەستم کرد هەموو پێشمەرگەکان ڕێزی تایبەتییان لە کاک نەبی دەگرت. لەگەڵ کاک نەبی زوو زوو یەکترمان دەدیت و جاروبارەش سەفەرمان دەکرد. جارێکیان دەبوو بەرەو لای قەڵادزێ بچێ، پێیگوتم پێتخۆشە لەگەڵم بێی؟ گوتم دێم و زوو خۆم ساز کرد، دوربینێکی فیلم هەڵگرتنەوەم هەبوو، چووم هێنام و وەڕێکەوتین. لە کلکەی کێوەرەشی ڕانیە "سەیتەرەیەکی" لێبوو،ڕایانگرتین. پێش ئێمە ماشێنێکی دیکەیان ڕاگرتبوو، خەڵکەکەیان دابەزاندبوو، پرسیاریان لێدەکردن، لە نێو ئەوانەی دایانبەزاندبوون، کوڕە جحێڵەیەکیان تێدابوو، لە بەر "عەسکەرێک" دەپاڕاوەو دەیکوت هەر ئەوەندەم ئیزن بدەن لەو کلکەشاخە تێپەڕم و ئەو دیوی کێوەرەشی ببینم، خەریکە دڵم بۆ ئەو ناوچەیە دەتۆقێ و زۆری بیر دەکەم. بەڵام عەسکەرەکە کە دیار بوو کوردە، دەیکوت نابێ و لێرە بەدواوە ناوچەی موحەڕەمەیە و کەس نابێ بەرەو ئەوێ بچێ.

کاک نەبی کوتی چاوت لێیە، ئێرە ماڵ و خاکی ئەو خەڵکەیە، کەچی ناهێڵن سەری ناوچەی خۆشیان بدەن. ئەو ناوچانە لەلایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون و لە هێندێک " ئۆردوگای" زۆرەملیدا نیشتەجێ کرابوون. ئەو دیمەنە کزەی لەجەرگی هەموومان هێناو زۆرمان پێناخوش بوو. تازە نەشدەکرا کوڕەی لەگەڵ خۆمان سوار کەین و بیبەینە ئەو دیوی کلکەی کێوەرەشی.

نۆرەی ئێمەهات و داوای بەرگەی تێپەڕبوونیان لێکردین، پێشانمان دان و مۆڵەتی تێپەڕینیان داین. کاک نەبی هەر چاوی لە کوڕە جحێڵەکە بوو و گوتی ئەگەر جارێکی دیکە تووشی ببمەوە، بە هەر لەونێک بێ دەیبەم بۆ ئەو شوێنەی دەیویست.

بەرەبەرە ماوەی مانەوەم لە کوردستان و لە دۆڵی سەربەرزان، واتە دۆڵەرەقە کۆتایی دەهات، دەبوو بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی سوئێد و درێژە بە ژیانی دوورەوڵاتی بدەم. لە سوولەیمانییە ماڵئاوایم لە کاک نەبی و باقی هاوڕێیانی حیزبی کردو بەرەو بەغدا ولەویشڕا بەرەو سوئێد گەڕامەوە.


مانگ و ساڵ تێپەڕین و کاک نەبی ماڵەکەی هات بۆ دانمارک و بووبە بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب. لە ماوەی بوونی وی لە دانمارک چەند جارێک سەردانی یەکترمان کهرد. چەند سەفەرمان لەگەڵ کاک نەبی وکاک سەعید بیگزادە پێکەوە بۆ هولەند و دانمارک و ئاڵمان کرد. کاک نەبی کاروباری حیزبی هەروەک کوردستان بە تینوگوڕێکی بێوینە لە دانمارک و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبرد، کەم کۆڕ و کۆبوونەوە هەبوو، کاک نەبی لەوێ نەبێ.

جارێک لە کۆبوونەوەیەک لە پارلمانی دانمارک وەهای باڵیۆزی تورکیە خستبووە بەر تەوژمی پرسیاران کە ببووە هۆی پێخۆشبوون و ڕەزامەندیی هەموو کوردە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە و ناڕەزایەتی جەنابی باڵیۆز.

بەداخەوە کەسانی وەک کاک نەبی دەڵێی لە چارەیان نووسراوە کە نابێ زۆر لە ناو خۆشەویستان و هەواڵنیاندا بمێننەوەو دەبێ بەرەو هەواری ئەبەدی کۆچ بکەن. کاک نەبی تووشی نەخۆشی بوو، زووی زانیبوو نەخۆشە بەڵام دڵی نەدەهات دەگەڵ خێزان و منداڵەکانی باسی بکات، ئەوەی لە سەفەرێک دا کە هاتە ماڵە من لە سوئێد و لە شاری لینشۆپینگ بە من گوت. سەڕای ئەوەی نەخۆش بوو، بەڵام شانی لەبەر کاروباری حیزبی شل نەکرد و خەریکی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی " رواندا" بوو. رواندا ئەودەم تووشی شەڕی ناوخۆیی ببوو، "هوتووەکان" و " توتسییەکان" کە دوو نەتەوەی پێکهێنەری وڵاتی رواندا بوون، بێ رووحمانە یەکتریان دەکوشت و رۆژانە تەلەڤزیۆن و رادیۆ جیهانیەکان دەنگ و باسی ئەم کوشتارەیان بڵاو دەکردەوە. زۆری پێنەچوو، نەخۆشی کاک نەبی کە هێدی هیدی لەناوەوە پێی هەڵدەزنا، پەرەیگرت و ئیدی نەیدەتوانی لە منداڵەکانی بشارێتەوە، کەس و کار و دۆست و هاوڕێیانی پێیانزانی و سەردانیان دەکرد. کاک نەبی بە ورەیەکی زۆر بەرزەوە بەربەرەکانی دەگەڵ نەخۆشییەکە دەکرد و ئەگەر لەشی وەک ورەی خۆڕاگربا بیشک بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵ دەبوو، بەڵام مخابن لەشی بەرگەی ئازاری نەگرت و مەرگ مەودای نەدا ئاوات و ئارەزووی کاک نەبی لە کوردستانی ئارام و ئازاد دا وەدیی بێ و قاقای ئاتوسا و بزەی خەیاڵێ چیدی ببیسێ و ببینێ.

رووحی شاد و یادی هەر بەرز و بەرێز بێ.

سەرچاوە: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٦



## سڵاو لە رووحی پاک و بێگەردی کاک نەبی قادری.




**عەلی هاشمی**

لەدەورانی پێشمەرگایەتیم بۆ ماوەی ٢ ساڵ کاک نەبی قادری هەم بەرپرس و هە ماموستامان بوو. تێکۆشەرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی نێو ریزەکانی تێکۆشان بوو.


کاک نەبی کەسایەتێکی بەراست ماندو نەناس و تێکۆشەرێکی شێلگیری مەکتەبی دێمۆکرات، لەدژی زۆڵم و زۆریەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەو پەری توانا تێدەکۆشا.

کاک نەبی بەرپرسی کومیتەی شارستانی پیرانشار بوو، لە نێو حیزبدا باوبوو دوای ماوەیەک لە لایەن رێبەری حیزب ئاڵو گۆڕیان پێ دەکرا، کاک سەدیق بابایی بۆ شوێنی کاک نەبی نێردرابوو، ئێمە بنکەی کۆمیتەی پیرانان لە میشەدێ بووین، لە لایەن کاک خدری میشەدێ دەعوەت کرابوون، بەڵام کاک نەبی دەگەڵ کاک سەید رەسووڵ (چکۆلە) و کاک سەدیق نەچوو بۆ ئەو میوانیە، وتی من لە ئاخیری شەوی کاری حیزبیم میوانی کۆمیتەی پیرانم. خۆشی ئەو شەوە وەسف ناکرێ، نم نم باران دەباری، تەنها دوو رۆژی مابوو(٢٨ - ١٢ - ١٣٦٢) ساڵی کۆن ماڵ ئاوایی لە ساڵی تازە بکات. بەڵام داخی گرانم دەستی چەپەڵی کۆماری ئیسلامی لەو شەوە مێژوویە گەیشتە نێو کۆڕەکەمان هەموومان دەرمانداو کراین، وەک شاعیر دەڵێن" خوناوی باران لە سەر کوڵمی خونچە لێوان دڵی هەزاران لاوی بۆ دەریای خەیاڵ دەفراند، بەڵام خوناوکی نم نمە بارانی ئەوشەوە جیا بوو لەوەی شاعیران دەیلێن، چونکە ئەو خوناوکە دەگەڵ فرمێسکی دایک و خۆشک و خۆشەویستانی پێشمەرگە تێکەڵ بوو.

**ئێستاش یادگاری کارتی پێشمەرگایەتیم بە ئیمزای کاک نەبی خۆشەویست لە لام پارێزراوە. روحی شاد و رێگای پڕ رێبواربێ.**

**ئەو پۆلە پێشمەرگەی ئەو وێنەیە دوای چارەسەری کردنمان، بە کامێرای کاک سەدیق کێشراوە.**

**سەرچاوە: تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک - رێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦**



# بیست ساڵ لەوە پێش




**شۆڕش ئەسەدزادە**

ئەوکات ئەمن کادری دەبیرخانە بووم، کە کاک "نەبی" مان بەڕێکرد بۆ دەرەوەی وڵات... هەرچەندە کاک نەبی هیچ ئاسەوارێکی نەخۆشی پێوە دیار نەبوو. وەک هەمیشە لەسەر حاڵ و شیک پۆش و، بە هەیکەل و باڵابەرز. تورت و بەهێز. دەم بە پێکەنین و قسە خۆش، بڕوایەکی زۆری بە خۆی هەبوو. هەموو شێوە کەلتورو فەرهەنگ و ئەدەبیاتێکی کوردەواری خۆمانی لە شێوەی هەڵسوکووت و گوفتارو سەرو سیمای خۆی دا دەنواندو کوردێکی عەیار بیست و چوارو ساغ و ساف و سادە بوو لەگەڵ هەموو کوردێکی بە شەرەف.

لەگەڵ دوژمنیش. سەخت و قاییم بوو وەکوو " قەندیل " و " هەڵگورد " . بیست ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ. کاک نەبێ دوا هەناسەکانی ژیانی دەکێشا.


بە شاهیدی هاوڕێیانی لە نەخۆشخانە، هەتا دوایین هەناسەو دوایین تەپەی لێدانی دڵە گەورەکەی. لە جیاتی هەموو وەسیەتێک.

تەنها سرودی نەتەوایەتی دوژمن شکێنی" ئەی ڕەقیب "ی دەخوێند. زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان ئاخرین ڕستە بوو کە بۆ هەتا هەتایە لە گەرووی شێرانەیدا مایەوەو لەگەڵ چاوە پڕ لە هیواو ئاواتەکانی بە بزەیەکی شۆڕشگێڕانە ماڵئاوایی لە هەموو کادرو پێشمەرگەو سەرتاسەری خەڵکی بە شەرەفی کوردستان کرد...

ڕۆحت شادو ڕێگات هەر بەردەوامە... دیسان سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان وهاوڕێیانی و بنەماڵەی بەڕێزیان

دەکەم ...

سەرچاوە: تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦



# یادی کاک نەبی قادری لە دڵما زیندوە!




**سلێمان عەزیزی**

بۆ هەوەڵین جارساڵی ١٣٦٠ لە تالاو( یەک لە گوندەکانی شامات ) لە ماڵی سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی چاوم پێی کەوت، پێشمەرگەیەکی شۆخ و بە سەر زیندوو چاو پڕ لە هومێد. کە چاوم لە هەستان و دانیشتن و ئاخاڤتنی دەکرد، هەر دەتگوت دەوڵەتدارە، ئەوەی بۆی گرینگ نەبوو و نەدەهاتە بەرچاوی، ئەو ڕێژیمە داگیرکەرە بوو کە قۆڵی وەدەرنانی لێ هەڵماڵیبوو ! دیارە ئەو دیدارە تەنیا لە چوارچێوەی چاو پێ کەوتنێکی چەند کاتەژمێری دا بوو! دواتر لە سەروبەندی کۆنگرەی ٨ دا و لە ناو کۆنگرە دا چاوم پێی کەوتەوە ! کاک نەبی وەکوو زۆر تێکۆشەری دیکە، لە فیلتەری لیستەی فیکس (ئامێر وکەرەستەی پاڵ پێوەنان) دا نەهاتە پاڵاوتن، بۆ... ؟ لە بەر ئەوەی بە خیرەت و خۆ نەویست بوو، بۆ گەل دەستی دابوە چەک، پلە و پایە لای ئەو مرۆڤە، تەنیا ئەرک بوو نەک روتبە و مقام. لێی نەدەوەشاوە داردەست و دەروێش و ئاڵقە بە گوێ بێ، بێزار بوو لەو ڕەوشتە نزمە! پێم خۆشە دۆستەکانی کاک نەبی لەم بارەوە، لە کاتی باس کردنی، مافی خۆی پێ بدەن... ! کاک نەبی تا دوا هەناسەی ژیانی، لە پێناو تێکۆشان بۆ ڕزگاری گەلەکەی، خۆی بە لێپرسراو دەزانی و بە هەق نیشانیشی دا. بەڵێ ئەو بۆ گەل ژیا و لە پێناو گەل دا گیان و ژیانی بەخت کرد. بە خۆشییەوە بۆ چەندین ساڵ لە ناو حیزب دا (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆرشگێڕ)، لە یەک کومیسیۆن وەکوو هاوکار لە خزمەتی دابووم، یادی کاک نەبی، بەرز و بەڕێز بێ !

سەرچاوە: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# دیسان هەر خۆشم دەوێی.




ئارەزوو قادری

پێشکێش بە باوکم.

دەزانم لەلام نی،

دیسان هەر خۆشم دەوێی.

پشتێک نیە پاڵ پشتم بێ،

بەس هەست بە گەرمای بونت دەکەم،بۆیە هەر خۆشم دەوێی.

شانەکانت چیدی لە لام نیە کە لە ژیان ماندوو بوم سەری وێ کەم،

دیسان هەر خۆشم دەوێی.

ئەوکاتانەی بیری دیدارت دەکەم و دەزانم ناتوانم بت بینم،

دیسان هەرخۆشم دەوێی.

کاتێ بیری دەنگت دەکەم یا پێکەنینەکانت،

دەزانم تازە خەوە و خەیالە،

دیسان هەر خۆشم دەوێی.

کاتێک دڵ تەنگم و

پەرێشان و دڵشکاوم،

باوەشت بۆ ئارامی رووحم پێویستەو دەشزانم نیمە،

دیسان هەر خۆشم دەوێی.

بابە گیان:

هەموو ژین وو ژیانمی

هەستمی،

ئەقڵوو هۆشمی،

دین وو دنیامی،

قیبلەگای منی،

خودای منی...

دەزانم لەهیچ جێگایەک تۆم نیە و دڵنیاشم بەو نەبوونێەت،

وەک خوا پەرەستێکی باش

ئیمانم پێت هێناوە

روو لەهەر جێگایەک بکەم لەوێیوو ئەوێ قیبلەی منە.


بۆیە دیسان دەڵێم خۆشم دەوێی بابە گیان

دەم هەوێ بڵێم بیست ساڵ لە کۆچت تێپەری ....

لەخۆشەویستیت کەم نەبۆتەوە و دیسانیش هەر بیرت دەکەم .

کچت ئارەزوو

سەرچاوە دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



# سوپاسنامەیەک لە هاوسەری "نەبی قادری"یەوە



**بەناوی خودای گەورە و مەزن**

**خۆشەویستانم، سڵاوتان لێبێ.**

**هەموو ساڵێ، کە مانگی یازدەی زائینی بەرەو تەواو بوون دەچێ، خەم و پەژارە، گشت هەناو و جەستەم داگیر دەکا، سەرتای مانگی دیسامبر کە دێ، هاوژینم، بابی منداڵەکانم، ئامۆزای لە دەست چووم زامی لەدەست دانی زیاتر خەمبارم دەکا.**

**سپاسی تاک تاکی ئێوە هاوسەنگەران و دۆستان و بنەماڵە و خزم و کەسانی دەکەم کە هەموو ساڵێ و یادی دەکەنەوە و بە تەلەفوون و نوسین و دانانی وێنەی کاک نەبی، سەبووری دەخەنە دڵمان و بە شکردنی خەمو پەژارە بۆ لە دەست دانی ئاغای قادری زۆرتر لە ڕێ و ڕێبازی ئەو سورترمان دەکا، سەرمان بە ئێوە خۆشەویستان و ئازیزان بڵێندە.**

**داوا لە خودای دەکەم کە تەمەنی ئێوە هەڤاڵان و دۆستان و هاوسەنگەرانی درێژ بکا خوا لە برایەتی و دۆستایەتیتان کەم نەکات.**

**با ئەووەی چەند ساڵە دەدڵم دایە و هەڵم نەڕشتووە لەو چەند دێڕەی خوارێ دا بۆتانی باس بکەم!**

**ئازیزانم!**

لەوەتی وەبیرم دێ و فامم کردووە، بە هۆی ئەوەی کە لە بنەماڵەکەی خۆش نێو و نێوبەدەر بووین و هەستی کوردایەتی زیاتر بەسەر عەشیرەتەکەمان دا زاڵ بوو، هەتا هەستی ئاغایەتی و ڕەعیەتی دا، تەمەنم زۆر منداڵ بوو، حەوت یان هەشت ساڵم بوو، بۆیە ئەو سەحنەیەم چاک لەبیرە کە هێشتا ماڵمان لە سۆفیان نەهاتبووە شاری، بەڕەحمەتی بی بابم پیاوێکی جوان چاک و باڵابەرز و لێوبەبزەی دەگەڵ بوو، دووبەدوو دەهاتن، بانگی کردم خەیاڵ وەرە، منیش دەگەڵ خوشکە گەورەکەم، خوشکە شاشان و کچانی دێ، تازە قومارمان خۆش کردبوو و لیباسی کوردیم دەبەر دا بوو، پشتێند شۆڕ ببۆوە لەدووم دەخشا، لە نیوەی دا بەجێم هێشت و بەرەو پیلی بابم و ئەو جوان چاکە چووم.

بابم منی بردەوە ژووری، چەند کوتە کاخەز و یەک دوو دەمانچەی دەبەر پشتێندی نام و گوتی دەگەڵ ئەو ڕانە مەڕەی ماڵە فلان کەسی بچوو ببە بێری هەتا خۆم بانگت نەکەمەوە نەیەوە. منیش گوتم باش، باشێک بە نابەدڵی و زۆری بوو و چووم.

سەرتان زۆر نەیەشێنم، ژاندارم هاتن و لە دوورەوە چاوم لە ماڵەکەمان بوو، گەڕان و هیچ شتێکیان نەدۆزیەوە و ڕۆیشتن، بابم هات بانگی کردم و ئەو کوڕە جوان چاکە ئەولا ئەولای ماچ کردم و دەستی بەسەرم داهێنا و مورووەکی جوان و ڕەنگاوڕەنگی دامێ، شتەکانیان لێکردمەوە و ئەو مورووەم دی دەتگووت دونیایان دامێ، یەک دووجاری دیکە ئەو مامەیەم دیتەوە( بابم گوتی پێی بڵێ مامە)، هەرجارێ دەهات بووک و موروو دەسحێب و شتی بۆ دێنام. دوایی نەمدیتەوە.

کە گەورە بووم مێردم کردبوو جا بابم پێی گوتم کە ئەوە شەهیدی سەرکردە ئەحمەد تۆفیق بوو. مێردم بە ئاغای قادری کرد، زانیم ئەویش هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری هەیە، و زۆر ڕێز لە ژن و دەوروبەری دەگرێ، زیاتر خۆشم ویست و حەسامەوە.

**بەڕێزان،**

ئەورۆ ٢٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەو زاتە دا تێدەپەڕی، زەمانی شا و زەمانی خومینیش و تا کۆچی دوایی و ئێستاش دوایی نەبوونی ئەو بە ناشکوری ناڵێم لە ژیانمدا نەحەساومەتەوە و دەیان دەربەردەری و کوێرەوەریم بە چاوی خۆم دیووە، بەڵام هەرهەموویم بە سەربەرزی و شانازی قەبووڵ کرد.

چونکوو ئەو هەموو کوێرەوەریە و شەونخوونیەمان بە شیاو زانی کە لێمان ڕوون و ئاشکرا بوو نەتەوەکەم بە نێوی ئاین و نژادەوە قەلاچۆ دەکرێ و من و ئاغای قادری پێمان لە سەد کۆشک و تەلان و ماڵی دوونیا گەورەتر بوو کە دەخۆشی و ناخۆشی نەتەوەکەمان دا بەشدار بین و نرخ بدەین باشترە لە سەرشۆڕی و سەر دانەواند.

بەڕێزان با بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا قسەتان دەگەڵ بکەم، ئاواتەخواز بووم لە یادکردنەوەی بیست ساڵەی لەدەستدانی هاوڕێ و هاوژینم، بە دڵێکی خۆش و دووبارە بوونەوەی لەدەست دانی ئەو بە یەکگرتوویی حیزبەکەی سەبووری بە خۆم و ماڵ و منداڵ ڕووحاناتی کاک نەبی سارێژ ببا، بەڵام بەداخەوە لەو پەرش و بڵاوی و لەتبوونەی حیزبەکەی لەدەستدانی ئەو خۆشەویستەمی نەک هەر سارێژ نەکرد بەڵکوو دیسان بۆم نوێ بوویەوە.

لەمنی مێرد مردووەک، یان بیوەژنێکی پێنج جگەرگۆشەی ئەوم بە هەموو نەهامەتی و بەدبەختی بەخێو کردووە، گوێ لە ئاه و ناڵەی من و هەزاران بنەماڵەی شەهیدی وەکوو من، کە مێرد و کوڕ وکچ و خۆشەویستیان لە دەست داوە، داواتان لێدەکەم بۆ خاتری خودا بۆ خاتری خوێنی شەهیدان، لەکەری شەیتانی وەرنە خوار، چیدیکە دوژمنان و نەیارانمان پێ خۆش مەکەن و بەسە ئەو حیزبە چیدیکە لەت مەکەن و کورد لەوەی زیاتر کە خۆی بەدبەخت و هەژارە زیاتر هەژارتری مەکەن.

دەبا بۆ جارێکیش بێ دوایی زیاتر لە دەساڵ لێکدابڕان، بە فرمێسکی شادی و هەنیسکی خۆشی جێژنی یەکگرتنەوە بگرین، وەڵڵا بیللا بەرپرسیارن لە خوێنی شەهیدەکان کە ئاوا لەو حیزبە داماوەیان دەکەن و بە شەهیدەکان سەرمان بڵیند بوو، بە ناشکوری ناڵێم ئەوانیشتان بەش کرد

**بەسپاسەوە خەیاڵ قادری**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢ی دیسامبری ٢٠١٦ی زائینی (دانمارک)**



# بە یادی پێشمەرگە و تێکۆشەر کاک نەبی قادری




**هیوا گوڵ محەممەدی**

هاوینی ساڵی ١٣٦٣ بەشداری دەورەی کادری حیزب بووم و لە کوتای دەورەکەدا ڕەوانەی دەفتەری سیاسی کرام بۆ فێربونی بەکار هێنانی بێسیمی دوورمەودا (ڕاکاڵ). یەکێک لە کولتورە باشەکانی حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کە هەموو لە یەک شوێن و هەمان خواردنیان ئەخوارد.

دەفتەری سیاسی چێشتخانەیەکی هەبوو لەگەڵ سالونێکی نان خواردن و لە کاتی نیوەڕۆ و ئێوارە دا لە سکرتیرەوە بگرە تا بەرپرسانی کارەبا و سادەترین ئەندامی حیزب لەو چێشتخانەیە دا بە ڕیز خواردنیان وەردەگرت و دەخوارد. ئیتر زور ئاسایی بوو کە من لە پێش دوکتور قاسملوو ، یان دوکتور سەعید یان هەر ئەندامێکی دیکەی کومیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسیەوە لە سرەی خواردن ڕاوەستم و خواردن وەرگرم.

ڕوژێک دوای نان خواردن بەڕیوەبووم بۆ ژوورەکەی کاک دوکتور حسەین خەلیقی کە ئەو کاتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو و دەرگایماڵەکەی بە ڕوی هەموو ناسیاو و نەناسیاوا کراوە بوو، تووشی کاک دوکتور سەعید، کاک ئەحمەدی شێربەگی و چەند کەسێکیتر بووم کە زوربەیانم نەدەناسی.

کاک دوکتور سەعید پێی وتم لەگەڵ بەرپرسی نوێی ناوەندی ئاژوانا یەکترتان بینیوە؟ وتم نەخێر، بە بزەیەکەوە وتی: خۆت ئامادە بکە لەگەڵ کاک نەبی قادری و کاک بابا عەلی مێهرپەروەر دا بگەڕییەوە.

لای ئێوارە بۆ وەرگرتنی هەزینەی سەفەر چووم بۆ لای کاک سیامەند شێخ ئاغایی، لەوێ کاک نەبی قادری م بۆ یەکەمجار بینی. مروڤێکی زور گەرم و ڕوح سووک و بێ فیز و گزە بوو، ئەوەندە بە گەرمی وەری گرتم ،وام هەست ئەکرد کە ماوەیەکی زورە یەکتر ئەناسین.

دوای یەک دوو ڕۆژ کاروانەکەمان ئامادە بوو و سەرەتا چوینە شاروچکەی ماوەت و لەویوە بەرەو سنورە دەسکردەکەی نێوان باشور و ڕوژهەڵات لە دەڤەرەی بانە وەڕێ کەوتین، ئێوارە درنگانێک گەیشتینە بنکەی کومیتەی شارستانی بانە کە کاک غەفور هەمزەیی بەرپرسی ئەو کومیتەیە بوو. بۆ بەیانیەکەی نیگابان بانگی کرد پۆلە پاسداریک بەرێوەن بەرەو ئەو ناوەی لێی بووین، ئەو پێشمەرگانەی چەکیان پێ بو بەرەو شوێنی ئاماژە پێکراو ڕوشتن و منیش یەکیک بوم لەوانە، لە نیوەی ڕیدا بوین کە وتیان بگەڕینەوە، بۆ ئێرە نایەن و نابێ تەقەیان لێ بکەن چونکە بنکەکانی کومیتەی شارستان ئەدەنە بەر توپ. لە کاتی گەڕنەوەدا بۆ بنکەکان کاک غەفور زور بە تورە بونەوە پێشوازی لێ کردین و چەند قسەی ناشیرینی کرد کە بوچی ئێمە سەرەڕویمان کردوە و بنکەی کومیتەی شارستانمان ئاشکرا کردوە و لەوانەیە بدرێینیە بەر تۆپ، پێشمەرگەکانی دیکە بێدەنگ بون و چونەوە ناو بنکەکان بەڵام من وەدەنگ هاتم و بە کاک غەفورم وت مافی نیە بێحورمەتیمان پێ بکات ئێمە پێشمەرگەین و وتویانە پاسدار هات دەبێ بچێن پێشیان بگرین، کاک غەفور لە منیش تورە بو وتی: تۆ بە بستێ باڵاوە پێم ناڵێی چکارەی وا دەمت هێناوەتە پێش، لە کاتی ئەو دەمەقالێیەی من و کاک غەفورا کاک نەبی پەیدا بو و بە کاک غەفوری وت: ئەوە پێشمەرگەی هیزی بیستونە و چۆن دڵت دێت لێی تورە دەبی و بە منی وت بچورەوە لای ڕەفیقەکانت و لەگەڵ کاک غەفورا چونەوە بۆ بنکەکەی خۆیان.

زوری پێ نەچوو ن پێشمەرگەیەک هات و وتی: کاک غەفور بانگت ئەکات، کە گەیشتمە لایان، کاک غەفور هەستا و ئەملا و ئەولای ماچ کردم و لە ناوبەری خوی و کاک باباعەلی دا دایناـم. کاک بابا عەلی وەک هەموو جارێ پیی وتم: بابە گیان، نابێ لە خورا دەرچن بەملاو ئەولا دا ئێمە سەفەرین و دەبێ لێک دانەبڕدرێین.

کاک نەبی قادری بەژنێکی وەرزشی بە خووەی هەبوو کە جامەدانەی بە فورمی دەڤەری شنۆ ئەبەستەوە و قژی شوڕ بو، زیاتر وەک هونەرپیشەی فیلمێک ئەچوو کە بۆ باسی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک دەور دەگێڕێ، بەڵام کاک نەبی نەک بە فیلم بەڵکو بە کردەوە ئەرکی شورشگێرانەی نەتەوەیی بە جی دەگەیاند.

کاک نەبی روی لە کاک غەفور کرد و وتی: ئاخر ئەمە نەمونەیەکی بچکولەی هیزی بیستونە بویە ئەوەندە قارەمانانە هەموو ڕۆژێک عەمەلیاتێک بەرێوە ئەبەن، دانیشتوان بە تێکرا بزەیەکیان دا بە روی منا.

تا دەهات هەستم بە نیزیکایەتی کاک نەبی دەکرد و ئەویش خۆی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی



سەرچاوە
Serchawe

ئاژوان نیشان نەدەدا و سەرەڕای جیاوازی تەمەن بەردەوام وەک ڕەفیقێک هەڵس و کەوتی ئەکرد وئەوەش تایبەت بە من یان کەسێکی دیکە نەبوو بەڵکو لە ڕوحیێکلی وەرزشی و خاوینەوەی سەرچاوەی دەگرت.

دوای ئەوەی چەند شەو لە لای کومیتەی شارستانی بانە میوان بوین بڕیار درا کە دەبێ ئێوارەیەکیان وەڕی کەوین و دەبوو ئەو شەوە بگەینە گوندی "وشترمل" کە لە نیزیک شاری بانەیە بەڵام تا ئەوکاتە پێگەی هیزە داگیرکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی لی نەبوو، ریگاکە دوور و پڕ مەترسی بو بەڵام ئیرادەی پێشمەرگانە لەو سەردەمەدا گرینگی بەو شتانە نەدەدا و بە بڕیارەوە ئەوەی ئیرادەی بۆ بکردایە بە جێی دەهێنا.

لەو ماوەیە دا نازانم چ هۆکار بو کە من خوێنی لوتم بەر دەبوو، ئەو شەوەش لە ناوەڕیدا جاریکیتر خوێنی لوتم بەر بو، کاک عەلی کەس نەزانی کە هەر بە گەنجی سەری سپی ببو و پێمان ئەوت عەلی سەرسپی بە فریامەوە هات و یارمەتی دام و دەم بە دەم بە سەفەکە ڕاگەیندرا کە ڕاوەستن.

کاتێک هەموو وەستان و پشویەکمان دا، کاک نەبی جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەستی من و تی، وەرە سوار بە، هەرچەندە هەوڵم دا قەبوڵی نەکرد و وتی ،ماوەیەک سوار بە بۆ ئەوە بحەسیتەوە و خوێنت لەبەر ڕوشتوە بێ هێزی، بە شەرمەوە قەبوڵم کرد و ئیتر کاک نەبی تا ئەو کاتەگەیشتینە گوندی "وشترمل" ڕازی نەبوو من دابەزم.

بە گشتی لەو سەفەرە دا بیرەوەری خوشمان بۆ دروست بوون کە قەت لە بیریان ناکەم و بەڕاستی کاک نەبی و کاک بابا عەلی وەک منداڵی خۆیان هەڵسووکەوتیان لەگەڵمان دەکرد و لوتفێکی زوریان لەگەڵ مندا هەبوو.

سەرئەنجام گەیشتینەوە ناوەندی ئاژوان کە لە پشت گوندی "نرگسەڵە" لە ناوچەی دیواندەرە و لە بناری کێوی "دوو برا" بارگەیان دانابوو.

دوو حەوتو دوای ئەوەی گەیشتینەوە ناوەندی ئاژوان سەرلەبەیانییەک زوو بە دەنگی تەقە وەخەبەر هاتین. دوژمنی داگیرکەر شاخەکانیشی بە ئازادی تەحەمول نەدەکرد و هێرشیان کردبووە سەرمان و پێشمەرگەکانی کەمین پێیان زانی بوون و وەبەر دەسرێژیان دابوون و شەڕ گەرم بوو.

لەو کاتە ناسکە دا کاک نەبی زور بە ئاسودەیی و خوێنساردیەوە بەسەر گروپی پێشمەرگەکان دا دەگەڕا و ئاگاداری ئەکردنەوە کە بە ورە بن و لەسەرەخو بن و دەبێ دوژمن تێک بشکێنین. ئەو کردەوەیەی کاک نەبی وایکرد کە هەموو

پێشمەرگەکان ورەیەکی بەرزیان هەبێ و لە ئەنجاما دوژمن بە سەرشۆڕی تێک شکا.

ئەو دیمەنانەی کاک نەبی قەت لەبەر چاوم ون نابن کاتێک لەو بەرەبەیانە زووە دا بەو قەڵافەتە وەرزشکارانەیەوە دەست بە چەک دەهات و دەچوو و ئامادەی خۆی دەربڕی کەبچێتە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەڵام ڕیگری لێکرا و بەردەوام ورەی ئەدا پێمان و دڵنیای ئەکردینەوە کە دوژمن ئەشکێ. ئەمە بە گێڕانەوە ئاسانە بەڵام بۆ کات و سەردەمی خۆی ئاسان نیە و حاڵ و هەوایەکی تایبەتی هەیە.

لە ساڵی ١٣٦٣وە کاک نەبی قادریم ناسی و شانازی بەو ناسینەوە ئەکەم و هیچکات مەرگی کاک نەبیم بۆ قەبوڵ نەکراوە لەبەر ئەوە ئەو لە مردن گەورەترە و بیر و بیرەوەریەکانی بەردەوام دەژین و زورن ئەو کەسانەی وەک من لە ناسیاوی لەگەڵ کاک نەبی دا شانازی دەکەن و قەت باوەر بە مردنەکەی ناکەن، ئاخر چۆن ئەو قەڵافەتە کیو ئاسایە ئەکرێ بچەمێتەوە.

یادی کاک نەبی بەرز و بەخێر و هیچکات لە بیری ناکەم و هەموو کاتێ بە ڕیز و خوشەویستیەوە باسی ئەکەم و بە بیری دێنمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



## کاک نەبی هەم ئامۆزا بوو، هەم شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەر




**سەرهەنگ قادری**

حەڤدە ساڵ لەمەوبە ر دڵی پڕ لە هیواو ئۆمیدی شۆرشگێری ماندوونەناسو نیشتمانپەروەر واتە کاک نەبی ئەندامی کۆمیتە ی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لێدان کەوت و خەمو پەژاریەکی قووڵو گرانی خستە سەر دڵی هاوسەنگەران، دۆستانو ڕەفیقانی.

کاک نەبی لە ساڵی ١٣٦٠هەتاوی لە کۆنگرەی پێنجی حیزب تا کاتی وەفاتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە دەستچوونی کاک نەبی خەسارێکی گەورە بوو، بۆ گەل و نەتەوە بەگشتیو بەتایبەتی بۆ حیزبی دێمۆکرات. هەزاران سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی و کرنۆش دەبەم بۆ گڵکۆکەی.

ئەم گەورە پیاوە لە هەموو ژیانی سیاسی تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری بەکردەوەو بەقەڵەم لە خزمەت گەلەکەی دابوو ساتێ نەسرەوت. زۆربەی ئێمە دەزانین کە ئەم شۆرشگێرە بۆ هەموو مەئموریيەتەکانی حیزب ئامادە بوو و قەت نەیگوت نا، هەر لە کۆمیتەی ئاژوان را تا شیمالی کوردستان ئەرکی حیزبی بەرێوە دەبردو هەموو ئەرکە مەترسیدارەکانی بە گیانو دڵ قبووڵ دەکرد.

لە ماوەی ژیانی حیزبی دا بەرپرسی زۆربەی کۆمیتەی شارستانەکان بوو. هەر بۆیەش هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات کاک نەبییان دەناسیو خۆشیاندەویست. کاک نەبی هاوسەنگەرانی وەک رەفیقێکی موتەوازعو دڵسۆز رەفتاری دەکرد قسەی ناحەقی لەهیچ کەس و لە هیچ مەسئولێک قبول نەدەکردو قسەکانی خۆی بەراشکاوی دەکرد و ئەبەدا لامە لامەی نەدەزانی.

باوەر بە خۆ و لە سەر پێی خۆی ژیانی دەکرد. کاتێک دەفتەری سیاسی مەئموورییەتی دایە بە هەیئەتێک بچێتە شیمالی کوردستان لەگەڵ سەننار مامێدی وتووێژ بکاتو هێز خەباتکارێکی پاک بوو، سەداقەتی هەبوو، ئازاو بە شەهامەت بوو. لە حالێکدا کە لەگەڵ سازمان دانەوە، ئێمە نزیکەی ٨٠ کادرو پێشمەرگەی هاورێی هەیئەت بووین. کاک نەبی ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو. دیارە هەیئەتی دەفتەری سیاسی بریتی بوون لە کاک فەتاحی کاویان وەک بەرپرسی هەیئەت، کاک نەبی قادری وەک بەرپرسی تەشکیلات منیش بەرپرسی نیزامی. رێگا دوورو درێژ بوو و بە دەیانو سەدان پایگای دوژمن لە ناوچەکانی سندوس، شنۆ، دۆڵی تەرگەوەرو مەرگەوەرو دەشتی ناوچەی ورمێ دانرابوون. لەو ماوەیەدا کاک نەبی تەنانەت جارێکیش نەیگوت ماندووم، برسیمە، بەڵکوو بە کادرو پێشمەرگەکانی دەگوت رۆژانی دژوار بەسەر دەچن رۆژانی سەرکەوتنو سەرفرازی لە رێگادان کورینە نارەحەت مەبن، گەلی کورد چاوی لە پێشمەرگەو حیزبە کە رزگاری بکات. بەم شێوەیە رووحیەی دەدا بە هاوریانی.

جارێکی دیکە هاوخەمی خۆم لەگەڵ بنەماڵەو هاورێیانی بەش دەکەمو هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک نەبی قادری، ئەم رۆڵە خەباتگێرەی کە قەت لە بیری میللەتەکەی ناچێتەوە دەنێرم.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣



## کاک نەبی بە خێرهاتی




**مامۆستا بێبەش**

ئەمشەو درویشانی خانەقای عیشق و ئازادی لە دەوری بیرەوەریت زکرێ. سەرماوەزە و ئەمشەو سەرما لە بەرانبەر تینی دڵی ڕێبوارانی ڕێگەکەت دا بەچۆک داهاتوە و چی لە دەست نایە. ئەمنیش ئەمشەو هەر لە ئێوارەوە کە خۆر چەپکە تیشکەکانی کۆکردنەوە و لە ئەنگۆرێ ئاوا بوو. بڕیارم دا بە شانەی وەفاداری زوولفی کیژی هەست دابنێم و بۆ دەیەمینساڵی چاولێک نانت کۆڕێ یادی پێ بگرم. ئاخر تۆ بووی بە پشتی نەوەستان سینگی ڕێی خەباتت کوتا و تەختت کرد، ئاخر تۆ بووی بە شمشیرە تیژەکەی باوەڕ سینگی بێ باوەڕییت شەق کرد، بە راسانت دژی کوردت هەراسان کرد. کوردستانت لە ناوی پیرۆزت پڕ کرد.

ئەمشەو گەڕام هەتا ناوێک بدۆزمەوە
تیشکاوێژ بێ وەک چاوانت،
بە هەیبەت بێ وەکوو باڵات،
روون بێ وەک بیرو باوەڕت،
هەتا بڵێم
هەر ئەو ناوا ناوی تۆیە.
تەنیا یەک وشەم دۆزیەوەو
زانیم پڕ بە باڵای تۆیە
ئەویش وشەی پێشمەرگەیە.
تۆ پێشمەرگەی
تا کورد هەبێ تۆش نامری و

هەر دەمێنی.
وا دێ و گەلت جەژنی هەرمانت
بۆ دەگرن
لە٢٦ی سەرماوەز
دێیەوە کۆڕی یارانت
بە چاوانی پڕ لە تیشک و
بە قەندیلی بالاتەوە
بە پیرۆزیی باوەڕی روون
بە دونیایەک ئاواتەوە
کاکە نەبی بەخێر هاتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١١




# چەند وتەیەک: عەبدوڵڵا حەسەن زادە




لەسەر ڕەحمەتی کاک نەبی قادری بیرەوەریی زۆر شیرینم ئەوەیە وەختێک زانیم نەخۆشە دەگەڵ ئەوەی جاریَ وتووێژەکانمان دەستیان پیَ نەکرابوو تەلەفونم بۆ کردو ئەحواڵم پرسی. هەرچەند دیار بوو زۆری پیَ خۆش بوو، بەڵام هەموو کاتی تەلەفونەکەی بەوە گوزەراند کە داوای کرد کارێک بۆ چارەسەی ئەو لێکدابڕانە بکەم. بەڕاشکاوی و باوەڕەوە گوتی ژیان و مەرگی من ئەوەندە گرنگ نیە، گرنگ ژیان و قازانجی حیزبەکەمان و میللەتەکەمانە. ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی دڵسۆزی و مایەی شانازی بوو.

نۆڤەمبەری ٢٠١١



# کورتەیەک لە ژیانی نەبی قادری



**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**کاک نەبی قادری. لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ز) لە گوندی سوفیان - ی سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی مامەش لە دایک بوو لە باوەشی گەرم و پڕ لە هەستی کوردایەتی دا گەورە بوو و هەست و بیری بە ئاوی پاکی نیشتمانپەروەری و گەل دۆستی پەروەردە بوو.**

**خوێندنی سەرەتایی لە شاری شنۆ تەواو کردو لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦٠) چوو بۆ (دانشسرای مقدماتی) لە شاری ورمێ و، دوای تەواو کردنی سەرکەوتوانەی ئەو ناوەندە ئامووزشی یە لە شنۆ بوو بە مامۆستای قوتابخانە و، هەر لەو شارەش لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦١ز) دا بە نهێنی بۆ بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پاش ماوەیەک بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ تاران و لە زانستگەی گەورەی ئەو شارە دەرجەی لیسانسی لە رشتەی جوغرافی دا وەرگرت و، سەرلە نوێ گەرایەوە بۆ شارەکەی و، کاری فەرهەنگیی خۆی لە تاکە دەبیرستانی ئەو شارە درێژە دا.**

**لەساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦) دا شووڕای شاری شنۆ ئەو رۆڵە پاک و ئەمەگناسەی وەک شارەداری شار هەڵبژارد، بەڵام کاک نەبی کە لە شێوەی بەڕێوە چوونی دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان بە تەواوی بێزار بوو زۆر زوو لەو کار خۆی کێشایەوە**

و بۆ خزمەت بە منداڵانی کورد گەڕایەوە سەر کاری پەروەردە و فێرکردن.

بەدەست پێی کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کارو تێکۆشانی حیزبی کاک نەبی لە شێوەی نهێنی هاتەدەر و گورو تینێکی بەرچاوی پەیدا کرد.ئیمانی پتەو بە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزب و هەوڵ تێکۆشانی بێ وچانی لە لایەک و پاکی و دروستی و فیداکاری و لە خۆبردوویی بێ هەر چەشنە چاوەڕوانی یەکی ئەو رۆڵە هەڵکەوتووەی گەل و حیزب لە لایەکی دیکەوە بوون ئەو کە لە چەند ساڵی هەوەڵی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دا، لە شنۆ، نەغەدە، پیرانشار و شیمالی کوردستان ئەرک و بەرپرسایەتی حیزبی بەڕێوە برد بوون.

ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی (١٩٨٠) ی زایینی کاک نەبی یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی دەفتەری سیاسیی بوو کە بە سەرپەرستی کاک فەتتاح کاویان ئەندامی دەفتەری سیاسیی و کاک سەرهەنگ قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کربوون.

* کاک نەبی دوای کۆنگرەی پێنجەمی حیزب ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ (٦ی دێسامبری ١٩٨١) ی زایینی لە گوندی شێوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت کە لەو دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی نەغەدی پێ سپێردرا .

* کاک نەبی لە کۆنگرەکانی ٦ و ٧ کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ (٢٢ی جانێویری ١٩٨٤) لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان و ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ (١٧ی دێسامبری ١٩٨٥) لە کوندی کانی مێو لە باشووری کوردستان جاریکتر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

کاک نەبی لە ساڵەکانی ٦٣، ٦٤، ١٣٦٥ هەتاوی (٨٥، ٨٦. ١٩٨٧ز) ی زایینی دا لە ناوچەکانی باشووری (جنووب) رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەقزەوە تا هەورامان. هەموو توانای خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد.

* کاک نەبی بەهاری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (١٩٨٧ ز) لە فێرگەی سیاسیی - نیزامیی حیزب تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا. وێڕای مامۆستایەتی لە فێرگە دا، ئالقەی پێوەندیی نێوان یەکیەتیی لاوان و فێرگەش بوو و لە هیچ رێنوێنی، ئاموژگاری و هاوکارییەکی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان کەم تەرخەمی نەدەکرد. لەگەڵ ئەو کارانەشی دا خەریکی دوا دەستێوەردانی وەرگێڕاوی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی هوشی مین بوو کەلە مێژ بوو کردبووی بە کوردی. ئەو بۆخۆی نموونەیەکی زۆر زێندووی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بوو کە چی لە کتێبان دا بۆی دەگەڕا!

* کاک نەبی دوانیوەڕۆی ١٠ی بەفرانباری ١٣٦٦ هەتاوی (٣١ی دیسەمبەری ١٩٨٧) لە گۆڕایی یەکی نێوان (بۆڵێ و ئەستێرەکان). لە نزیک بنکەکانی فێرگە و یەکیەتیی لاوان کەلە مێژ ساڵە لە جگەرگوشەکانی دووره و هەر بە خەیاڵ، خەیاڵ خانم و منداڵەکانی دەبینێ، بە بنەماڵەکەی شاد بووە.

کاک نەبی لە کۆنگرەی هەشتەم لە ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی جانێویری ١٩٨٨ز) لە شاری سلێمانی بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوخۆی حیزب و دواتر لەت بوونی حیزب لەگەڵ بەشێک لە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان پێک هێنا.

* کاک نەبی لە کۆنفرانسی چوارەم ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی (١٩٨٩ی زایینی) و لە کۆنگرەی نۆیەم لە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠ی زایینی) بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردرا .

لەساڵی  هەتاوی ١٣٧٢ (١٩٩٣ز) دا شەڕ لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و پ . ک . ک. ڕووی دا کاک نەبی ئارام و قەراری پی هەڵگیرا و بێ ڕاوەستان لە گەڵ هەیئەتێکی پایەبەرزی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ روو لە ناوچەی شەڕ، بەرەو بارەگای پ . ک. ک. لە ناوچەی گەلی رەش دەکا. تەبەڵکوو کارێک بکا کە شەڕ و ماڵ ویرانییەکە لەوە زیاتر پەرە نەستێنێ و ئاوێک بە ئاورهکە دابکرێ. ئەوو لە حاڵێک دا بوو کە هیچکەس لە هەیئەتەک بە هیوای گەیشتن بە ناوچەکە و گەرانەوە نەبوون، بەڵام بۆ کاک نەبی ئەوە گرینگ نەبوو کەلە پێناو کوژاندنەوەی شەڕی براکوژی دا چی بەسەر دێ، بەڵکوو گرینگتر بۆ ئەو کۆتایی هێنا بەو شەڕ و ماڵ وێرانییە بوو.

لە کۆنگرەی دەیەم ساڵی ١٣٧٤ هەتاوی (١٩٩٥ زایینی) دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی گشتیی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە دەرەوەی وڵات دیاری کرا.

پاش کۆنگرەی ١٠ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، بۆ چالاکتر کردنی کۆمیتەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات و بەرینتر کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵ و وڵاتانی دەرەوە، کۆمیتەیەک بۆ دەرەوەی وڵات دیاری کرا، کاک نەبی وەک بەرپرسی ئەو کۆمیتە و وتەبێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران - ڕێبەراتی شۆڕشگێڕ بۆ زیاتر ناساندنی دەنگی ئازادیخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، توانی لە ماوەیەکی کورت دا بەدەیان وت و وێژ و چاوپێکەوتنی سەرکەوتوانە دەگەڵ رۆژنامە و تلویزیۆن و رادیۆکاندا ئەنجام بدا. دەگەڵ زۆر پارلەمانتیر و نوێنەری حیزبەکانی دەسەڵات بەدەستی وڵاتانی رۆژئاوایی دیداری کرد و لەسەر کێشەی کورد باس و راوێژی دەگەڵ کردن.

کاک نەبی قادری لە دەرەوەی وڵات تەنیا نوێنەری حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەو سەفیرێکی باش بەوەجی کورد بوو. لە

مافی گشت کورد داکۆکی دەکرد. کێشەی نێوان ڕێکخراوەکانی کورد گەلێک ئازاری دەدا. زۆرجار لە کوردستان بۆ برانەوەی ئەو جۆرە کێشانە خۆی دەزۆر مەترسی گەورە هاویشت. لە دەرەوەش بۆ کاری خێر و قسەی باش لە نێو ڕێکخراوەکانی کورد دا ناسراوی هەمووان بوو.

* کاک نەبی لە ماوەی نزیک بە هەژدە ساڵ بەشداری چالاکانەی لە بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو، دەکرێ بڵێین لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە باکوور کوردستانەوە هەت باشوور مەئمورییەتی حیزبی بەڕێوە برد و لە هەموو ئەو ماوەیە دا سەرەڕای گیروگرفتی بێ ئەژمار، ئەرکی حیزبی و مەئموریەتی پێ سپێردراوی بە دڵسۆزیی تەواو و بە ئیمانی پتەوەوە بەڕێوە برد و لە زۆربەی نزیک بە تەواویان دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

* کاک نەبی، بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەرێکی بەجەرگ بوو، ئینسانێکی پێشکەوتنخواز، دێموکراتێکی راستەقینە و کەسایەتی یەکی مرۆڤ دۆست و لایەنگر و پارێزەری مافی چین و توێژە چەوساوەکان و پیاوێکی ئازادیخواز و خەباتگێرێکی بە ئیمانی رێگای رزگاریی ئیسان لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو.

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە کاک نەبی قادری بە هۆی نەخۆشیی سەرەتانەوە کات ژمێر شەشی ئێوارەی دووشەممە ٢ی دیسامبری ١٩٩٦ بە رامبەر ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧٥ لە شاری کۆپنهاگ پایتەختی دانمارک دڵی پڕ لە ئاواتی بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردی بەشخوارو و دابەشکراو لە لێدان کەوت و بەم جۆرە هاورێیان و هاوسەنگەرانی خەفەتبار و دۆسان و ئاشنایان و ئەندامی بنەماڵەی کورد پەروەر و وڵاتپارێزی قادری، تازیە دار کرد. رووحی شاد و رێگای پڕ ریبوار بێ.

کاک نەبی قادری لە ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٦٥ی زایینی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ خاتوو خەیاڵ قادری پێک هێناوە و خاوەن پێنج منداڵە واتە دوو کچ و سێ کوڕە بەناوەکانی : ئارەزوو ، ئاتوسا. ئازاد . ئاوات و ئارام

سەرچاوەکان : رۆژنامەی کوردستان و نووسراوەکانی هاورێیانی کاک نەبی قادری



سەرچاوە
Serchawe

# وێنەیەکی دیار لە دڵسۆزی




**مستەفا شڵماشی**

لەیادی ١٥ ساڵەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێموکڕات کاک نەبی قادری دا، وێنەیەکی بەرجەستە لە دڵسۆزی و فیداکاریم دێتەوە بەرچاو. لە بزافی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەست دا سێ دەستە لە مەیدان دا سەرووەدەردەنێن. ئەوانەی بەدوای خۆدەرخستن و پلە و پایە بەدەستهێنان دێنە مەیدانەکە، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کاتی نیازی یارمەتی دانیان هەیە و ئەوانە بە دڵ و گیان هەتا سەر لە گەڵ بزافە کە دەڕۆن و ئامانجیان تەنیا خزمەتکردن بە ڕێبازەکەیە. من هیچ گومانم تێدا نییە کە تێکۆشەری مەزنی دێموکڕات، کاک نەبی قادری سەر بە دەستەی سێهەم بوو.

من کاک نەبیم لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دا دیوە. لە نێو ڕیزی پێشمەرگە و کادرەکان دا و لە نێو جەرگەی خەباتی دژواری حیزبی دێموکڕات لە ناوچە کان دا، بە تایبەت لە ناوچەی شنۆ و پیرانشار. ئەو کادرێکی بەوەج، ئینسانێکی دڵسۆز و کە سێکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویست بوو لە نێو کۆمەڵانی خەلک دا. هەرلە و کاتەش دا هەمیشە ئامادە بو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لە هەر گۆشە و کەنارێکی کوردستان بوایە. کاک نەبی لە ڕۆژە دژوارەکان دا بەشی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە پێیان پێواو لە گەڵ ئەوەی کەسێکی فەرهەنگی و شارستانی بوو، بەڵام بە لێبوردوییەکی بێ وێنەوە، خەباتی سەختی شاخی بەڕێوە دەبرد.


بەڕاستی کە سانی وەک کاک نەبی قادری بە دەگمەن هەڵدەکەون و پڕبوونەوەی جێگاکەیان زۆر بە زەحمەتە. ئەوانە سەرمایەی نەتەوەیین و لە مەیدانی خەباتی دژوار و بی وچان دا هێندە ڕۆڵیان هەیە کە دوای چەندین ساڵیش کەلێنیان هەر دیارە. هەربۆیە جێگای خۆیەتی گەلی ئێمە، ڕێکخراوە سیاسییەکان و تەک تەکی کە سەکان نرخی ئەو ڕۆڵە

هەڵکەوتوانە بزانن کە ژیانی خۆیان بۆ وەدی هێنانی بەختەوەری بۆ گەلەکەیان تەرخان کردووە.

حەق وایە لە کاک نەبییەکان لە کاتی ژیان دا ڕێز بگیرێ و ماف و جێگای خۆیان پێ بدرێ. لە دوای بە جێ هێشتنی گەلەکەشیان یادیان بکرێتەوە، نرخ بۆ دڵسۆزییەکەیان دابنرێ و کەڵک لە تاقی کردنەوەکەیان وەربگیرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ڕێبازەکەیان درێژە بدرێ و ئامانجەکانیان بەدی بهێنرێن.

با لەیادی پازدە ساڵەی کاک نەبی قادری دا، جارێکی دیکە هەستی نەتەوەیی و گیانبازی ئەو کەڵە پیاوە بێنینەوە بیرخۆمان و بە ورەیەکی پۆڵایین و هەستێکی بەتینەوە درێژە بە ڕێگاکەی بدەین. گومان لەوە دا نییە کە بەدرێژەدانی ڕێگاکەی ڕووحی ئەو شاد دەبێ و بە دڵنیاییەوە ئارام دەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١



# یادی خۆشەویستێک




**هاشم کەریمی**

بە ڕاستی بۆ کەسیکی وەکوو من کە نە شاعیرم نە نووسەر پەسنی کەسایەتێکی وەکوو زیندوویاد کاک نەبی قادری کارێکی دژوارە، لەگەڵ ئەوەش بە ئەرکی خۆمی دەزانم بۆ بیرەوەریی ١٥ ساڵەی کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنە سەمبوولیکیش بێ بە چەند دێڕ بەشداری بکەم.

زیندوو یاد کاک نەبی چەندین خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەبوو کە ئەو کەسایەتیە بەڕێزەی کردبووە خۆشەویستی هاوڕێیانی حیزبی و خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان. ئەو تایبەتمەندییانە زۆر بە کورتی بریتی بوون لە:

زیندوویاد پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بوو و بە شاهیدی ئەو کەسانەی کە دەیانناسی، لە ماوەی تێکۆشانی حیزبیدا، کومیتە ناوەندی هەر ناوچەیەکی کوردستانی بۆ دیاری بکردایە هەر لە باکوورەوە تا باشوور، نەترسانە قبووڵی دەکرد و بە بێ ڕاوەستان دەچووە جێی مەئمووریەتەکەی. کاتێک زیندوویاد کاک حەکیم ڕەزایی لە ٩ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ شەهید بوو، من وەکوو نوێنەری دەفتەری سیاسی هاوڕێ لەگەڵ کاک جەلیل گادانی بۆ ڕێ ورەسمی ماتەمینی چووینە هەورامان . ئەو کات زیندوویاد کاک نەبی بەرپرسی کومیتە شارستانی هەورامان بوو و لەو دوو سێ ڕۆژەی کە لەوێ ماینەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە چەندە خۆشەویستی نێو کادر و پێشمەرگەکانی هەورامان بوو.

زیندوویاد نیشتمانپەروەر بوو و ئەو خەسڵەتە لە نێو بنەماڵەی قادریدا جێکوتوو بوو و ڕۆڵەکانی ئەو بنەماڵە بەڕیزە چ لە دەورەی کۆماری کوردستان و چ دوای کۆمار، هەمیشە یان لە ڕیزی تیکۆشەرانی حیزبی دیمۆکڕات دا بوون یان پشتیوانی

بزووتنەوەی کوردستان بوون.

زیندوویاد مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز بوو. هەرچەند کاک نەبی لە بنەماڵەیەکی ملکداری عەشیرەتی مامەش چاوی بە جیهان هەڵهێنابوو، لەگەڵ ئەوش هەمیشە بەرگری لە مافی جوتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەکرد.

زیندوویاد ماندوونەناس و لەخۆبوردوو بوو، بۆ نموونە دوای ئەوەی کە بەداخەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو، هەتا ئەو کاتەی بە تەواوەتی نەخۆشییەکە زەمینگیری نەکرد، دەستی لە تێکۆشان هەڵنەگرت و نەک تەنیا لە شوێنی نیشتەجێی واتە دانمارک بەردەوام بوو لە تیکۆشان، بەڵکوو بۆ پێکهێنانی سمینار و کۆبوونەوەی حیزبی سەفەری بۆ زۆربەی ئەو وەلاتانەی ئوروپا دەکرد کە ئەندامانی حیزبی لێبوون.

زیندوویاد یەکێک بوو لەو کەسانەی نێو ڕێبەرایەتیی حیزب کە لەڕادەبەدەر منداڵانی خۆش دەویست و کاتیک بنکەمان لە قەڵاسیدە بوو کەم منداڵی کادرو پیشمەرگە هەبوون کە دەستی باوکانەی کاک نەبی وەسەریان نەکەوتبێ، جگە لەوەش کاتێک چووە هەندەران هیندێ جار بە پێی ئیمکان یارمەتیی بەو کادر و بپێشمەرگانە دەکرد کە دەستکورت و منداڵورد بوون.

من بیرەوەری زۆرم لەگەڵ زیندوویاد کاک نەبی هەیە کە لەبەر درێژنەبوونی باسەکە تەنیا بیرەوەریەکیان دەگێڕمەوە. من ماوەیەک دوای کۆنگرەی هەشت ماڵم لەسلێمانی بوو و کاک نەبیش بۆسەردان هاتبووە سلێمانی. شەویک لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە میوانی کاک رەحمان خوش ئەبرو بووین، زاوایەکم هەبوو بەناوی رەشید بەگ کە ئامۆزای حەمە ڕەشید خان بوو، بەڵام ئاغایەکی کەم دەسەلات بوو و رژیمی سەدام گوندەکەی لە قەزای پێنجوین تیکدابوو و ماڵی هاتبووە سلێمانی، پیاوێکی چاک بوو بەڵام تەعەسوبی ئاغایەتی هەرمابوو. چەند جار بۆی گیرابوومەوە کە جارێک پیم وایە لە دەورەی کۆماردا حەمە ڕەشید خان میوانی قەرەنی ئاغای مامەش دەبێ و ڕەشید بەگیشی لەگەڵ دەبێ و زۆر ڕێزیان لێدەگیرێ و میوانداری باش دەکرێن . ئەو شەوە کە میوانی کاک ڕەحمان بووین، ڕەشید بەگ چووبوو بۆ مالی ئێمە کە نزیک ماڵی کاک ڕەحمان بوو و لە منی پرسیبوو، گوتبوویان لە ماڵی کاک ڕەحمانە و هات بۆ ئەوێ، هەموو میوانەکانی دەناسی جگە لە زیندوویاد کاک نەبی و کاک نەبی زۆر ڕێزی لێگرت. دوای کەمێک رۆشت. رۆژی دوایی هات بۆلام و گوتی فلانەکەس ئەو پیاوە بەرێزە کێ بوو لەگەڵتان ، گوتم ئەوە یەکێک بوو لە ئاغاکانی مامەش، دای بە ئەژنۆی خۆیدا و گوتی ماڵت خراپ نەبی بۆچی پێت نەگوتم کە من رێزی زیاتری لێبگرم. دوایی کە چوومەوە قەلاسیدە بۆ کاک نەبیم گێڕایەوە، زۆر پێکەنی و بەڵێنی دا کە ئەگەر جارێکی تر پێکەوە ڕێمان بکەویتە سلێمانی سەردانی بکەین، بە داخەوە ئەو هەلەمان بۆ ڕێنەکەوت.

یاد و بیرەوەری هاوڕێی تێکۆشەر و لێوەشاوە زیندوویاد کاک نەبی بەرز و پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# یادی کاک نەبی




**جەلیل گادانی**


کاک نەبی قادری لە رۆژێکی وەک ئەورۆ دا لە کۆپێنهاگی پیتەختی دانماراک دا و دوور لە نیشتمان زۆر زووتر لەوەی چاوەروان دەکرا پاش نەخۆشێکی سامناک و بێ عیلاج کە تووشی ببوو فەوتی کرد و گۆڕی یارانی خەباتکاری بەجێ هێشت و درێژەی ڕێگەی پڕ لە شانازی خەباتی بەوان ئەسپارد و بەداخی گرانەوە ئاواتی رزگاری گەل و نیشتمانی بردە بن گڵ. تەرمی پیرۆزی لە نێو کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی وەفادار و خزمانی بەرێزی کە لە دوور و نیزیکەوە خۆیان گەیاندبووە دانماراک، هەر لە گۆڕستانی ئەو شارە بە خاک ئەسپێردرا.

کاک نەبی ڕەوانشاد هەر لە سەرەتای لاویەوە بە هۆی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر دا گەورە ببوو خاوەنی هەستێکی پاک بوو، خولیای خەبات و تێکۆشان بوو. لە مەکتەب، لە خوێندنی زانکۆ، لە نێو ئاوالان و یاران دا ئەو هەستەی پێوە دیار بوو. لە هیچ کات و زەمانێک دا لە پەرەپێدانی ئەو بۆچوونە کوردانەیەی غافڵ نەبوو، مەسەلەی نەتەوەیی بە قووڵی لە دڵ و دەروونی دا جێی گرتبوو، هەر بۆیەش لە یەکەم دەرفەتدا کە بۆی لوا ئازایانە هاتە مەیدانی خەباتی ئاشکراو لەو پێناوە دا وازی لە ژیانی ئاسایی هێنا و راستەوخۆ لە ڕیزی حیزبی دێموکرات دا بەرپرسایەتی وەرگرت. لە بەرە ئەوەی مرۆڤێکی ڕاست و دروست بوو و بە ئیمانی تەواو ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد بوو، بێ وچان لە تێکۆشان دا بوو، زۆر زوو هاتە ڕیزی ڕێبەرایەتیی حیزب و بوێرانەتر لە پێشوو هەوڵی دەدا. کاک نەبی مرۆڤێکی ئازاو بە جەرگ بوو، لە هەر شوێنێکی کوردستان کاری پێ سپێردرابا بەو پەڕی فیداکارییەوە ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند. کاک نەبی لە حیزبی دێموکرات، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر دا دوو دەورە بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، دوایین بەرپرسیایەتی ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و مرۆڤ دۆستە بەرپرسایەتی ڕێکخراوی حیزب لە ئوروپا بوو کە بە هاوکاری هاوڕێیانی کۆمیتە لە بەرێوە بردنی کاروباری دەرەوە، لەو ئەرکەش دا زۆر سەرکەوتوو بوو.

بێگومان هەر کەس بۆ دەورەیەکی کورتیش کاری لەگەڵ کاک نەبی کردبێ هیچ کات تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو مرۆیە لە بیر ناکا، بە دڵنیایی وە دەڵێم هەتا هاوڕێیانی لە ژین دا مابن، لە دڵی یەک یەکمان دا یادی زیندوە و ئێمەش ئەرکمان درێژەدانی ڕێگەی خەباتی ڕەوای کاک نەبی و هەموو شەهیدانی کوردستانە.

ڕەوانی کاک نەبی و هەموو شەهیدان شاد و ڕێگەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠٠٦



# کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم




فەتاح کاویان

لە مانگەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی، بۆ یەکەم جار لە لای شەهید دوکتور قاسملوو لە دەفتەری حیزب لە مەهاباد، کاک نەی قادری.م دێ، دانیشتبوون و لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی چوونیان بۆ لای خومەینی قسەیان دەکرد. هەر لەو چاوپێکەوتنە دا شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتی کاک نەبیم یەکجار جوان هاتە بەرچاو.

ماوەیەک - دوو ساڵ دواتر کە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٩(١٩٨٠ی زایینی) کە وەزعی حیزب لە باکووری کوردستانی ئێران تووشی چەشنێک پەشێوی ببوو، دەفتەری سیاسیی مەئمووریيەتی دا بە کاک نەبی قادری و سەرهەنگ قادری و بە من کە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان بڕۆین بۆ ئەو ناوچانەی باکووری، ئەوکات ئەندامی دەفتەری سیاسیی بووم و کاک نەبی و کاک سەرهەنگ قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون.

لەو مەئمووریيەتە دا کە زیاتر لە سێ مانگی خایاند زۆر شتم بۆ روون بوونەوە. یەک لەوانە کەسایەتیی بەرزی کاک نەبی بوو:

١- پیاوێکی یەگجار ئازاو، هەڵسوور بوو، بەچەشنێک کە بەشی هەرە زۆری سەردان لە کۆمیتەکان، لک و پەلەکانی هێزی نخۆ، کە هەر یەکەی لە بەشێک لە ناوچەکانی گەلی بەردەرەش، برادۆست و سۆما، شپیران و مەحەڵی ئەنزەل بوون و زۆربەشیان لە جیگەی دوور دەست و ئەستەم هەڵکەوتبوون، کاک نەبی پێیان رادەگەیشت و لە ماوەی ئەو سێ مانگە و چەند رۆژە دا ڕەنگە دوو - یا سێ جاران دەهاتەوە بنکەی گۆندی حەسەنی کە وەک ناوەندی هەیئەتی دەفتەری سیاسیی دیاریمان کرد بوو و بەشی زۆری ئەو ماوەیە من و چەند پێشمەرگەی ناوەند لێی نێشتەجی بووین. دیارە لە چالاکی و بە هەڵسووریدا کاک سەرهەنگ قادریش هێچی لە کاک نەبی کەمتر نەبوو.

٢- هەڵسوورانی کاک نەبی بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو کارانە پێویستی بە ئـازایەتییەکی تەواو هەبـوو. چۆنکە لە هێندێک شوێن پێگەی ڕێژیم دامەزرا بوون و بەداخەوە کەم نەبوون ئەو کەسانەش کە هاوکاریی ڕێژیمیان دەکرد. بەڵام، ئەوەی هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات ترسو خوف لەو مەترسییانە بوو.

٣- بێجگە لەو ماوەی کە لە باکووری کوردستانی ئێران بووین، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا کە هاوکار بووین، کاک نەبی. نەک هەر بە باوەڕی من هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، نموونەی پیاوێکی پاکداوێن و خاوەن شەرەف بوو. داخوا ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، هەرگیز دەنگۆیەک سەبارەت بە داوین پیسی لەو شێرە پیاوەی ڕێگەی خەباتیان بیستووە؟ بێگومان نا.

بە کورتی کاک نەبی نموونەی ئـازایەتی، بەهەڵسوڕێ، پاکداوێنی و دەستپاکی و لە بـاری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە نموونەیەکی هەڵکەوتوو بوو.

**ڕەوانی شاد و یادی پیرۆز بێت**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠٠٦**



## بە بۆنەی پازدەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی کاک نەبی قادری




**سەرهەنگ قادری**

پازدە ساڵ لەمەوبەر دڵی پڕ لە هیواو ئۆمیدی شۆرشگێری ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر واتە کاک نەبی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدان کەوت و خەمو پەژارەیەکی قولو گرانی خستە سەردڵی هاوسەنگەران، دۆستانو رەفیقان.

کاک نەبی لە ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی لە کۆنگرەی پێنجی حیزب تا کاتی وەفاتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو. لە دەستچونی کاک نەبی خەسارەکی گەورە بوو بۆ گەل و نەتەوە بە گشتی و بە تایبەتی بۆ حیزبی دێموکرات. هەزاران سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی و کرنۆژ دەبەم بۆ گڵکۆکەی.

ئەم گەورە پیاوە لە هەمووژیانی سیاسی تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری بەکردەوەو بە قەلەم لە خزمەت گەلەکەی دابووساتێ نەسرەوت. زۆربەی ئێمە دەزانین کە ئەم شۆرشگێرە بۆ هەموو مەئموریەتەکانی حیزب ئامادە بو و قەت نەیگوت نا، هەر لە کۆمیتەی ئاژوان را تا شیمالی کوردستان ئەرکی حیزبی بەرێوەدەبردو هەموئەرکە مەترسیدارەکانی بە گیانو دڵ قبول دەکرد. لە ماوەی ژیانی حیزبی دا بەرپرسی زۆربەی کۆمیتەی شارستانەکان بوو. هەر بۆیەش هەمو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات کاک نەبییان دەناسی و خۆشیاندەویست. کاک نەبی خەباتکارەکی پاکبوو، سەداقەتی هەبوو، ئازا و بە شەهامەت بوو. لە حالێکدا کە لە گەڵ هاوسەنگەرانی وەک رەفیقەکی موتەوازع و دڵسۆز رەفتاری دەکرد قسەی ناحەقتی لە هیچکەسو هیچ مەسئولێک قبول نەدەکردو قسەکانی خۆی بە راشکاوی دەکرد و ئەبەدا لامەلامەی نەدەزانی. باوەربەخۆ و لەسەر پێی خۆی ژیانی دەکرد. کاتێک دەفتەری سیاسی مەئموریەتی دایە بە هەیئەتێک بچێتە شیمالی کوردستان لە گەڵ سەننار مامێدی وتووێژ بکات و هێز سازمان بداتەوە ئێمە نزیکەی ٨٠ کادرو پێشمەرگەی هاورێی هەیئەت بووین. کاک نەبی

ئەندامی ئەو هەیئەتە بوو. دیارە هەیئەتی دەفتەری سیاسی بریتی بوون لە کاک فەتاحی کاویان وەک بەرپرسی هەیئەت، کاک نەبی قادری وەک بەرپرسی تەشکیلات منیش بەرپرسی نیزامی. ڕێگا دووروودرێژ بو و بە دەیان بەڵکو بەسەدان پایگای دوژمن لە ناوچەکانی سندوس، شنۆ، دۆڵی تەرگەوەرو مەرگەوەرو دەشتی ناوچەی ورمێ دانرابوون. لەو ماوەیە دا کاک نەبی تەنانەت جارێکیش نەیگوت ماندووم، برسیمە بەڵکو بە کادر و پێشمەرگەکانی دەگوت ڕۆژانی دژوار بەسەردەچن ڕۆژانی سەرکەوتن و سەرفرازی لەڕێگادان. کورینە نارەحەت مەبن، گەلی دورد چاوی لە پێشمەرگە و حیزبەکە رزگاری بکات.


بەم شێوەیە روحیەی دەدا بە هاوریانی.

جارێکی دیکە هادەم لەگەڵ بنەماڵەی و هاورێیانی هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک نەبی قادری ئەم رۆڵە خەباتگێرەی کە قەت لە بیری میللەتەکەی ناچێتەوە.

**هاوسەنگەری دیرینی کاک نەبی**

**سەرهەنگ قادری**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١**



## شانازی ناسینی کاک نەبی قادری



**فەیسەل ئیرادۆست**

٢ی دیسامبر پازدەهەمین سالرۆژی کۆچی دوایی، شۆڕشگێری ناسراوی گەلەکەمان نەمر کاک نەبی قادری یە. شۆڕشگێریک کە خاوەنی تایبەتمەندیبەرز بوو، تا ئاخرین هەناسە کانی ژیان، بە مانای راستەقینەی وشە، بە ئامانجە بەرزەکانی خەباتی گەلەکەی وفادار مایەوە. کاک نەبی لە ژمارەی ئەو رێبەرە هەڵکەوتوانەی گەلەکەمانە، کە رۆڵەکانی کوردستان، دەبێ لە گەڵ کەسایەتی و تایبەتمەندی یە کانی ژیان و خەباتیان، ئاشنا بن و ڕێز لە ساڵەکانی تێکۆشانیان بگرن. وەبیر هێنانەوەی ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێرانی ڕاستەقینەی گەلەکەمان، زیندوو ڕاگرتنی یاد و، نیشان دانی وەفایە بە کەسایەتی ئەوان و، ڕێز گرتنە لە رێگای پڕ لە شانازی قارەمانە کانی گەلی کورد. لە ساڵە کانی بەشداری لە تێکۆشانی رێگای ئازادی گەلەکەم لە چەندین قۆناغ دا شانازی هاورێ یەتی لە گەڵ کاک نەبی قادری م پێ براوە و دەمەوێ بە نوسینیان ئەو ساڵانە بۆ خۆم زیندو کەمەوە و وەفای خۆم بە نەمر کاک نەبی و، وەفاداری بە ڕێبازەکەی، جارێکی دی تازە کەمەوە.

وەک رێبەرانی دیکەی حیزب، نەمر کاک نەبیم دەناسی و چەند جار لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشبوم، بەڵام ئاشنای یەکەم زۆر نەبو. لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی کە بە هۆی کارەکەم زۆر جار ڕێک دەکەوت، یەکێک لە هاورێیانی حیزبی پێیان گوتم کە بەڕێز کاک نەبی بە شۆێنی تۆدا دەگەڕێت. پاش ئەوەی چاوم بە نەمر کاک نەبی کەوت، پێی گوتم کە بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی هەورامانم قەبول کردوەو، بە زوویی لەوێ دەبم و زۆرم پێ ناخۆشە کە بیستومە تۆ لەوێ دەڕۆی و، لە گەڵ ئەوەی کە دەزانم هاورێی باش لەوێ هەن بەڵام حەز دەکەم کە قەولم پێ بدەی بۆ ماوەی یەک مانگ لەوێ لە گەڵ من بمێنیتەوە تا لەگەڵ وەزعەکە باشتر ئاشنا دەبم. من لەگەڵ ئەوەی کە کارەکانم لەوێ تەواو ببوو، لە بەر کاک نەبی لەوێ مامەوە. لە ماوەی ئەو مانگە دا زیاتر لە گەڵ تایبەتمەندی یەکان کاک نەبی ئاشنا

بوم و دواتر و پاش ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٨ و، پێک هاتنی حدکا، رش، زیاتر و نزیکتر لە گەڵ کاک نەبی، هەڵسان و دانیشتنم بۆ ڕەخسا و، تایبەتمەندی یە بەرزەکانی ئەو مرۆڤە بەڕێزەم باشتر بۆ دەرکەوت. نەمر کاک نەبی کەسایتی یەکی روناکبیری نەتەوەکەمان بوو کە لە زانکۆی تاران خوێندنی تەواو کردبو و، ساڵانێکی زۆر وەک مامۆستا و بەرپرسی فێرکردن و بار هێنان و لە پۆستی شارەداری شارەکەی خۆی، شنۆ، تەجروبەیەکی زۆری لە سەریەک دانابۆ. ئەو، لە ڕووی ئاگاهی و بە پێی تێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەو ئاکامە گەیشتبوو کە دەبێ بۆ ئازادی گەلی کورد خەباتێکی ڕێکخراو ،وەرێ بخرێ و ، لە ڕووی زانیاری تەواوە،

حیزبی بۆ خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی، هەڵبژاردبوو. کاک نەبی قادری پێش رووخانی رێژیمی شا و لە ئوورووپا، لە گەڵ نەمر دوکتور قاسملوو، چاو پێ کەوتنی ساز کردبو. بۆ تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزب دا، بە ئامادەیەوە گەڕابۆوە بۆ کوردستان و بە لێبڕاویەوە، ئەرکی خۆی دەست پێ کرد بوو. کاک نەبی لە ئاکاو و لەکاتی ڕووخانی رێژیم یان لە کاتی هێرشی ئاخوندەکان لە گەڵ حیزب نەکەوتبوو، بۆیە ئیمانێکی قووڵی بە حیزب هەبوو، خۆشی دەویست و بەرگری لە پرنسیبەکانی دەکرد.

لە ماوەی ئەو مانگەدا کە لە گەڵ کاک نەبی مامەوە، وێڕای هاوڕێیانی دیکە، هەوڵم دا کە بۆ ئاشنا بوونی هەرچی زیاتری کاک نەبی لە گەڵ وەزعی ناوچە، یارمەتی بدەم. لە شوێنی ژیانی خەڵکی هەر دوو دیوی سنوور، کۆبونەوەمان بۆ پێک هێنا. کاک نەبی بە وردی لەسەر ئەو شتانەی کە پێوەندی بە بزوتنەوەی کوردستانەوە هەبوو بە وردی و جوانی قسەی دەکرد. لە بیرم دێ کاتێک لە گوندێکی وێرانکراوی سنور بە ناوی هاوارە کۆن کە لە لایەن ئاوارە کانی ڕۆژهەلاتەوە، ئاوەدان کرابوەوە، سەبارەت بە شۆڕش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆ خەڵک قسەی دەکرد، لە نێو خەڵکەکەدا، ژمارەیەکیش کادر و پێشمەرگەی یەکیتی نیشتمانی کوردستانیش، بەشدار بوون. کاتیک باسی وەزعی کوردستانی ژێر دەستەلاتی تورکیای دەکرد کە چۆن کوردەکان، بە زۆر کراون بە تورک و، زۆر لە لاوەکانیان، زمانی کوردیان لە بیر چۆەتەوە، زۆر لە کادروپێشمەرگەکانی یەکیتی، دەگریان و، هۆن هۆن فرمێسک بە چاویان دا دەهاتە خوارێ. نەمر کاک نەبی وێڕای ئەرکە کانی حیزب، لە کاتی بێکاری دا زۆرتر خەریکی کتێبەکەی بو کە دواتر بە چاپی گەیاند و، وا ڕێککەوت کە پاش ساڵانێکی زۆر، پێکەوە، لە سوئێد چەند دانەیەکیان لێ بڵاو بکەینەوە. نەمرکاک نەبی لەو کتێبەدا هەوڵی داوە کە چوارینە کانی کوردی و فارسی خەیام لە پاڵ یەکتر دابنێ. وەرزش، یەکێک لەو بەشانە بو کە کاک نەبی قادری، سەرنجی پێ دەدا و، لە ڕێگای ڕادیوە هەواڵەکانیمان پێکەوە، گوێ دەدایە. بە تایبەت کە گەرمەی یاری یەکانی جامی جیهانی فوتبال بوو، نەخشەمان دەکێشا کە ئەگەر بۆمان بلوێ سەری هەڵەبجە بدەین و چاو لە یاری کۆتایی بکەین. ڕۆژی یاری کۆتایی، لە بەرپرسانی پێشمەرگەمان پرسی کەجم و جۆڵی ڕێژیم هەیە یان نە کە ئیتمینانیان پێ داین کە تا چەند ڕۆژی تر وەزع ئارامە. ئێوارە پێکەوە وەڕێ کەوتین و بۆ شەوەکەی گەیشتینە هەڵەبجەو چوینە ماڵی یادی بە خەیر کاک ڕۆستەم. کاک ڕۆستەم کوڕی مامم بوو، لە کاتی گیرانی هەڵەبجە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی یە گیراوە

و پاشان لە زیندانی دیزل ئابادی کرماشان، ئیعدام کرا. ئەو شەوە، لەوێ فینالی جامی جیهانیمان ڕاستەوخۆ چاو لێ کرد و بۆ بەیانی، خودا حافێزیمان کردو گەڕاینەو بۆ بنکەی کۆمیتەی شارستان. ئێستە هەرکات چاو لە فوتباڵ دەکەم، کەم جار هەیە کە ئەو شەوەم وەبیر نەیەتەوە.

پاش ڕووداوەکانی کۆنگرەی هەشت وپێک هاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆرشگێر، زیاتر کاک نەبی قادری م دەدیت و لە نزیکەوە، لەگەڵ تایبەتمەندی یەکانی ئاشنادەبووم. نەمر کاک نەبی حیزبی خۆش دەویست. بە هۆی بەشداری لە شەڕی ئازادی کوردستان، خۆی و بنەماڵەکەی و تەنانەت خزم و کەسی تووشی تاڵی و سوێری زۆر ببوونەوە. لە شیمالی کوردستانەوە تا جنوبی کوردستان، بەرپرسایەتی قەبووڵ کردبوو. هەوڵی دەدا کە تا ئەو جیگایەی کە پێوەندی بە ئەوە هەیە کادر و پێشمەرگە بە پاراستنی پرینسیبە کانی حیزب، لە حیزب ڕازی بن و لە خەبات دوور نەکەونەوە. کاتێک باسی پرنسیبی حیزب و بەرژەوەندی یەکانی گەلی کورد دەهاتە پێش، سازشی نەدەکرد و لێبڕاو بوو. ئێستەش، هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی، باسی بەرخوردی توونـدی کاک نەبی، لە گەڵ مەسعودی ڕەجەوی و مێهدی ئەبریشەمچی، سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان دەکەن. هیچ کات بە قازانجی خۆی کەلکی لە پێوەندی یە کانی خۆی چ لە نێو خۆ و چ لە دەرەوەی حیزب، وەرنەگرت. زۆر جار بە هۆی کارەکەم، لە گەڵ هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی، بەشداری سەردانی هێزە سیاسی یە جۆراوجۆرەکانی کوردستانم دەکرد. لە یەکێک لە سەردانەکان بۆ سەرکردایەتی پارتی دێموکرات، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، هەواڵی کاک نەبی پرسی و تەنانەت گلەیی کرد کە بۆچی کاک نەبی لەگەڵ نی یە. کاک نەبی و خزمەکانی کاک نەبی لە کاتی خۆیدا یارمەتی پارتیان لە شنۆ دابوو. جاری دوایی کاک نەبیش لە گەڵ لە دەفتەری سیاسی، لە سەردانەکەدا حازر بوو . کاک مەسعوود زۆر خۆشحاڵ بوو و بە گەرمی پێشوازی لێکرد. تەنانە ت کاتێک لە نێوان کاک نەبی و نەمر فرانسوا حەریری هێندێک باسی ڕابردوو هاتە پێشێ، وا هەست کرا کە قسەکان تۆزێک جەوەکەیان سارد کردوەتەوە، کاک مەسعود خۆی هەوڵی گەرم کردنی جەلەسەکەی دا و لە کاتی خودا حافیزی، وادیار بۆ بە ئیشارەتی کاک مەسعود بارزانی، نەمر فرانسوا حەریری زۆر گەرم لە گەڵ نەمر کاک نەبی خودا حافیزی کرد. کاک نەبی ڕەفیقەکانی خۆی خۆشدەویست و ئەوەی لە دەستی بە هاتبا بۆی دەکردن. کاتێک هاتمە سوئێد لە دانمارکەوە هات بۆ لام بۆ گیر و گرفتی خۆم و منداڵەکانم یارمەتی زۆری دام. کاتیک لە کوردستان بووین کاک نەبی وەک بەرپرسی تەشکیلاتی ئوڕووپا، زۆرتر لە دانمارک دەژیا. وەزعی ماڵی ئێمەش لە کوردستان خراپ بوو، هاوڕێ یەک لە دانمارکەوە، هاتبۆوە و باسی ئەوەی کردبوو کە زێڕ لەوێ گرانە و خێزانم ملوانکەیەکی هەبوو، بەو برادەرەی دابوو کە لەوێ بۆی بفرۆشێ کاتێک، کاک نەبی لە دانمارک مەسەلەکەی زانیبوو لەو برادەرەی پرسی بوو کە چەند دەکا، ئەویش گووتبوی کە ڕەنگە سەد دۆلار بکا. کاک نەبی ملوانکەکەی لەو برادەرە وەرگرتبو و، سەد دۆلاری لە گەڵ خستبوو، بۆ خێزانمی ناردبۆوە.

کاتێک بۆ دوایین جار سەردانی سوئێدی کرد باسی ئازاری لاقی دەکرد. بەڵام هیچ کەس و لەوانە من، نەخۆشی کاک نەبیمان بە جیدی نە دەگرت. زۆر جار لە دانمارکەوە تەلەفوونی دەکرد و زۆر جار خەریکی کاری حیزبی بو. جاریک بەڕێز

کاک حەسەنی ڕەستگار و ژمارەیەک لە هاوڕێیان کاتی گەڕانەوەیان لە لای کاک نەبی سەردانی منیان کرد و، ئەو کاتە من سەختی نەخۆشی نەمر کاک نەبیم بۆ دەرکەوت. ئەو کاتە هێشتا من پاسپورتی سوئێدیم نەبوو نەمدەتوانی سەفەر بکەم. تازە پاسپورتم وەرگرتبو و بە تەمای سەردانی لای کاک نەبی بووم و هێشتا وەڕێ نەکەوتبووم کە کاک ڕەحیمی مەحەمد زادە تەلەفوونی بۆ کردم و گوتی وەزعی کاک نەبی باش نی یە و من و کاک سەعید و کاک حەمەدەمین ڕەشیدی لێرەوە وەڕێ دەکەوین، تۆش لە گەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەباسی لە شارەکەی خۆت وەڕێ کەوە، ئەگەر بە ڕێگاوە یەکترمان نەبینی لە کۆپنهاگ، یەکتر دەبینین. من لە گەل نەمر مامۆستا مەلارەحیم بە قەتار، بەرەو دانمارک وەرێکەوتین و، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کۆپنهاگ، لە گەڵ هاوڕێیانی دیکە و لەودیوەی کە نەمر کاک نەبی تێدا بەستەری ببوو، یەکمان گرتەوەو، چاومان بە کاک نەبی کەوت. بۆ هەوەڵین جار بوو کە کاک نەبیم بەو شێوەیە، کز و لاواز دەبینی.

کاک نەبی قەڵافەتێکی سالم و وەرزشکارانەی هەبوو، خۆی دەیکوت لە ژیانیدا، بۆ جارێکیش حەب و دەرمانی نەخواردووە. بەڵام ئێستە نەخۆشی بڕستی لێ بڕیبوو، و هەناسەکانی دوایی بە سەختی، هەڵدەکێشا. هەموو لایەک بێ هیوا بوون و ڕاستی وەزعی کاک نەبی یان، بە ناچاری قەبووڵ کردبوو. داوایان لێ کردین، بچینەوە ماڵی هاوڕێیان و چاوەڕووان بین. ئەو ساتە تاڵە زۆری نەخایاند و لە نیوە شەوی ساردی شاری کۆپنهاگ، لە ڕێگای تەلەفوون ئاگاداریان کردین کە بە داخەوە، کاک نەبی، ئەم جارە بۆ هەمیشە، کۆڕی ڕەفیقەکانی بە جێ هیشتووە. ڕاستی یەکی تاڵ بوو، دەبوایە وەک جارەکانی دیکەی لە دەست دانی خۆشەویستەکانمان، قەبوڵی بکەین. ڕۆژی دواتر لە نێو بەشداری ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیان و میوانەکان، لە یەکیک لە گۆڕستانەکانی شاری کۆپنهاگ، لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا، بە شیوەیەکی کاتی و، تائەو کاتەی کوردستان ڕزگار دەبی، بە خاکی وڵاتی دانمارکمان سپارد. لە کاتی ڕێوڕەسمەکە، کاک فەتاح ڕەیحانی و کاک ناسر پیرانی، هاتنە لای من گوتیان کاک نەبی وەسیەتی کردوە کە تەرمەکەی بە پەرچەمی کوردستان، داپۆشین. ئەو کات پەرچەمی کوردستان، وەک ئێستە دەر نەکەوتبوو، و حیزبە سیاسی یە کانی کوردستان، تێبینیان لەسەر هەبوو!!؟ چەند هەیئەتی هێزە سیاسی یە کانی ئێرانیش، لەوێ بون. تەرمی پیرۆزی نەمر کاک نەبی قادریمان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان داپۆشی. زۆر کەس پێ یان خۆش بوو لەوانە نەمر حەمە جەزای هونەرمەند کە بەشداری ڕێ و ڕەسمەکە بوو.

وێرای هاوریانی دیکە، بەرامبەر تەرمی پیرۆزی کاک نەبی، لە ڕوژی بە خاک ئەسپاردنی دا، وەفاداری خۆمان بە دریژە دانی ڕێگای دووپات کردەوە و، بەڵێنیمان دا کە ڕێگای کاک نەبی و شەهیدانی حیزب و گەل بەرنەدین. لە پازدەهەمین سالی کۆچی دوایی نەمر کاک نەبی، هیوادارین بتوانین سوێند و بەڵێنی خۆمان بەرینە سەر. بەرز و بەرێز بێ یادی نەمر کاک نەبی و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١

# بیرەوەری: پلانی ترۆری بە کۆمەڵ!




**سدیق بابایی**

**بە بۆنەی پازدە ساڵەی کۆچی دوایی هاوڕێ نیشتمان پەروەر ڕێزدار کاک نەبی قادری:**

کاک نەبی قادری ئەو مرۆڤە کە نواندنی دڵسۆزیە برایانەکەی بوو بە هۆکاری ڕزگار کردنی من هەر نەبێ لە ئازارە جەستەییەکانی پلانێکی ترسناک و بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی.

بەرە بەری بەهاری ساڵی ١٣٦٣ و کۆتایی زستانی ساڵی ١٣٦٢پیرانشار:

ڕۆژانی پێشتر بەفرێکی قورس کوێستانی گەدە و سەرشاخانی سپی پۆش کردبوو. هەر چەند زستان ڕووی بەرەو کۆتاییبوو، بەڵام هێشتار وەک ملهۆڕێکی ئامادە نەبوو بە مل کەچ کردنی قەدەری خۆی جار نە جار دوا پەلە قاژەی دەنواند.

لە لاییکیتر ئێمەی پێشمەرگەی ماڵ لە کوڵ و هەڵوەدای چۆکدادان بە ملهوڕان لە هەر ڕەنگ و شێوازێکدا کلپەی ئاگری شایی لە دەروونماندا ڕوو لە هەوراز دەدرەوشایەوە.

حەزی تێپەڕ کردنی دوا ڕۆژەکانی وەرزی هەژار خنکێن تەوژمی گڕی ئاگری خۆڕاگری بەرانبەر بە نەیار لە دڵ و دەروونی ئێمەدا بە هێزو ورەتر دەکرد.
بیسرانی خوڕەی ئاوی چۆم و ڕووبارەکان تا دەهات سرۆشی شەوق و زەوقی پێشمەرگەی کوردستانی بۆ تێکەوە هەڵ پێچانی بارگەوبنەی سەرماو سۆڵ سۆزدارتر بە گوێ هەمواندا سەلا دەدا.

لە نەریتی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵە خەباتکارەکانیدا کۆتایی زستان و هاتنی بەهار بووژانەوەی ژیانی هەژاران و کووڕبوونی پشتی دەسەڵاتی دژ بە هەژارانە. ئەوە دەتوانێ دەسەڵاتی بێڕەحمی زاڵ یا سروشتی دڵڕەق بێ.

لە کەشێکی وەها دا خوڵقێنەری و دەستەبەرکرانی دەرفەتی گونجاوتر بۆ پێوانی ڕێگای گەیشتن بە ژیانی ئاسوودە بۆ خوازیارانی دەلوێ.

لەم کات و ساتەدا ڕێبەری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات پاش کۆنگرەی شەشەمینی خۆی ڕاسپاردەی نوێ ئاڵوگۆڕی بەرپرسانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە جێ هێنا .

ئەنجام، لێ کەوتنەوەی سپێردرانی بەرپرسایەتی کاروباری کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بە من کە تا ئەوکات لە لایەن کاک نەبی قادری بەڕێوە دەچوو بوو.

ناسیارەتی من و نەبی قادری دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٣٦٠.



[لە ڕاستەوە بۆ چەپ: کاک نەبی قادری، سدیق بابایی، شەهید هەمزە بێهنام (فەرماندەری لکێک لە پ،میم)، سەید ڕەسوڵ سەید ئەحمەدی( فەرماندەری هێز)، مەلاقادر کوردستانی و....]

نەبی قادری: کەسایەتیەکی خەباتکاری کەڵەگەتی خۆش ڕوومەت، خاوەنی قەڵافەتێکی سرنجڕاکێشی تێکەڵ بە وەقار، ئەندامێکی وەرزشکارانە و لە هەمانکاتدا زۆر لە سەرەخۆ، ڕووخۆش و گەرموو گوڕ لە گەڵ بەرانبەرەکەی بوو.

ئاوایی (کانی کلێ- ناوچەی گاگەش) وەک نیشتگەی یەکتر ناسین و تاوتوێ پلان و بەرنامەی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران - شارستانی پیرانشار دیاری کرا.

ئەندامانی دەستەی بەڕێوە بەری ، ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە و کاک نەبی بۆ مەبەستی سەرەوە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ - ١٢ - ١٣٦٢ ئامادە بوون.

پاش کۆتایی هاتنی پلانی دەس نیشان کراو، لە لایەن جێگری بەرپرسی کۆمیتە ی پیران (کاک سەید عەلی هاشمی)لە گوندی میشەدێ بەرەوە (بنکەی کۆمیتە) بۆ نانی شەو [ئێوارەی ٢٨ - ١٢ - ١٣٦٢] مێوانی کراین. بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی پیران کاک مەلا ڕەسوڵ گەردی کە بە داخەوە پاشتر لە پلانێکی تری کۆماری ئیسلامیدا ترۆر کرا بۆ سەردانی ماڵ و منداڵ بۆ ماوەیەک پشووی وەرگرتبوو..

پێش کاتی دیاریکراو مەزنی گوند و ناوچە جەنابی (کاک خدر سالار عەشایری) کەسایەتی ناسراو، لە دڵسۆزانی جێ متمانەی خەڵکی ناوچەکە بە بیستنی هەواڵی هاتنمان بۆ نێودێ کەسی بۆلای کاک نەبی نارد تا بۆ شەو لە گەڵ بەشێک لە هاوڕێیان ببین بە مێوانیان.

پێگە و کەسایەتی کاک خدر و بانگهێشتی هاوڕێیانی حیزبی کۆمیتەی پیران، پێویستی بە وەڵامدانەوەیێک دەکرد تا هەم ڕێزدانانی بەرانبەر بۆ ناسیاو و پیاو ماقووڵی ناوچەکە لە بەر چاو گیرابێ و هەم حورمەتی هاوڕێیان بێ وەڵام نەهێڵرابێت، وێرای ئەوە بە ئەرک زانینی دەستەبەری سەرکەوتنی هاوڕێ و هاو سەنگەری نا شارەزای ناوچەکە، ئەمانە لە سەر یەک بوون بە هەوێنی بڕیاری بەڵا گێڕی و پاراستنی من لە مەترسیەکی مەزن کە کاک نەبی قادری و هاوڕێیانیتر بە داخەوە تووشی بوون .

بە متمانەوە دەبێ پێداگری بکرێ ئەگەر هەست و باوەڕی کاک نەبی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا نەبوایە، لانی کەم ئەو بۆ خۆی ئاوقەدی ئەو پلانە سامناکە ترۆریستیە کە پازدە کەس لە هاوڕێیانمان وێرای خۆی تووشی هاتن نە دەبوو.

ڕێزدار نەبی قادری نەک هەر پێشنیاری من و سەرجەم هاوڕێیانی نە پەژراند، بەڵکوو بە پێداگری منی ناچار کرد لە بەر ئەوە تازە هاتوومەتە ناوچەکە لە جێ دایە هەر چی زووتر لە پێناوی سەرکەوتنی کارو ئەرکی ڕۆژانەمدا لە گەڵ کەسانی ناسراوو سەرجەم خەڵکی ئاسایی پێوەندی دامەزرێنم و ئەوە بۆ من وەک دەسپێک هەلێکی باشە و کاک نەبێ لە بەر هەبوونی پێوەندی پتەو و ناسیاری پێشوو لە گەڵ نێوبراو لە کۆڕی هاوڕێیانی حیزبی لە کۆمیتەی پیران بمێنێتەوە. ئەوە بوو من وێرای بەشێک لە هاوسەنگەران بۆ ماڵی کاک خدر ڕێنوێنی کرام.

### کورتەی کارەساتی ترۆری سەرنەکەوتووی کۆماری ئیسلامی؛

هێزی ئاوارە یەک لە لەشکرە بە تواناکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، دەوری بەر چاوی بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلامارە سەرکوتکارانەکان و ڕێگر لە دابەزاندنی بیرو سیاسەتی پاشکەوتوانە و تالان و بڕۆی زیاتری خەڵک لەم ناوچە دەژمێردرا.

نە قەلاچۆی خەڵکی گوندەکانی سەرووکانی و سۆفیان، نە هێرشە پەیتا پەیتاکانی هێزی پۆشتە و پڕ چەکی مۆڵ دراو لە شاری پیرانشار و سەربازخانەکانی دەورو بەر وەک جەڵدیان هیچیان نەیان توانیبوو چۆک بە ئیرادەی پێشمەرگە دابدەن. سەرەرای ئەو زەبرو زەنگە ڕێژەی پێشوازی لاوان و هاتنیان بۆ نێو ریزی پێشمەرگە تا دەهات رووی لە هەڵکشان بوو.

دەسەلاتی تاران لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانەدا سەرکەوتنێکی شایانی بۆ دەستەبەر نەکرابوو. ئاکام بەڕێوە بەرایەتی دەسەڵات لە تاران بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکان وەک پیشەی هەر دەسەڵاتێکی یاسانەناسی سەرەڕۆو ڕەشەکوژ ملی وە بەر دارشتنی پلانی ڕەنگاو ڕەنگی تر نا. یەک لەوانە بە لارێدا بردنی هێندێ لاوی ساویلکەو هەوڵدان بۆ دەرمانداوکردنی پێشمەرگە و بەرپرسانیان لە ڕێگەی ئەوانەوە بوو.

### ترۆری کەسایەتیە ناسراوەکانی خەباتکاری کورد؛

شێوازی تێخزاندنی کەسێک لە بەکرێ گیراوانی ڕژیمی ئیسلامی لە نێو ریزی هێزی پێشمەرگە هەر لە ساڵی ١٣٦٠ را بە شەهید کردنی سەرگورد عەباسی بەرپرسی شوارای نیزامی حیزب لە نێو شاری مەهاباد دەستی پێکرد.

وریا بوونەوە و بەربەست کرانی ڕێژەیەکی باشی ئەم شێوازە لە ترۆری کۆماری ئیسلامی و بەرگری لە تەشەنەکردنی، تاقیکاری شێوەکانی تری خستە نێو ڕۆژەڤی دژبەرانەی دەسەڵاتدارانی "نوێنەری خودا! بۆ زەبر وەشاندن لە مافخوازانی کورد.

دەرمانداو کردن، ناوزڕاندنی بەرپرسان لە ڕێگەی ناردنی ژنانی فریو دراو بۆ نزیکایەتی جنسی و لە قاودان و شکاندنی کەسایەتی شۆڕشگێران. ناردنی نەخۆشانی جنسی بۆ لە داو خستنی پێشمەرگە. تاماح وەبەرنانی مادی و بەڵێنی پلەو پایە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ کەسانی نێو ریزی خەباتکاران لە ڕێگای خزم و کەسوکاری پێشمەرگەوە بۆ ڕەخساندنی زەمینە [ تان و پۆ] ی بێ متمانەیی و پەرەپێدانی بێ باوەڕی و تەشەنەی ترس و خۆفی پێشمەرگە بەرانبەر بە



سەرچاوە Serchawe

هەڤدووبەشێک لەو پلانە ناسراوانەن .

## کەڵک وەرگرتن لە "تەوابەکان"؛

کۆماری ئیسلامی بۆ دابەزاندنی پلانی ڕاکێشانی سرنج و متمانەی بەر پرسانی سیاسی و پێشمەرگە، بەرنامەی بە ڕواڵەت ناسراو بە "ڕۆخاندنی پردی پشتەوە - ی" دادەڕشت، بەرنامە ڕشتنی دەسنیشانی کەس یا کەسانێک لە مۆرەکانی ڕژیم لە نێو داموودەزگای دەسڵات لە ناوچەکە تا بە هۆی کەسی "تەواب " بە نێوی لاینگری لە هێزی شۆڕش و پێشمەرگەوە پەلامار بدرێت.

حاڵەتی وەک ئەمە زۆرتر لە سەر ئەو کەسانە دادەبەزێندرا کە پێشوو لە نێو ڕیزی پێشمەرگەدا ببوون و خۆیان بە دەستەوە دابوو (تەواب). هەڵبەت هەبوون لەو کەسانە کە وێرای پاراستنی باوەڕیان بە خەباتی نیشتمانی توانای مانەوەو درێژەی تێکۆشانیان لەم شێوازە دا نەمابوو. جاری واهەبوو بەشێک لەوانە پاش ماوەیەک دیسان ڕوویان لە ڕیزەکانی خەبات دەکردەوە .گەڕانەوەی ئەم تاک و تەرایە بۆ نێو ڕیزی پێشمەرگە زۆرتر بە گومانەوە سەیر دەکرا. لە بەر ئەوە ڕژیم حەولی دەدا بۆ زەبر وەشاندن لە هێزی بەرانبەر بە داڕشتنی پلان لەو کەسانە کەڵک وەربگرێ. لە حاڵەتی وەهادا بە دەست هێنانەوەی متمانەی هێزی پێشمەرگە وەک مەرجی بە ئاکام گەیشتنی پلانەکانیان سەیر دەکرا. مەبەستی ئەسڵی پیاوانی پلانرێژی ڕژیم دوابە دوای سەرکەوتن لە جێگیر کردنەوەی تاکی ئامادەکراو لە سەرەخۆ و درێژخایەندا کرداری دەکرا.

وەک ئەزموونی نوسەری ئەم دێڕانە بە گوێبیس بوونی وتەی بەشێک لەو فێر کراوانە لەلایەن مۆرەکانی ئێتلاعاتەوە سەلماندوویەتی. بۆچوونی دەزگای جاسووسی و ئەمنیەتی ڕژیمی ئێسکلامی ئەوە بوو کەسانێک لەلایەن بەرپرسانی ڕژیم لە نێو ڕیزەکانی خۆیان بۆ کوژران بە نهێنی دیاری دەکران لە بەر ئەوە کوژرانەکەیان دەبێتە پردی سەرکەوتنی ئیسلام! ئەوە بە ئارەزووی خۆیان " وەسڵ بوون بە بەهەشت " دەگەن.!! لە بەر ئەوە کوژرانیان دەبێتە کەرەسەی وەشاندنی زەبری قورس لە "دوژمنانی ئێسلام "!

لە سەر ئەم بڕوایە بکەری ئەم کارە واتا کابرای تەواب چ گوناحێکی ناگات بەڵکوو زەینی بە وتەی ئەوان "دژە شۆڕش کوێر دەکرێ و هەڵی زێڕین بۆ لە نێو بردنیان دەکەوێتە دەستی پیاوانی خودا(تەوابەکان)" و بە جێ هێنانی حەقوڵڵا!! بەم چەشنە نەفەری تەواب هەم خودای لە خۆی ڕازی کردوە و هەم متمانەی تەواوی(دەزگای) بە دەست هێناوەتەوە. سەرپاکی ئەوە ڕژیم دەبێتە میانجی بۆ لێ خۆش بوونی ئەو تاقمە دۆزیان لە دادگاکانی "شۆڕش" بە دژی تەوابەکان پێشکەش کردبوو. بە ئەوە دەوترا "حەقولناس"

ڕۆخاندنی ورەی تاکی شۆڕشگێر بە هەنگاو نان بەروە بێ ناموسی بە بەشێک لەخۆشک، ژن و دایکی تاکی خەباتکار، بڵاو کردنەوی دەنگۆی ئەوتۆ یا ڕاپێچ کردنیان بە هەر بیانوێک بۆ ئێدارەی ناوەندە ئێتلاعاتیەکان بە مەبەستی بەدنێو کردن و دابەزاندنی ورەی شۆڕگێڕان.

بە پێ ئەزموونی نووسەر لە ناوچەکانی پیرانشارو مەهاباد وێنەی کردەوەی ئەوتۆ لە لایەن کۆماری ئێسلامی لەبەر دەست دایە ...

پاش شیوی ئێوارە لە گەڵ کاک خدری خانە خوێ سەر قاڵی گوێدان بە خەبەری ڕادیۆ بی بی سی فارسی لەندەن بووین.
لە نەکاو کاک نەبی بە دیمەنێکی ئاڵۆزاوو حاڵەتی تێکچوو خۆی بە ژووری دانیشتنەکەی ئێمەدا کرد، ڕوو بە من گوڕاندی " هەستە کوژراین" لە هەمانکاتدا بە پەلە و بە سەرووەزعی تێکچووبە پەنجەرەی ماڵەکەدا خۆی گەیاندە دەرەوەی ژوورەکە و دەستی بە ڕشانەوە کرد.

من بە سەرسامیەکی تێکەڵ بە ناباوەڕی، بە بێ ماڵ ئاوایی لە خانە خوێ کاتێک خۆم گەیاندە بەر دەرکی کۆمیتەی پیران شاهێدی دیمەنێکی یەکجار دڵ تەزێن و بەزەیی خوڵقێنی تاقەت پڕوکێن هاتم. بەداخەوە هەنووکەش نازانم کام هاوڕێ لەو سەروبەندەدا پێش من خۆی گەیاندە بنکەی کۆمیتەو کێ لە گەڕانەوە لە گەڵم دا بوە.

هاوڕێیانی دەم بە پێکەنین و زەق و زیندووی پاش یەک دوو سەعات پێش وەک ئەوە خەریکی مەلە کردن بن لە سەر بەفری قوڕاوی کۆڵانی تەنیشت بنکەکەیان لە عەرز ڕاکشاو دەست و لاقیان تێکەڵ بە ناڵین و هاواری ئێش و ئازار بە هەر لایێکدا دەوەشاند و سێنگیان بە هیوای سۆکنایی ئازاری لەشیان بە سەر بەفرە قوڕینەکەدا دەخوشاند.

ژنانی بە تەمەنی ئاوایی بە بێ دوودڵی حاڵەتی ئەوتۆیان بە هۆی دەرماندراو کران زانی.

ئەگەر باش لە مێشکمدا تۆمار کرابێ، تاقە پرسیارێک لەم وەزع وحاڵەدا مێشکی منی دەهەژاند ئەوە بوو، داخوادەبێ چ کەسێک دەستی تێکەڵ بە کردەوەیەکی ئەوتۆ ناجوانمێرانە و بەتەواوە تی دۆژمنانە تێکەل کردبێ؟

لە کەسێکیان کە کوڕێکی گەنج و ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەوێدا بە سەرقاڵی ئێش و کاری مەقەڕەکە دیتبووم چوومە پێش.

لێم پرسی؛ دەتوانی پێم بڵێی کێ ئێمڕۆ لێرە سەردانی کردوی؟ بە دەم ئێش و ئازارەوە وەڵامی دامەوە تەنێ برای شەهید (کەریم نێزەیی) نەبێ کەسی تر نەهاتوە.

دوابەدوای ڕاوێژێکی کورت فەرماندەری هێزی ئاوارە کە لەوێ ئامادەبوو بۆ پێ و شوێن گرتنی بە جێ هێنانی سێ ئەرکی بە پەلە دەست بەکار بوو.

**یەکەم**: دەرکردنی فەرمانی وریایی تەواو لە ڕێگای بیسیم بۆ هەموو لک و پەلەکانی هێزی پێشمەرگە بە مەبەستی چاوە دێری توندی ناوچەکە. (دامەزران لە شوینە ئاستەمەکان و بەرپەرچی ئەگەری هەر هێرشێکی هاوکاتی هێزی چەکداری ڕژیم). ئێمە لەو بڕوایەدابووین ڕەنگە پلانی بەربڵاوتری ڕژیم بە کەڵک وەر گرتن لە شڵەژاویمان لە حاڵەتی دەرمان خوارد کرانی بەرپرس و کادرەکان بۆ زەبر وەشاندنی زیاتر داڕێژرابی.

**دووهەم**؛ گەڕان بۆ دیتنەوەی کەسێکی ئەوتۆ بە نێوی (عۆسمان شەمسی) خەڵکی (کاسەکەران) لە نێو گوند کە ڕۆژی پێشتر بە بیانووی سابوون فرۆشتن هاتبوە میشەدێ بنکەی کۆمیتە.

**سێهەم**: ناردنی کەس یان کەسانێک بۆ ئاوایی (کانی زەرد - سەرشاخان) بۆ ئاگادار کردنی دۆکتۆر مراد قادری کە سەر قاڵی خزمەت بە پێشمەرگەی بریندار و نەخۆشانی ئاسایی لە نەخۆشخانەی حیزب و داوای یارمەتی پێویست و فریا کەوتنی هاوڕێیانی دەرمانداو کراو.

دەستو بردی دڵسۆزانە و و بە بڕشتی کاک سەید ڕەسوڵ فەرماندەری دڵسۆزی هێز بوو بە هۆی ئەنجامی سەرکەوتوانەی کورتخایەنی هەر سێ ئەرکی بە پێویست زانراومان.

لە ماوەیەکی کورتدا پێشمەرگە لە هەموو بەرزایی و ئەو ڕێگایانە کە گومانی لێ دەکرا دوژمن بتوانێ کەڵکی پەلامار بۆ سەر ئێمەی لێ وەرگرێ دامەزران.

تاکی گومان لێ کراو لە کاتی بارکردنی پێش دەرباز بوون لە ئاوایی بە چەشنی کاتی لە لایەن پێشمەرگەوە ڕاگیر کرا تا لە یەکەم دەرفەتدا پرسوو جۆی لێ بکرێ.

تیمی کانی زەرد (نەخۆشخانە) لە کەمترین ماوەی مۆمکیندا هاوڕێ لە گەڵ کاک دۆکتۆر مراد سەرە رای زستان و دووری و دژواری ڕێگە کوێستانیەکەی خۆیان گەیاندە شوێنی کارەساتەکە و دەست بە کاری چارە سەر بوو.

**بە هانا هاتنی خەڵک و پاڵپشتی چارە سەرئەندێشانەی لیپاو لیپ لە دڵسۆزی؛**

هەر لە یەکەم چرکە ساتەکانی ئاشکرا بوونی باری نالەباری لەش ساقی پاش خواردنی ئێوارەیْ ئامادەبوانی مێوانی بنکەی کۆمیتەی پیران، دایکی بە ئەزموونی هاوسەری کاک ڕەحیم محمودی ئەندامی دەستەی بەڕێوە بەری کۆمیتەی شارستان (خەڵکی میشەدێ) ڕای گەیاند هاوڕێیانمان ژاراوی بوون و دەبێ شیریان بدرێتی.

[بە داخەوە چەند ساڵ دواتر کاک ڕەحیم بە شێوازێکی گوماناوی شەهید کرا. مەخابن پرسو جۆ و بەدواداچوونی پێویست سەبارەت بە ئەم کارەساتە نەکرا] !؟

وەک ئەوە جاڕ درابێ لە کورتە ساتێکدا هەواڵەکە ماڵ بە ماڵ گەڕا و هەرکەس لە لاییکەوە کاسە شیر بەدەست لە کووچەو کۆڵانی گوند بۆ لای بنکەی حیزب ملی ڕێیان گرت. هاوڕێیانی تووشکراو بە نۆشینی هەر پیاڵە شیرێک دوای کەمێک شیرەکەیان بە دەلەمەیی دەرڕشاندەوە.

ئەم وەزعە تا کاتی گەیشتنی دۆکتۆر مراد درێژەی هەبوو بە چەشنێک شیر لە ئاوایی بڕا، ناچار دێیەکانی دەوروبەر پاش میشە دێ لە وەزعەکە ئاگادار کران [ یان بۆ خۆیان لە ڕێگای خەڵکەوە ئاگادار بوون]. بە ئەو پەڕی پەرۆشەوە هەر ماڵێک حەیوانی شیردێی هەبوو بۆ دۆشین و هێنانی کۆتایی نەکرد.

وەک دۆکتۆر مراد پاشتر گێڕایەوەئەم هەنگاوە دەوری بە سوود و باشی بۆ بڕین و کەمتر کردنەوەی کاریگەری ئەو ژارە بە تایبەت کوڵینی زۆری شورباوەکە پاش تێکەڵ کرانی ژار دەرەتانی ژیانەوەی سەرلە نوێ بۆ ژاراوی کراوەکان بە هێز و کاردانەوەی لە سەر جەستەیان هەر نەبێ لە کورت خایەن بەر بەست و ڕێ پێ نەدان بە نووستنیان ئەگەری زیانی گیانی لێ دەور خستوونەتەوە.

بەختەوەرانە بە هیمەتی خەڵکی ئاوایی میشە دێ و دەوروبەر، دڵسۆزی سنوور نەناسی کاک دۆکتۆر مراد و وشیار مانەوەی ناوبراو سەرتاسەری ئەو شەوە بە دیار ژاراوی بوەکانەوە لێ کەوتنەوەی زیانی گیانی پووچەڵ کرایەوە.

هەر چەند بە وتەی دۆکتۆر مەترسی مەرگ لە سەر کاک نەبی قادری لە هەموو ئەو پازدە نەفەرەی تر بە هێزتر بوو.، بە ڕادەیەک زەختی خوێنی نێو براو تا پلەی شەش دابەزیبوو.

**وێنە، ناو و بەرپرسایەتی ئەوکاتی ژاراوی کراوەکانی دەستی ترۆری کۆماری ئێسلامی ئێران.**



**١- مام ئەحمەد شوانە ئاشپەزی کۆمیتەی ناوچەی پیران،(نەفەری یەکەم شانی چەپ، بە پێوە وەستاو)**

**٢- ئەحمەد بەزلە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.(نەفەری دووهەم شانی چەپ بە پێوە وەستاو).**

**٣- محەممەد ئەحمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.( نەفەری سێهەم " " " "؛' )**

**٤- سەید عەلی هاشمی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.**

**٥- نەبی قادری بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار.**

**٦- رەحمان چێشتە پێشمەرگەی کۆمیتەی ناوچەی پیران.**

**٧-شەهید عەلی عومەری فەرماندەی دەستەی شەهید ساڵح لاجانی سەربە لکی ٣ی هێزی ئاوارە.**

**٨- عوسمان پرگورد ئەندامی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.**

**٩- برایم لاجانی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشارو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر.(نەفەری یەکەم لە ریزی دووهەم ، دانیشتوو لە شانی چەپرا.**

**١٠- عوسمان جۆخۆر پێشمەرگەی بەشی شەهیـدان.**

**١١- شەهید ڕەسوو مستە جێگری فەرماندەی دەستەی شەهید ساڵح لاجانی سەربە لکی ٣ی هێزی ئاوارە.**

**١٢- مراد کەریمی ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار.**

**١٣- ئەبووبەکرە رووت پێشمەرگەی کۆمیتەی ناوچەی پیران.**

**١٤- عومەر مستەفاپوور کادری کۆمیتەی ناوچەی پیران.**

١٥- ڕەسووڵ ساوجبلاغی کادری کۆمیتەی ناوچەی پیران وزانست لە بەشی میدیا.

١٦- سمایلە رووت ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی پیران.

لە لایێکیتر ئاکامی لێ کۆڵینەوەی سەرەتایی لە تاکی ڕاگیراو شک و گۆمانی ئێمەی بە رادەیەک بە هێز کرد. ناچار وێڕای ئەوە برای پێشمەرگەی شەهیدی هێزی ئاوارە بووتا ڕوون بوونەوەی وەزعی ژیانی هاوڕێیانمان دەس بە سەر ڕا گیرا.

درەنگانی ڕۆژی دووهەم پاش ئەوە پشووی تووش کراوەکان بەرە بەرە هاتەوە سەرەخۆ پێشنیار کرا سەردانی تاکی ڕاگیراو بکەن و داوای لێ بکرێ ئێستا کە مەترسی گیانی لە سەر ئەوان بەرەو کۆتایی دەچێ پێیان خۆشە ڕاستیەکە بدرکێنێ.

ئەم تێفکرینە دەوری ئەرێنی خۆی گێڕا، دەقی پلانێک کە سپای پاسدارانی پیرانشار بە هاریکاری ئیمام جۆمعەی ئەو شارە و کەسێکیتر بە ناوی عەولا گەرمێنی سەرۆک جاش (بە وتەی گۆمان لێ کراوەکە) داڕێژرابوو ئاشکرا کرا.

بە چەشنێک ئەو درکاندبووی بەرپرسانی ئێتلاعات لە ورمێ ژارەکەیان بۆ کەسێک بە ناوی(سەدرە) دەسەڵاتداری ئێتلاعاتی پیرانشار ناردبوو. ئەم کار بەدەستە لە گەل کوێخا عەولا ناسراو بە عەولا گەرمێنی لە بری داخوازی ئازاد کرانی برا زیندانی کراوەکەی بە مەرجی بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکە بەڵێنی ئازاد کرانی براکەی و پێ بەخشینی دەزگاییێک ماڵ، دەزگایەک ماشێن و برە پارەیەک [ گۆیا هاوکات لە کاسەکەران لە لای کەسێک دانراوە] و... لە پیرانشاردەدرێتێ.

پلانەکە ئەوە بوو: بەستەیەکی چکۆڵە کە گەردێکی تایبەتی تێدا بوە پێ دەسپێردرێ. دەبێ نێوەرۆکی نایلۆن(بەستەکە) لە خواردنی ئاوەکی[شۆرباو]، یا لە گەڵ خۆێ تێکەڵ بکرێ. ئەوە لە جێدا دەبێتە هۆکاری مەرگی کوتوپڕی کەسێک خۆێ یا شۆرباوەکە دەخوات. بۆ بەڕێوە بردنی ڕاسپێردراوەکە بە بیانووی گواستنەوەی سابوون بۆ فرۆش لە سەر ڕێ سەردانی بنکەی حێزبی دێمۆکرات لە ناوچە دەکات.

هەڵبەت ماوەیەک ڕاهێنانی فێکری و پەروەردەکردن بەدژی جووڵانەوەی ماف خوازانەی حێزب و پێشمەرگەکان دەبێتە ڕێخۆشکەری جێ بە جێ کرانی ئەرکی دیاری کراو، دوژمن بە ڕادەیەک توانیبووی زەینی بکەری کارەساتەکە بۆ لای دوژمنایەتی هاوسەنگەرانی برا شەهیدەکەی بە لاڕێدا بەرێ، لێی وەراست گەڕابوو وتە و پرۆپاگەندەی کارگێرانی ئێتلاعات هاوتای راستی و "پێشمەرگە دوژمنی کورد و ئایین و ماکەی هەژاری خەڵکی کوردستانە و بەرپرسانی پێشمەرگە هەموو لە ریزی کەسانی خاوەن سەرمایەن لە بەر ئەوە ئەرکی هەر تاکێکی وەک ئەو دەژمێردرێ بە پێ بنەماکانی ئێسلام و بۆ داکۆکی کوردستان و نەهێشتنی پیاوانی سەر بە بێگانە و دوژمنی وڵات هاریکاری کۆماری ئێسلامی بکات ". دیارە دەبێ ئیمام جۆمعەی ئەوکاتی شاری پیرانشارو عەولا گەرمێنی یارمەتی پەژراندنی وتەکانی ئێتلاعات وگێڕانی دەور و کاردانەوەی

ئەرێنی لە سەر ئەم گەنجە هەبووبێ.

بە کەڵک وەرگرتن لە ناسیاری و متمانە پێکران وەک برای شەهید لە دەرفەتی سەرقاڵ بوونی مام ئەحمەدی ئاشپەز بە کاروباریتری بنکەکەیان بەشێک لەدەرمانە تێکەڵی مەنجەڵی شۆرباوە کە دەکات. لە بەر پەلە کردن و ترس و خۆفی ئەگەری پێزانین بە شەکەیتر بە نایلۆنەکەوە لە نێو ئاوی چۆمی تەنیشت بنکەکەیان فڕی دەدات.[ بە وتەیەکیتر لە شوێنێک بەشی دووهەمی دەشارێتەوە. هەڵبەت من ئاگام لەم وتەیە نیە].

## ئەمەکناسی لە بەرانبەر خۆو خەدەی شۆڕشگێرانە:

لێرە دا دەستو بردی فەرماندەری هێز کاک سەید ڕەسول و یەکە یەکە ی پێشمەرگەو بەرپرسانی ئەوکاتی هێزی ئاوارە چ بۆ شەو نخوونی لە ئاست پارێزگاری هاوڕێیانیان و بەر پەرچی ئەگەری پەلاماریتر و چ فریا خستنی دۆکتۆر و دەس بەسەر کردنی تاکی راسپێردراوی دوژمن بۆ وەشاندنی زەبری گەلاڵە بۆ دارێژراو دەبێ دەس نیشان بکرێ. دەبێ دانی پێدا بنرێ ئەگەر خەڵک وەک لەم بەسەرهاتە دا نیشانیان دا پشت و پەنای یەکتر بن، هەر پلانێکی دڕندانەی ئەوتۆ دەتوانرێ بێ کاریگەری بمێنێتەوەو دوژمن لەوە کەهەیە ڕسواتر بکرێ. شیاوبوو لێرەدا ناوی هەموو ئەو کادر، بەپرس و پێشمەرگانە کە بە پەرۆشەوە هەرکەس بە نۆرەی خۆی حەولی یارمەتیدان و پارێزگاری گرتە ئەسۆ بهێنرێت بەلام لە بەر زۆر بوونی ناوەکان نەگونجا.

لە گەڵ ئەوە کە کاک نەبی قادری و پێشنیارە شێلگیرانەکەی بوە هۆی وەلا خستنی من و بەشێکیتر لە کادرو بەرپرسی پێشمەرگەکان لە تووشبوونێکی ئەوتۆ پڕ لە ئازار و مەترسی گیانی، خۆ گەیاندنی کاک نەبی پاش دەرمانداو کران بە ماڵی کاک خدر و ئاگا دار کردنی ئێمە لە بەسەرهاتەکە بۆ خۆی گۆشەیەکیتر لە هەستی پیرۆز و پڕ لە بەرپرسایەتی ئەم تاکە شۆڕشگێڕە بۆ پاراستنی هاوسەنگەران دەژمێردرێ.

بەر پرسیار بوون و هەست و هەستانی وەها لە پێناوی یارمەتیدان بە پاراستنی گیانی هاوڕێیان وێرای تووش بوونی خۆی هەر نەبێ بۆ وەگێڕی ئەم بە سەر هاتە پڕ لە ئەزموونە وانەی فێرکارانەی مەزنی لە فێداکاری تێدا بوو.

سەرباری ئەوە کە خۆ گەیاندن و بڕینی ڕێگای سەخت و شاخاوی ئەویش لە تاریکە شەوی ئەوتۆدا لە لایەن کاک دۆکتۆر مراد قادری [محمد ئەمین قادری] سەرەڕای پشوو نەدان بە درێژایی ڕۆژەکەی بۆ پێ ڕاگەیشتن بە بریندار و نەخۆشان وانەیەکیتر لە مرۆڤدۆستی، مرۆڤایەتی و گەیشتنی تاکێک بە لووتکەی مرۆ بوونە.

قادریەکان ئەو کەسایەتیە تێگەیشتوو و خوێندەوارانە کە بە خۆشیەوە من شانازی ناسینی کۆمەڵێکیان لە درێژایی خەباتی پێشمەرگانە دا نسیبم بوو، پارێزگار و بەرێوە بەرو ئەویندداری خۆ و خدەی بەرزی ئێنسانی بوون. وەک ئەوە کاک نەبی و کاک دۆکتۆر مراد بۆ بەرەوانی دۆست، هاو سەنگەرو و پارێزگاری ژیانی هاوڕێیانیان نواندیان دەبێ لە جەوهەری بوونیان دا جێ خۆی گرتبێت.

هەر لەم ڕێچکەدا ناکری تەوازۆع، لە خۆ بووردەیی و ڕۆحی بەرزی خزمەتکارانەی خۆشکی بەڕێز [مریەم قادری] هاوسەری بەڕێز سەرهەنگ ئیرەج قادری کە کاتی خۆی هاوڕی کاک سەرهەنگ لە بنکەیەکی پێوەندی بۆ پێ ڕاگەیشتن بە بریندار، نەخۆش و مێوانان دەس نیشان نەکەم، دەسنیشانی مەزنایەتی بە بێ لە بەر چاو گرتنی ژیانی ڕابردووی خۆی و بنەماڵەکەی، بە بێ ئەوە کەسێک توانای ئەوەی هەبێ ناچاری بکا، بە ڕەزامەندی و ڕۆح سووکی وەک پەرستارێک دایکانە دڵسۆز و خەمخۆری خزمەتی مرۆیی بە هاو سەنگەران بوو.

کاتێک دژواریەکانی ڕۆژانی پێشمەرگە بوون و ئێش و ئازاری دەربەدەری و زەخت و گوشاری دوژمن بۆسەر خەڵکی وڵاتەکەم هەروەها درێژەی ستەم و نامرۆڤایەتی لاپەڕەی زەینم دادەپۆشن تەنێ سەرفەرازی ناسینی مرۆگەللێکی بەرز ڕەوشتی وەها لە درێژەی ئەو ماوە پیرۆزەدا دەبێتە مەڵهەمێکی ئاسوودەیی بەخش بۆ تەسکینی ئازارە بە جێ ماوەکان، ئازاری لە دەست دانی کەڵەپیاوانی وەک کاک نەبی لە سەر هۆش و جەستەم.

کاک نەبی لە دواچرکە ساتەکانی کۆتایی ژیانی نیشتمان پەروەرانەی جیا لە ئازاری جەستەیی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە، شێرپەنجەی دوو بەرەکایەتی و هۆمێدی دوایی هاتن و تەبایی ڕیزەکانی جووڵانەوە بۆ ڕزگاری کورد دوا وشەی سەر زاری لە ئاخرین پێوەندی تلێفۆنی نێوانمان بوو.

حورمەتی فراوانتر بۆ ڕۆحی نەسرەوتووی کاک نەبی قادری و سەرجەم قربانیەکانی ئەو ڕێگا بەرز و پیرۆزەو خوازیاری بە دی هاتنی تەبایی شۆڕشگێڕانی ئەویندداری سەرفەرازی کوردستان .

===

کۆمیتەی شارستانی پیرانشار لەو سەردەمە دا بۆ پێڕا گەیشتن بە کاروباری سیاسی، تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی و.....لە ناوچەکانی:

گەدە. نەڵێن، بەری مێرگان، پیران، بەربنە ،لاجان... کۆمیتەی ناوچەی دامەزراندبوو. بەرپرسی هەر یەک لەم ناوچەگەلە لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان دیاری دەکرا. دیارە هەرکۆمیتەیەک چوارچێوەی ئەرک و دەسەڵاتی دیاریکراوی خۆی هەبوو.

بەشێک لە زانیاریەکانی ئەم نووسراوە بە یارمەتی برای بەڕێز و هاو سەنگەری ڕۆژانی دژواری بەرەوانی نیشتمان کاک س.ع . ە پشتڕاست کراوەتەوە.

**تێ بینی ١**: بەشێک لە دۆستانی پیرانشار لەو بڕوایە دان ئیمام جۆمعە دەورێکی وەهای لە دابەزینی ئەو کارەساتە نەبوە.

**تێ بینی ٢**: کورت پاش دەرمانداو کرانی ئەندام و بەرپرسانی حێزبی لە پیرانشار کۆمیتەی حیزب لە پێوەندیەکدا لە گەڵ دەفتەری سیاسی بە ڕاوێژ باسی هێنانە گۆڕی تۆڵەی هاوچەشنی بە گوێرەی هەبوونی ئەندامی نفووزی لە نێو ئۆرگانە کانی دەسەڵاتی ترۆریستی کۆماری ئیسلامی هێنایە بەر باس کە ئەگەر ڕەزایان لە سەر بێ وەلامیان بدرێتەوە.
وەڵام ئەوەبوو: ئەوە کردەوەییێکی نامرۆڤانەیە ئێمە سەرەڕای تێکهەڵچوونی ڕۆژانە و کوژرانی نەفەر لە هەردوولا هیچکات ئامادەنین هاو دەنگی لە گەڵ کردارێکی ئەوتۆ بۆ کەسانی ڕژیم لە هەر پلەو پایەیەکدا بکەین.خەباتی ئێمە خەباتێکی ئێنسانی بۆ مافێکی ڕەوایە. لەم پێناوەدا دەس لە کرداری نارەوا وەر نادەین.

**تێ بینی ٣**: بە مەودای چەند ساڵ دواتر ڕژیمی ئیسلامی سەر لە نوێ بەر بڵاوتر لە هەورامان، هەڵەبجە و گەورەدێ دەستی تێکەڵ بە کردەوەی دەرمانداو کردنی کادرو بەرپرسانی حێزب تێکەل کرد لە ئاکام دا شهید بوونی چەندین کەس لە خەباتگێرانی نیشتمانی لێ کەوتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: نۆڤەمبەری ٢٠١١



**کاک سەدیق بابائی و کاک نەبی قادری**

# کاک نەبی ئەستێرەیەکی گەش بوو، دەرکەوت و ڕاخوشی.

## بۆ یادی کاک نەبی قادری




**سەعید بەگزادە**

زەمان زۆر بە خێرایی تێدەپەڕێ،ساڵ دێن و دەڕۆن و مەودامان دەگەڵ کاک نەبی زیاتر دەبێ. ئەو ماوە دوورییە بە پێی سروشتی ئادەمیزاد دەبوو زۆر فەرامۆشی بەدوادا هاتبا. بەڵام ئەو لێک دابڕان و دوورییە نەتەنیا نەیتوانیوە سیمای جوانی کوردانەی کاک نەبی وەشارێ و لە زەینمدا بیشوواتەوە، بەڵکو ئەو کەسایەتیە خەسلەت جوان و کوردانە و خۆشەویستە کەمرەنگیش نەبووەو نابێ. کاک نەبی هەر لە لامانە. دەگەڵمانە، قسەکانی، پەیامەکانی، قەڵافەتی جوان و ڕێک و پێکی، خو و ڕەوشتی کوردانەی لە بەر چاوی زەین و هۆشدا هەر ماون. کاک نەبی برا و هاورێ و بەرپرسەکەم هەر بە جەستە ونە.

کوا بەم زووانە ئەو هەموو ئاکار و کردەوە مەردانەیە، ئەو کۆ خەسڵەت و بیر و ئەندیشە جوانانە ون دەبن.

کاک نەبی بناخەی ژیانی خۆی وا دانەڕشت کە بەم زوانە لە بیر کرێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی و تاڕادەیەک دەست ڕۆیشتودا چاوی پشکووت، بەڵام قەت لە ژیانی کورتی خۆیدا چین یان توێژێکی تایبەتی لە کۆمەڵدا بۆ هەستان و دانیشتن و هات و چۆ و پێکەوە کار کردن هەڵنەبژارد. لە هەموو و چین و توژێکی کۆمەڵدا دۆست و ئاشنای هەبوو، دەگەڵ پیر و گەنج و لاو و دەست ڕۆیشتوو نەداراندا وەک یەک هەلس و کەوتی هەبوو. تەنانەت کەم کەسم دی بەرادەی کاک نەبی

لە لای منداڵ و میرمنداڵاندا خۆشەویست بێ. ئەو بە زمانی هەموانی دەزانی. کورد بوو، ژیانی خۆی بۆ ژیانی بەختەوەرانەی کورد تەرخان کرد. ئەو بۆ خەیاڵ و ئارەزو نەژیا، ئارام و ئاتوسا و ئازاد لە گۆشەیەکی دەرونی پڕ هەستی ویدا جێیان گرتبوو. هەستی پڕ لە خۆشەویستی ئەو بۆ هەموان بوو، بەڵام لە هەموان زیاتر بۆ کوردستان.

کاک نەبی زۆر زوو بە دەرد و مەینەت و بەشخوراوی میللەتەکەی زانی و هەستی بە زوڵم و زۆرداری لەسەر خەڵکەکەی کرد. بۆیەش راست لەو تەمەن و سەر و بەندەدا کە دەی توانی ژیانێکی ئارام و دەکرێ بڵێین بێ ترس و خۆف و سەقامگیر بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دروست بکا، تەواوی ژیان و توانایی خۆی و دەرفەت و ئیمکاناتی بنەمالەکەی بۆ خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەی تەرخان کرد.

من کاک نەبیم لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا ناسی. بەو جیاوازیە کە کاک نەبی تەمەنی لە سیاسەت و حیزبایەتی کردن و بەر پرسایەتیدا لە من زیاتر بوو. بەڵام زۆر زوو توانیمان لە یەکدی نزیک بین و ببینە دۆست و هاورێیەکی باشی یەکتر. لێک نزیک بوونمان بوو بە هۆی تێکەڵاوێکی بنەماڵەیی کە تا ئێستاش بەردەوامە.

کاک نەبی مرۆڤێکی سەنگین و گران، بە حەیا، لە هەمانکاتیشدا پیاوێکی بە دەمار و شایی بە خۆ و لەبەر دڵان بوو. زۆر زوو دەیتوانی دەگەڵ کەسێک کە ئەگەر یەکەم دیداریشیان بێ، ببێتە دۆست و ئاشنایەکی نزیک. کەم کەسم دیوە بە ئەندازەی کاک نەبی دۆست و ناسیاوی هەبن.

هەر لە سەرەتای ئاشنایەتی و دۆستایەتیمانڕا باس و راوێژمان بە یەکەوە زۆر بوو. لەسەر سیاسەت و حیزبایەتیڕا بگرە هەتا زۆر باس و خواسی دیکەی نێو کۆمەڵەکەمان و گرفتەکانی ژیانی میللەتەکەمان. واهەبوو کە بۆچوونمان یەکی نەدەگرتەوە. جاری وابوو باسەکەمان دەکێشرایە تورە بوون، بەڵام کاک نەبی هەر وەک برای گەورە، دڵ فراوان و بێ کینە و بوغز، هەموو تورە بوونەکەی لێمان، کاتی بوون. نەک هەر بۆ من بەڵکو بۆ زۆربەی دۆستەکانی بە تایبەت ئەوانی لە خۆی چوکتر بوون هەر بەو شێوەیە بوو.

کاک نەبی لە ماڵی خۆشیدا نمونەی پیاوێکی دڵ گەورە و خانەدانێکی کورد بوو. هیچی بۆ کەس لە چاو نەبوو. زۆر میواندار، مەجلیس خۆش، قسەزان وشارەزا و ئەدەب دۆست بوو.

کاک نەبی مرۆڤێکی ئازا، فیداکار، دێمۆکرات و ساحەبی قسەی خۆی بوو. نەمدی و نەم بیست نان بەکەس بە قەرزبدا. هەرگیز ملی بۆ زۆر دانەنەواند. قسەی ناحەق و کردەوەی نادێمۆکراتیکی کەسی قبوڵ نەدەکرد، با خۆشی زیانی کردبا.زۆر



سەرچاوە
Serchawe

جار دیتم بەرژەوەندی خۆی فیدای قازانجی گشتی دەکرد. زاڵم نەبوو، ستەمی لەسەر کەس نەبوو، بۆیەش ناعەداڵەتی پێ قبوڵ نەدەکرا. جا ئەوە لە لایان هەر کەسەوە بایە،چ دوژمن و نەیار، چ خۆیی. بویر بوو، بە لای ئەوەوە ستەم گران بوو، جا ئەگەر خۆیی بیکردبایە زۆر قورس و گران و بە ژانتر بوو. پێی وابوو خەڵکی چەوساوەی ئێمە دەبێ فێر کرێن ئازاد بژین، بێ زەوت کردنی هیچ مافێک، بێ ستەم و سەرکوت و ناعەداڵەتی. کاک نەبی کوری رۆژی تەنگانە بوو.

کاک نەبی قادری لە ساڵی ١٣٣٩ هەتاویدا پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و لە کۆنگرەی 5ی حیزبەوە تا دوایین کاتەکانی ژیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. دوو دەورەش لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێردا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بووە. مەیدانی کار و چالاکیەکانی کاک نەبی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و ئەرکی جۆراوجۆری حیزبی دەگرتەوە. بەر پرسی کۆمیتەی شارستان، بەرپرسایەتی ناوەندەکان، بەرپرسی کۆمیسیۆن و... بوە.

پاش کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر، بۆ چالاکتر کردنی کۆمیتەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات و بەرینتر کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەل و وڵاتانی دەرەوە، کۆمیتەیەک بۆ دەرەوەی وڵات دیاری کرا و کاک نەبی بەرپرسایەتی ئەو کۆمیتەیەی بە عۆدە گرت و منیش هاوکار و جێگری بووم. ئەو کۆمیتەیە لەژێر مودیرییەت و رێنوێنیەکانی ئەودا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی ئەندامانی حیزب سازمان بداتەوە و تۆرێکی بەرینی تەشکیلاتی لە لایەنگرانی حیزب لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیادا پێک بێنێ. توانایی مانۆردانی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر لە دەرەوەی وڵات بەرادەیەک بە هێز و کارا بوو کە لە هێزە کوردستانیەکان پ.ک، ک و لە هێزە ئێرانیەکانیشدا تەنیا موجاهیدین لەو بوارەدا بە تواناتر دەردەکەوتن. ئەو حیزبە جێگا و شوێن و پلە و ئیعتبارێکی زۆری لە نێو کۆڕ وکۆمەڵە کوردستانی و ئێرانی و دەرەکیەکاندا پەیدا کردبوو. کۆمیتەیەکی بەبەرنامە و حیزبێکی بە پرێنسیپ و بەرپرس لە ئاست گشت مەسەلەی کورددا، چ لە نێو هێزە کوردستانی یەکاندا و چ لە نێو ئێرانییەکاندا جێگا و شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو. کۆمیتەو ئەندامانی ئەو حیزبە هەر دەتکوت بنەماڵەیەکی تەبا و رەبان بە یەکەوە. سەفاو سەمیمییەت و رێز و حورمەت کەش و هەوای هەمیشەیی جەلەسەکان بوو. دەگەڵ ئەوەش بۆ بەهێزتر کردنی جولانەوەی کورد لە زۆربەی جەلەسە و باسەکانی نێو خۆییدا هەوڵ و باس و قسە بۆ یەکمالی کردنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو.

کاک نەبی وەک بەرپرسی ئەو کۆمیتە و وتەبێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر، بۆ زیاتر ناساندنی دەنگی ئازادیخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران، توانی لە ماوەیەکی کورتدا بەدەیان وت و وێژو چاو پێکەوتنی سەرکەوتوانە دەگەڵ رۆژنامە و تلویزیۆن و رادیۆکاندا ئەنجامبدا.



سەرچاوە Serchawe

دەگەڵ زۆر پارلمانتێر و نوێنەری حیزبەکانی دەسەڵات بەدەستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دیداری کرد ولەسەر کێشەی کورد باس و راوێژی دەگەڵ کردن. کاک نەبی قادری لە دەرەوەی وڵات تەنیا نوێنەری حیزبی دێمۆکرات نەبوو. ئەو سەفیرێکی باش و بەوەجی کورد بوو. لە مافی گشت کورد داکۆکی دەکرد. کێشەی نێوان رێکخراوەکانی کورد گەلێک ئازاری دەدا. زۆر جار لە کوردستان بۆ بڕانەوەی ئەو جۆرە کێشانە خۆی دەزۆر مەترسی گەورە هاوێشت. لەدەرەوەش بۆ کاری خێر و قسەی باش لە نێو رێکخراوەکانی کوردیدا ناسراوی هەموان بوو.

ئێمە پێمان وابوو کە کورد پێویستی بە یەکدەنگی‌یەک هەیە، جا ئەگەر لە نێو خۆی ولاتیش ئەو ئیمکانە نییە با لەدەرەوە ئەو وەحدەتە پێک بێ. پێمان وابوو باشترە کە کوردی هەر چوار پارچە لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بە زمانێک و بە یەک هەیئەتی نوێنەرایەتیەوە لێرو لەوێ قسان بکا و پەیوەندی دامەزرێنێ و داخوازییەکان بێنێتە گۆڕێ. لەو بوارەشدا چالاکی کاک نەبی بۆ هەموان ئاشکرا وبەرچاو بوو.

کاک نەبی لە نێو ئێمەدا یەکێک لەو کەسانە بوو کە بۆ تێکەڵ کردنەوەی دوو باڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی زۆریدا. پێی وابوو ئەو دوو باڵەی حیزب دەبێ یەک بگرێتەوە و خەباتی کورد لە کوردستانی ئێرانی پێ بە هێزکرێ. بڕوای بە تێکەڵ بوونەوەیەک بوو کە دەرەتان و ئیمکان بۆ هەمووتواناکان پێک بێنێ کە بتوانن دەخزمەت حیزب و گەلەکەیاندابن. بڕاوی بە یەکگرتنەوەیەکی بێ پێچ و پەنا و نیاز پاکانە بوو. لە شەڕ و کێشەی نێو خۆیی بێزار بوو.

بەڵام داخی گرانم، کاک نەبی ئەو ئاواتەی خۆی وەک زۆربەی هیوا و ئاواتەکانی بە چاوی خۆی نەدی. ئاواتی بوو دێمۆکرات یەک بن، لە دوو بەرەکی رزگاریان بێ. پاش مەرگی کاک نەبێ دوو دێمۆکرات بوونەوە بە یەک و ئاواتی کاک نەبی وەدی هات بەڵام، ئەو نیاز پاکییەی کە دەمانهەویست و پێویست بوو بەتەواوی نەبیندرا.

چەند ساڵ پاش مەرگی کاک نەبی دیسان حیزبەکەی کاک نەبی دووچاری کارەسات بووەو دیسان بۆوە بە دوو، لێک دابرانێک کە بێ گومان بۆ روحی کاک نەبی و بۆ دۆستانی کاک نەبێ ناخۆش و گران بوو. بۆیەش هەوڵی حیزب و دۆستانی کاک نەبی بۆ یەک پارچەیی نیازپاکانەی دیمۆکرات و بەهیزتر کردنی توانایی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر بەردەوام دەبێ.


قەت لە بیرم ناچێ، کۆبونەوەی کۆمیتەکەمان بوو، لەسەر مەسەلەیەک دەگەڵ کاک نەبی یەک ڕا نەبوین. بۆ چوونی من و کاک حەمەدەمین دەگەڵ هی ئەو فەرقی هەبوو. کاک حەسەنی رەستگاریش کە بەسەردان لە ئوروپا بوو، دەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو. پاش ماوەیەک هەستم کرد کاک نەبی رەنگی گۆڕا، کاک حەسەن لە باسەکەدا کەوتە لای کاک نەبی، من زۆرم

بە لاوە سەیر بوو. دەمزانی کاک حەسەن بۆچوونی لەو مەسەلەدا لە من نزیکترە هەتا کاک نەبی، ئەی بۆ وا دەڵێ؟! پاش ماوەیەک بانگی کردمە گۆشەیەک و پێی کوتم ' برێک نەرم بن، بەداخەوە کاک نەبێ توشی نەخۆشی شێر پەنجە بووە". لەجێی خۆم سڕ بووم، دەتکوت کوتکێکی قورسم وەسەری کەوتووە، ئەو هەواڵە بۆ من زۆر قورس و گران وقبوڵ کردنی زەحمەت بوو، یان باشترە بڵێم پێم خۆش نەبوو باوەڕبکەم. بەڵام کاک نەبی خۆیی نەیدەویست ئێمە ئاگادار بین، نەکا شوێن لەسەر کارەکانمان دابنێ و لە و بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانماندا شل بینەوە.


هەر چەند نەخۆشی کوشەندەی شێرپەنجە تەواوێک کەم  توانای کردبوو، بەڵام هەتا دوایین ساتەکانی کە زمانی لە کار کەوت و تاقەتی بزووتنی بڕا، لە کارو تێکۆشان رانەوەستا. بە هەموو ئێش و ئازاری شێرپەنجەوە ژانی کوردی لەبیر نەچۆوە. لە دوارۆژەکاندا کاک نەبی لەدوو بەرەدا بەربەرەکانی دەکرد، بەرەیەکیان گیروگرفتە سیاسییەکانی نەتەوەکەمان بوو،بەرەکەی دیکەش ململانێ دەگەڵ ئەو شێرپەنجەیە بوو کە لە دەروونـدا پێی هەڵدەزنا و بەرەبەرە کزولاوازی دەکرد.شیرپەنجە جەستەی کاک نەبی لەکارخست بەڵام ورەی پێ بەرنەدا، کاک نەبی کەم ژیا وکەڵ ژیا، ئەو دارێک بوو بە پیوە مرد وچۆکی دانەدا و نەلەرزی.

کاک نەبی بەجێی هێشتین. زۆرمان هەوڵدا چالاکییەکانی حیزبی پاش وی کەم نەبنەوە و لە کورتی نەدەن. رووزەرد نەبوین، بەڵام  نەبوونی کاک نەبی مان زۆر پێوە دیار بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١



## ئەمڕۆ کە یادو بیرەوەری ١٥ ساڵەی ئاغای قادری یە.



**داخەیاڵ هاوسەری کاک نەبی قادری**

ئەمڕۆ کە یادو بیرەوەری ١٥ساڵەی ئاغای قادری یە، سوپاسی هەموو ئەو دۆست و رەفیقانە دەکەم کە یادی دەکەنەوە. هەر ئەوە کە لەبیری ناکەن و رێزی لێدەگرن بۆ من سەربڵێندیە. بەداخەوە بۆخۆم خوێندەواریم نیە و ناتوانم بنووسم و بخوێنمەوە هەر بۆیە ئەو زەحمەتەی دەدەمە بەر کەسێکی خۆم. بەڵام ئەوەی دەدڵم دایە رەنگە ئاوا کە لێم دەپرسن نەتوانم بەباشی باسی بکەم. ساڵ و مانگیشم هیچ لەبیرنیە و ئێوە بۆخۆتان باشتر دەزانن ساڵەکان بخەنەوە سەریەک.

رەنگە سەربردەی ژیانی ئێمە بۆ هەموو کەس خۆش نەبێ. بەڵام ئەوەندەی لەبیرم ماوەو دەدڵم دایە پێمخۆشە بۆ ئێوەی باس بکەم.

جارێ با ئەوە بڵێم پێش ئەوەی من و رەحمەتی ببین بە ژن و مێرد، هەر دووکمان بە دڵ کوردایەتی و حیزبایەتیمان پێ خۆش بوو. بە منداڵی کە هەر دەوری ١٠ ساڵانە دەبووم، کە کاک ئەحمەد تۆفیقی رەحمەتی دەهاتە مەنتەقەی ئێمە، نامەیان پێدا دەناردم بۆ لای مەلا عەوڵای یان بۆ مام مارفی. ئەمنیش نامەکەم کە وەک نووشتوویەک وابوو، دەشاردەوە و بۆم دەبردن. هەر لەو کاتیەوە کوردایەتیم پێ خۆش بووە. دیارە بابم ئاگای لێ بوو و پێی خۆش بوو کە ئەویش پێشتر بۆخۆی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو.

نسیب وا نووسرا بوو، رەحمەتی ناردیە سەرم و مێردم پێکرد. هەر لە یەکەم رۆژەکانی ژیانمەوە لەگەڵ رەحمەتی لەسەر

حیزبایەتیە کەوتمە دەردەسەری و نارەحەتیان. دوای ساڵێک و چەندی باشم لەبیر نیە کە رۆژێکی رەحمەتی لێی پرسیم: ئەوە ئەتۆش ئەوکارانە دەکەی، یانی کاری حیزبی؟ کوتی خۆ منیش ئێستا ئەوکارانە دەکەم. مەنزووری ئەوەبوو کە ئەویش بووە بە حیزبی. منیش بە خۆم نەبوو دەستم کرد بە گریانێ. کوتم زۆرم پێخۆشە کاری حیزبی دەکەی، بەڵام لێت دەترسێم. (مەبەست لێی نیگەرانە). واهات دوای ماوەیەک پێیان زانی، یان لێی مەشکوک بوون و گرتیان. شەو و رۆژێک لە زیندانێیان کرد و زۆریشیان شکەنجە کردبوو. بەڵام دوای ئازاد بوونی کوتی. ئەگەر ئەتۆ لە پشتم بی و تەشویقم بکەی و دڵگەرمم بکەی، قەت وازناهێنم و دەست لە کوردایەتیە هەڵناگرم. ئەوەی لە بیرم بێ یەک دوو جاری دیکەشیان ئاوا گرت.

رەحمەتی زۆر حورمەتی ژنی دەگرت. قەت بە چاوی خەیانەت چاوی لە ژنی خەڵکی نەدەکرد. لە ماڵێش دا کە دەهاتەوە هەر کەس میوان با و لە ماڵێ من با، قەت نێوچاوانی لێ تێک نەدەنا. لەگەڵ دایکم دەچووم بۆ سەرەخۆشی یان بۆ سەردان و پێوەچوون بە ماڵێکی، قەت دەنگی نەدەکرد. پووڵی دەدامێ بۆ خەرج و مخاریجی ماڵێ قەت نەی دەکوت بۆ پوڵ نەماوە و چت لێ کردو چۆنت خەرج کرد. لە تەواوی ئەو ماوەیەش دا کە ژن و مێردبووین بۆ جارێکیش قسەی ناحەز و سووکی نەداوە بەمن. دیارە هەموو ژن و مێردێک بەیەکەوە کێشەیان دەبێ و لێک نارەحەت دەبن. ئەگەر لەگەڵ رەحمەتی لێک تووڕە دەبووین، نێوچاوانی تێک دەنا و هیچی نەدەکوت. قەت لە منداڵی نەدەدا، تەنها جارێک نەبێ کە ئازاد لە ئارەزوویدا، ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو، مەجبوور بوو لێی دایەوە.

رەحمەتی بۆ خوێندن لە تارانێ وەرگیرابوو و دوای ماوەیەک ماڵمان چوو بۆ وێ. لەوێش هەر کاری حیزبی دەکرد لەگەڵ کاک تەهای حەق تەڵەب کە دوایە لە کوردستانی عێراقێ شەهیدیان کرد. شتی دەکڕی بۆ شۆڕشی کوردستانی گەرمێنێی دەنارد. ئەو ماوەیەی لە تارانێ بووین، جارێکیان بورسی ژاپۆنێی درابۆیە، بەڵام بەهانەی هێناوە کە نەچێ لە بەرکاری حیزبی و کوتی دەبێ ژن و منداڵەکەشم بەرم لەگەڵ خۆم. ئەوانیش نەیان نارد.

دوای تەواوکردنی خوێندنەکەشی هاتینەوە شنۆیە. هەروا ساڵێک دەبوو هاتبووینەوە، کە لەسەر تکا و رەجای خەڵکی بوو بەشارەدار. ماوەی نێزیک بە ساڵێک ئەو کاری کرد و ئەوەندی لەدەستی هات خزمەتی بە شنۆیە کرد. بەڵام هەروا دوو حەوتووی مابوو بۆ جێژنێک کە باشم لەبیرنیە، دەبوو دوعا بۆ شای بکا، ئیستعفای دا. هەرچی داوا و تکایان لێکرد کە بمێنێتەوە، جوابی نەدانەوە. دوو جاریش تەشویقیان کرد و کادۆیان دایە. کادۆکەش عەکسی شاو شابانووی بوو لەگەڵ هێندێک پووڵ. عەکسەکەی دەشکاند و پووڵەکەشی دەدا بە فەقیران.

هێندەی پێنەچوو کە تەزاهورات لە تاران و تەورێز بەدژی شای دەستی پێکرد. رەحمەتیش لەشنۆیە خەڵکی رێکدەخست و هانی دەدان بۆ تەزاهوراتێ. کە شا رووخا دەستی کرد بە کاری حیزبی و مووچەکەشیان بڕی. ئێمەش ئەوەی هەمان بوو لە

زێڕ و پووڵ، وردە وەردە دەمان خوارد. تا وای لێهات چی وامان بەدەستەوە نەمابوو. مەجبوور چوومەوە سەر ماڵێ بابم.

هەم لەبەر دەست کورتیەو هەم بۆ ئەوەی ئەویش دەستی ئاوەڵابێ بۆ کاری حیزبی. بۆخۆشی زۆرتر لە مەقەڕی حیزبی دەمایەوە.

تا وای لێهات شنۆ گیرایەوە و ئێمەش چووینە میراوێی سەردەشتێ. وابوو ئێمە دوو مانگان لەوێ بوین جا ڕەحمەتی پێی زانی و هاتەوە لامان. بەڵام لەوێش کەمتر دەمایەوە و زۆرتر بۆ مەئموریەتی حیزبی دەڕۆیشتە مەنتەقەی دیکە. ساڵێک و چەند مانگێک دەبوو ئێمە لە میراوێ بووین کە ڕێژیم حەملەی بۆ کردو گرتیەوە. ئێمەش چوینە سنجەڵێ. لەبەر ئەوەی هیچمان نەبوو، ئەمنیش بە خاتری ڕەحمەتی وەسەرخۆم نەدەهێنا. ماوەی چەند مانگان وەک قەرەواشان کارم بۆ ماڵێ ... دەکرد بۆ ئەوەی کەچکە دۆیەک یان ماستم بدەنێ بیدەم بە منداڵەکان. ئەو کارانەشم هەمووی بەخاتری سەر بڵێندی ڕەحمەتی دەکرد.

ساڵ هات و ڕۆیشت چووینەوە شنۆیە و لەوێش نانێکمان بە ئاسودەیی نەخوارد. ڕێژیم زۆری فشار بۆ دێنای. بەتایبەتی بۆ بابم، کە ئێمە زۆرتر لە ماڵێ وان بووین. تا ئاخیری وای لێهات ناچار بووین بێینە لای ڕەحمەتی لە دەفتەری سیاسی لە گەورەدێی مەنتیقەی سلێمانیە. بەڵام هەرچی کردمان حیزب ڕازی نەبوو ئێمە لەوێ بمێنینەوە. دوای دوو حەوتوان ڕەحمەتی ئێمەی ناردەوە شنۆیە.

ڕێژیم لە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ زیاتری فشار بۆ دێنایین. شەوانەش نەمدەتوانی بە خاترجەمی بنووم. تا وای لێهات بەبابمیان کوت بڕۆ یان دەبێ نەبی قادری بێنیەوە یان دەبێ منداڵەکانی بۆ بەجێ بێڵی. ئەمنیش زۆرم پێ خۆش بوو لەو وەزعەی نەجاتیم بێ. هێندەی پێ نەچوو ئێمە سازبووین و هاتین و لە دۆڵی قەڵاسەیدەی گیرساینەوە و بە ئای قادری شادبوومەوە.

دوای دوو سێ ساڵان هاتینە دانمارک و بەداخەوە لێرەش نە حەسامەوە. قەت نەبوو ئێمە ساڵێکی پێکەوە بین... تەنها ئەو کاتەی ڕەحمەتی تووشی ئەو نەخۆشیەی بوو، ماوەی نێزیک بە ساڵێک فرمێسکم هەڵوەراندن تا بە ڕەحمەتی خودای شادبوو. دەتکوت نسیبی من وا نوسرابوو. کە دووبارە خۆم و منداڵەکان بە تەنیا بمێنینەوە.


ئەوەش کورتەیەک بوو لە ژیانی من لەگەڵ ڕەحمەتی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە نارەحەتی و چەرمەسەریەی چێشتوومە قەت پەشیمان نیم. هەر سەربڵێندم بە مەرام و ئامانجەکانی ئای قادری. ئیفتیخار بە ڕێگاکەی دەکەم و تا دەشمرم هەروا

دەمێنم. چەند حەوتوو دەبێ لە حەجێ هاتوومەوە، لەوێش هەر دەپاڕامەوە بۆ کوردستان ئازاد بێ و لەدەستی ئەو رێژیمەی نەجاتیمان بێ و بە سەربڵیندی بچینەوە وڵاتی خۆمان. یا ڕەببی دۆست و ڕەفیقەکان و حیزبەکەی کاک نەبی لە بەڵا و نسیببەت و نێوان ناخۆشی بەدوور کەی. بم بەخشن زۆرم سەر ئێشاندن. بەڵام چ بکەم زۆرم لەدڵ دایە و هەمووییم بۆ نایە. بە خواو دەسپێرم

**داخەیاڵ هاوسەری کاک نەبی قادری**

**کۆپێنهاک**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١**



## بۆ یادی پازدەهەمین ساڵی کۆچی دوایی کاک نەبی.




**رەحیم محەممەزادە**

ئەورۆ پازدە ساڵ بەسەر کۆچی داویی برا و هاوڕێی تێکۆشەرم کاک نەبی قادری دا تێپەڕ دەبێ.

پازدە ساڵ لەمەوبەر لەرۆژی ٢ی دیسامبردا ئەستێرەیەک لە ئاسمانی خەباتی کوردستان کوژایەوە. پازدە ساڵ لەمەوبەر تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناسی رێگای سەربەستی و ئازادیی گەل و نیشتمان بە جەستە مالئاوایی لە ئێمە کرد کە تیشکی هرز و بیری لە سەر لاپەڕەکانی مێژوو دەمێنێتەوە و دەبێتە ڕووناکیدەری ڕێی خەباتی نەوەکانی داهاتووی ئەو گەلە.

پازدەساڵ لەمەوبەر رووناکبیرێکی کورد مالئاوایی لە ئێمە کرد کە بە تێگەیشتنەوە هەستی بە بەشخوراوی و بێ بەشی گەلەکەی کردبوو بۆیە بە قەبووڵی هەموو مەترسییەکانی سەررێگای ژیانی بەڵێنی خەبات بۆ رزگاریی گەلەکەی دابوو. کاک نەبی ئەو رووناکبیرە نەترسەی کورد بوو کە لە زەمانی دەسەڵاتداریێتی شا ڕا، لەو کاتە ڕا کە وەک ماموەستای قوتابخانەکانی شنۆو دەوروبەری کاری دەکرد، دەستی بە روونکردنەوە بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەت قوتابییەکانی کرد، هەر بۆیەش لە گەڵ پەیوەستبوونی کاک نەبی بە حیزبی دیموکڕات سەدان قوتابیی ئەو رووناکبیرە بێ باکەش بوون بە کادر و پێشمەرگەی حیزب و هەر کام لەوانە بوون چقڵێک لە چاوی دوژمنانی ئازادی دا. کاک نەبێ رووناکبیرێکی کارامە و نەسرەوتوو لە زەمانی دیکتاتۆریی حەمەرەزا شا دا و رێبەر و رێنیشاندەرێکی بە کردەوەی گەل پاش هاتنەسەر کاری رێژیمی ئیسلامی لە ئێران دابوو.

کاک نەبی ئەو خەباتکارە نەترس و باوەڕ بەخۆیە بوو، کە لە کاتی خۆیدا بە چاوپۆشین لە پلە و پایەی ئیداری و کۆ


سەرچاوە
Serchawe

کردنەوەی سەروەت و سامان، دەستی بە خەبات بۆ ئازادیی گەل کرد و تا ئاخرین هەناسەی ژیانی وەفاداری ئەو ڕێگایە مایەوە و هەر لە پێناو ئەو بیرەش دا سەری نایەوە.

کاک نەبی ڕێبەرێکی بەتوانا و پیاوی عەمەل و کردەوە بوو. ئەو هەر لەو ڕۆژەوە کە بوو بە خەباتکاری ڕێگای ئازادی هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک لە ناوچە سەخت و پڕ کێشەکانی کوردستان، لە سەنگەری پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد دا لە مەیدان دابوو. لە کار کردن دا شوێن بۆ ئەو مانای نەبوو و خۆی بە خەباتکاری هەموو کوردستان دەزانێ و کوڕی ڕۆژانی سەختی خەبات و بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمنان بوو. ڕۆژێک کێلەشین، ڕۆژێک هومام، ڕۆژێک قەلاتێ شا، ڕۆژێک ئاویەر و ئاربەبا و ڕۆژێک چیاکانی شپیران جێگا خەوی ئەو بوون.

کاک نەبی لە هەر سەنگەرێکدا کاری کردبا بە ئیخلاس وبە ئاوپەڕی ئیمانەوە کاری دەکرد، ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ تا ئاخرین زەڕە لە هێز و توانای کە تەنیا سەروەت و سامانی شەخسی وی بوون سەرفی خەبات لە ڕێگای ئازادی دا بکا. ئەگەر مرۆڤ چاو لە دەفتەری کاری کە وەک یادگارێک راگیراوە بکا، زیاتر پەی بە بەردەوامی و ڕێکوپێکیی ئەو لە کار و تێکۆشانی دا دەکا.

دەفتەری یادداشتەکانی ساڵی ٩٦ ی وی ئاوا نیشان دەدەن کە لە هەوڵی ساڵدا یادداشتەکانی بە ڕێکوپێکی نوسراون و بەڵام چۆنیەتیی خەتەکەی بەرەبەرە لە کزی دەدا، بە جۆرێک کە لە ئاخرییەکان دا تەنیا دەبینی کە شتێک نوسراوە بە بێ ئەوەی کە بۆ خوێندنەوە ببێ، بەو جۆرە ئەوە وەفای خۆی بۆ ئەو قەول و بەڵێنییە کە گوتی:" تا دوایین هەناسەم بۆ گەل کار دەکەم " بردە سەر.

کاک نەبی ڕێبەرێک بوو کە باوەڕی وابوو سەرکەوتن لە خەباتدا بە بێ مایەدانان و لە خۆبوردوویی ئیمکانی نییە، بۆیە ئەو سەرەڕای ئەوەکە خێزان و منداڵەکانی وەک هەموو خەڵکی دیکە خۆش دەویست، بەڵام لە پێناو شۆڕش و رزگاریی نێشتمان دا مەجبوور بوو ساڵانێکی زۆر دوور لە وان بژی، بەڵام نەهێڵێ سەنگەری خەباتی وی کەلەبەری تێکەوێ.

کاک نەبی بیرێکی بەرفراوانی کوردستانی و نەتەوەیی هەبوو. دۆستایەتی و پەیوەندیی لە گەڵ کوردی پارچەکانی دیکە، تێکۆشانی لە پێناو یەکگرتوویی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان و فیداکارییەکانی بۆ بەرگری لە ئالۆزی و گرژیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان، هەموویان نیشانەی ئەو شێوە بیر کرنەوەیە بوون. دەگێڕنەوە کاتێک لە نەوەدەکاندا شەر لە نێوان پارتی دێموکرات و پارتی کرێکارانی کوردستان دەست پێدەکا، کاک نەبێ حەجمینی نامێنێ و دەسبەجێ لە گەڵ ژمارەیەک لە هاورێیانی بە قەبووڵی گەورەترین مەترسی خۆیان دەگەیننە بنکەکانی پ.ک.ک لە گەڵی رەش و داوای وەستانی شەڕ و

هاواری لە دەست چوونی دەستکەوتەکان بەرزدەکەنەوە.

لە روانگەی کاک نەبییەوە کوردستان نیشتمانێکی دابەشکراو و داگیر کراو و کوردیش یەک نەتەوە بە یەک چارەنوسەوە بوو. ئەو جیاوازیی لە نێوان داگیرکەران دانەدەنا و پێیوابوو سەرەڕای جیاوازیی زمان و لەهجە هەموویان لەسەر کورد خاوەنی یەکڕا و بیرن، ئەویش نابوودیی ئەو گەلەیە و چی دی نیە.

کاک نەبی لە خەبات دا مرۆڤێکی لێبراو و باوەڕ بە خۆ بوو، ئەو لە هەمانکاتدا کە دوژمنی بە هێند دەگرت، بەڵام قەت پێی وانەبوو کە سەبارەت بە مافی رەوای کورد دەبێ لەبەرانبەر دوژمندا دابشکێ. لە گەڵ تێپەڕ بوونی زەمان ئەو بەورەتر و قایمتر لە پێشوو تێهەڵدەچۆوە و بەورەتر و ئازایانەتر دەهاتەوە مەیدانی خەبات. بۆ ئەو بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان لەسەرووی هەموو بەرژەوندێکی حیزبی و شەخسی بوو.

کاک نەبی لە دۆستایەتی و سیاسەت دا مرۆڤێکی پشوودرێژ و پێداگر بوو، ئەو ئەوینداری وەفاداری خەباتکارانی رێگای ئازادی بوو و جێگای متمانە و بڕوای دۆست و رەفیقانی بوو.

قەت ئەو وتەیەی "داخەیاڵ"، خێزانی ئازا و بەوەفای کاک نەبی لە بیر ناکەم کە پاش نیوەڕۆی ١ی دیسامبر تەلیفونی بۆ من کرد و گوتی فلانی ئەگەر پێتان خۆشە چاوتان بە ئاغای قادری بکەوێ، دەبێ خێرا وەڕێ کەون و بگەنە لای. هەر بۆ ئێوارێ من، کاک سەعید بێگزادە، ماموستا سیروان حەفیدی و کاک فەیسەڵ ئێراندۆست وەڕی کەوتین و کات ژمێر ١٠ی بەیانی ٢ی دیسامبر لە خەستەخانە گەیشتینە لای. کە گەیشتینە لای، دوکتور حوسین قادری خاڵۆزای چووە بن سەری و تێیگەیاند کە ئەوە کۆڕێک لە هاوڕێیانت گەیشتتونەتە لات. کە ئەوەی بیست چونکە توانای قسەکردنی نەمابوو، لەتاوان دەستی بە کروژتنی لێوەکانی کرد و هاوکات چەند دڵۆپ فرمێسک بە گۆناکانی دا شۆڕ بوونەوە و ئەوەش لە دوایین چرکەکانی ژیانی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە دا ڕووی دا.

کاک نەبی لە بنەماڵەی قادری دا لە دایک ببوو، بنەماڵەیەک کە گەورە پیاوی وەک کاک حەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) ئەفسەرەی دەورانی کۆماری کوردستانی لێهەڵکەوتوە .

یادی کاک نەبی بۆ هەمیشە لە دڵمان دایە، رێنوێنییەکانی، جوامێری و تایبەتمەندییە ئینسانی و جوانەکانی دیکەشی بۆ هەمیشە سەرمەشقی هاوڕێیان و دۆستانیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## کاک نەبیی قادری لە چەند لاپەڕێکی دەفتەری بیرەوەرییەکانم دا




**قادر وریا**

**بە بۆنەی (دەیەمین ساڵی کۆچی دوایی ئەو نەمرەوە)**

ناو و یادی هیچ کام لە تێکۆشەرانی حیزب وەک ناوو یادی خوالێخۆشبوو کاک نەبیی قادری، من نابەنەوە لای دوورترین بیرەوەرییەکانی ژیانم.

پاییزی ١٣٤٩ی هەتاوییە. چەشمەگۆل هەروا قوتابخانەی نیە. ساڵی خوێندنی پێشوومان لە ماڵێکی چۆلکراو ـ ماڵی کاعەلەی باوکی شەهید قادری ئیفتخاری ـ دا گەیاندۆتە سەر. ئەوا ئێستا نێوەڕاست مانگی خەزەڵوەرەو مزگەوتی ئاوایی کراوە بە مەدرەسەمان. لەجیاتی میز و نیمکەت لەسەر حەسیرو بەڕەو لباد، دانیشتووین. دووسێ ریزین، بەڵام نە نوێژکەرین، نە فەقێین، قوتابین. ئەو لاوەی لە نێو حوجرەش دا راوەستاوەو تەختەرەشێک لە لاشانی چەپیەتی، نەک پێش نوێژ و مەلای ئاوەدانی، سوپاهییەکی دانیشە.

دوانیوەڕۆیەو نزیکەی سەعاتێک ـ یا زەنگێک ـ لە دەست پێکردنی شیفتی دوانیوەڕۆی مەدرەسەکەمان! رابردوە. لە پڕ اسماعیل قویدری معلم یا سپاه دانش لە هاتنی میوانێکی شاری ئاگادار دەکرێ. خێرا دەچێتە دەرو لەگەڵ میوانەکە دێتەژوور. بەو هەموو رێزەی، ئەو لە میوانەکەی دەگرێ و بەکورتە ناساندنێک، تێمان دەگەیەنێ ئەوەی هاتوە بۆ سەردانمان، بە تەعبیرو عەقڵی ئەوکاتمان گەورەی سوپاهیانی دانیشە. یەکەم جارە مەئموورێکی دەوڵەتی دەبینین نەک هەر گرژو مۆن و وشک و خوێنتاڵ نیە، بەڵکوو زۆریش سەرو رووخۆش و دەم بە بزەیە لەگەڵمان. دوای چەند پرسیارێک لە

مامۆستاکەمان، لەوانەی ـ لەبەر وردی و چکۆڵەیی ـ لە ریزی پێشەوە دانیشتووین، هێندێک پرسیار دەکا. پرسیارەکان زۆر هاسانن. هێشتا بەتەواوی وەڵام نەدراونەوە کە میوانەکە ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێ و دەست لە ساکەکەی رادەکاو هەرکام لەوانەی پرسیاری لێ کردوون، دەفتەرو قەڵەمێکیان دەداتێ. بەداخەوە هیچی لەمن نەپرسییەوە تا وەڵامی بدەمەوەو لە بەرامبەر دا خەڵاتم بکا. لە جێی خەڵات شتێکی زۆر بەنرختری لە لا بەجێ هێشتبووم.

خۆشەویستییەکی ئەبەدی! پاییزی ساڵی وەجۆش هاتنی قازانی رق و تووڕەیی دەیان ساڵەی گەلانی ئێران و، سەرڕێژکردنی نەفرەت و بێزاریی ئەوان بەرامبەر بە رێژیمی پاشایەتییە. مامۆستایان، قوتابیان و بە گشتی فەرهەنگییانی شاری شنۆش دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران کردوەو دەستیان کردوە بە پێشاندانی رق و بێزاریی خۆیان و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو رێژیمە.

لە ریزی پێشەوەی ئەوان دا کەسایەتییەکی خۆشەویستی هەموو خەڵکی شار، بەدی دەکەم. لەمێژە بۆم دەرکەوتوە ـ هەر ئەمن نا ـ ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵی بووبێ و هەستی بەو هەموو جوامێری، خەڵکدۆستی، میهرەبانی و گەورەییەی کردبێ، خۆشی دەوێ و ئامادەیە بە شوێن ئەودا، بەدەستی بەتاڵ بەڵام بە مستی ئاسنین و ئیرادەی پۆڵایین، بە خۆپێشاندان و دروشمدان، رووەو دەرکی گورهانی ژاندارمەریی شار، هەنگاو بنێ و بە دەنگی بەرز، ویست و داخوازی چەندین ساڵ سەرکوتکراو، لە بەرامبەر بریقەی سەرنێزەو لوولەی تفەنگ دا، دووپات بکاتەوە.یەکەم بەهاری ئازادییە. دەسکەوتی ئێمەی کورد لە ئێران لەو بەهارە، شەڕ پێفرۆشتنی نۆکەرانی رێژیمی دوێنآ و دەمڕاست و کاربەدەستانی دەسەڵاتی تازە لە ورمێ و نەغەدەیە. میتینگی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە کەوتۆتە بەر دەسڕێژی بەکرێگراوانی کۆنەپەرستی، تا شەڕی براکوژی لە نێو کورد و تورک دا ساز بێ و ئەوان لەو نێوەدا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن. بۆ ماوەی زیاتر لە حەوتوویەک پەیتا پەیتا تەرمی کوردانی بەناهەقکوژراو لە نەغەدەو گوندەکانی دەوروبەریڕا، بۆ ناوچەی شنۆیە دەهێنرێنەوە. بە پێی حیساباتی خەڵکی ئاسایی و ڤاهر بین، حەجەم کوشتوویانن. زۆر کەسی ساویلکەو دەمارگرژ، چارەی کار لە تۆڵەستاندنەوەو تۆڵە بە تۆڵەو تاڵانی ماڵی گوندە تورک نشینەکان دا دەبینن. بەڵام کاک نەبی وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب لەناوچەی شنۆ، بەئازایەتییەوە، لە بەرامبەر ئیحساسات و بڕیاری چەوتی ئەو جۆرە کەسانەدا راوەستاوەو دەڵێ: ئەوانەی ئەم جینایەتانە دەکەن و شەڕمان پێ دەفرۆشن، تورکەکان نین ـ با بە تورکییش قسە بکەن ـ ئەوان دوژمنی هەردوو لامانن. ئێمە براین و هاوەردین. بەمجۆرە ناهێڵێ هیچ یەک لەو تورکانەی لە ناوچەی شنۆیە دەژین یا بە سەردان رێگایان دەکەوێتە ئەو ناوچەیە، کەپۆی لە خوێن بێ. بە تەواوی بڕوام بە قسەکانییەتی.

لە شار ڕا دەچمەوە دێ و لە حاڵێک دا مێرمنداڵێکم و تازە خەتم داوە، داوایەکی لە سەری خۆم زلتر لەگەڵ کەیخوداو پیاوماقووڵانی چەشمەگۆل دێنمەگۆڕێ: با ئەو تەراکتۆرەی چەند لاوی ئاوایی لە گوندی کویلان بەتاڵان هێناویانە،

ببەینەوە بەردەرکی دەفتەری حیزب لە شنۆ و تەحویلی کاک نەبیی بدەینەوە. بە بیستنی ناوی کاک نەبی، بێ دوودڵی بە قسەم دەکەن. چەند رۆژێک دواتر تەراکتۆرەکە دەگاتەوە دەستی خاوەنی.ئێستا ئیدی خەریکین پێ دەنێینە دووهەم بەهاری ئازادی. کاک نەبی لە دەبیرستانی پێشەوا مامۆستای دەرسی دەروونزانی (روانشناسی)مانەو لە دەرەوەی قوتابخانەش لە قوتابخانەی راستەقینەی پێشەوادا، بەرپرسی حیزبیمان.

ئەگەر لە قوتابخانەو لەسەر کلاسی دەرس، قوتابییانی کاک نەبی هەست بە شەخسییەت دەکەن و مامۆستاکەیان وەک هاوڕێیەکی سەمیمی بە ئەزموون دێتە بەرچاو و حەز دەکەن هەموو سەعاتەکان لەگەڵ ئەودا دەرسیان هەبێ، لە دەرەوەی مەدرەسەش بوونی کاک نەبی لە بنکەکانی کۆمیتەی شارستان و یەکیەتیی لاواندا، هاندەرمانە تا پێمان لەو بنکانە نەبڕین.

بە پێشنیارو پشتگیریی ئەو، هەموو دوانیوەڕۆیانی رۆژانی سێشەمە، لە بنکەی یەکیەتیی لاوان کۆڕی شێعرخوێندنەوەمان هەیە. بە هاندانی کاک نەبی لەگەڵ سەدان کوڕ دا، بە دەیان کچیش لە شارو دێ روویان کردۆتە ریزەکانی یەکیەتیی لاوان. خۆشەویستی، خۆمانەبوون و رێنوێنییەکانی کاک نەبی، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی یەکیەتیی لاوانی وەک دەرس خوێندن لە لا شیرین کردووین. لەگەڵ خۆی دا، لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم مزگەوت بۆ ئەو مزگەوت دەمانبا، ترسمان لە میکرۆفۆن دەشکێنێ، لاوان و مێرمندالان بانگ دەکا تا لەگەڵ گوێگرتن لە وتەی جوان و نیشتمانپەروەرانەی ئەودا، چەوری بیستنی شێعری کرچ و کاڵی ئێمەش بکێشن. لە یەکێک لەو سەفەرانەمان بۆ دێی قەلاتان دایە کە پرسیارمان لێدەکا: کێ خەتی خۆشە؟ منی پێ دەناسێنن. دوو دەفتەرم دەداتە دەست. دەڵێ لە مێژە خەریکم فارسی و کوردیی چوارینەکانی خەییام لە پەنا یەک دانێم. ئەوە بە ژمارە دەست نیشانم کردوون، بۆم پاکنووس بکەوە.

دەڵێم: بە چاوان و هیچ بەلامەوە گرنگ نیە کە تاقیکاریی کۆتایی ساڵیش خەریکن نزیک دەبنەوە.کاک نەبی سەرەتای بەهاری ١٣٦٠ بە ئەمری حیزب بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان رەوانە کرا، زۆری پێنەچوو ئێمەش لە شنۆ هەڵقەنراین. لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، شاری شنۆ کەوتە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و ئێمەی تێکۆشەرانی حیزب لەو ناوچەیە، بە ناچار لە مەڵبەندی لاجان جێگیر بووین. کاک نەبی دوای کۆنگرەی پێنجەمی حیزب (سەرماوەزی ٦٠) . کە لەودا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا . بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی پێ سپێردرا. کاتێک لە نێوەڕاستەکانی رەشەمەی ئەو ساڵەدا بۆ کاری یەکیەتیی لاوان رەوانەی ئەو ناوچەیە کرام، دڵخۆشیی هاوکار بوون لەگەڵ ئەو مامۆستایەم، زۆر ترس و نیگەرانیی رەواندمەوەو بێ هیچ دوودڵییەک لەوێ گیرسامەوە. قەدەر وای خواست بەهاری ١٣٦٦، جارێکی دیکە ببینەوە بە هاوکار.

ئەو کە لە چەند ساڵی هەوەڵی دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران دا، لە شنۆ، نەغەدە، پیرانشارو شیمالی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی بەڕێوە بردبوون، لە ساڵەکانی ٦٣ و ٦٤ و ٦٥ یش دا، لە ناوچەکانی جنووبی کوردستان . لە سەقزەوە تا هەورامان . هەموو توانای خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد. بەهاری ٦٦ لە فێرگەی سیاسی . نیزامیی حیزب تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا. وێڕای مامۆستایەتی لە فێرگەدا، ئالقەی پێوەندیی نێوان یەکیەتیی لاوان و فێرگەش بوو و لە هیچ ڕێنوێنی، ئامۆژگاری و هاوکارییەکی ئێمەی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان درێغی نەدەکرد. لەگەڵ ئەو کارانەشی دا خەریکی دوا دەستێوەردانی وەرگێڕاوی ئەخلاقی شۆرشگێرانەی هوشی مین بوو کە لەمێژ بوو کردبووی بە کوردی. ئەو، بۆخۆی نموونەیەکی زۆر زیندووی ئەخلاقی شۆرشگێرانە بوو کەچی لە کتێبان دا بۆی دەگەڕا!دوانیوەڕۆی ١٠ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوییەو لە گۆڕایی یەکی نێوان بۆڵێو ئەستێرۆکان، لە نزیک بنکەکانی فێرگەو یەکیەتیی لاوان . ڕەشبەڵەکی تێکۆشەرانی دێموکرات گیراوە. دەنگدانەوەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و هەراو زەنای بەشداران و بینەرانی شایی، ئارامیی چیاو بەندەن و لێرەواری سپیپۆشی ئەو ناوەی، شێواندوە. زەماوەندە.

کچ و کوڕێکی پێشمەرگە ژیانی هاوبەش پێک دێنن. کاک نەبی کە لەمێژ ساڵە لە جگەرگۆشەکانی دوورەو هەر بە خەیاڵ، خەیاڵ خانم و منداڵەکانی دەبینێ، لێرە بووە بە چەتری سەری ئەوانەی لە رۆژی زەماوەندیان دا، سێبەری باوکیان بەسەر خۆیانەوە نابینن... ئێستا ئیدی کاک نەبی بۆ ئێمە هەر مامۆستاکەی جاران و بەرپرس و هاوڕێی حیزبی و دۆست نیە، باوکیشە!کۆتاییەکانی هاوینی ١٣٧٥ی هەتاوییە. مامۆستا خەریکە بۆ سەفەری ئوورووپا خۆی ئامادە دەکا. زەحمەتی بردنی نامەیەکی دەدەمەبەر. بیستوومە کاک نەبی نەخۆشەو لە نەخۆشخانەیەکی کۆپێنهاک خستوویانە. لەگەڵ ئەوەش دا کە هومێدی بە درێژەی ژیان نیە، ورەیەکی بەرزی هەیەو بەردەوێم بەرپرسانی حیزبی لەم لاو لەو لا هان دەدا بۆ سوور بوون لەسەر هەوڵە پیرۆزەکانیان بە مەبەستی یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب و کۆتایی هێنان بەو جودایییە تاڵەی نزیکەی دە ساڵە ئەو و من و زۆری دیکەی بەو هەموو رابردووە هاوبەشەوە، لێک دابڕیون.

دوو مانگ دواتر مامۆستا دەگەڕێتەوە. وەڵامی نامەکەمی پێ نیە. نازانم نامەکەم گەیشتۆتە جێ یا نا. بەڵام دەزانم ئەگەر پێشی گەیشتبێ، نەخۆشییەکەی بڕستی لێ بڕیوەو وای کردوە وەڵامی نامەی بۆ نەنووسرێتەوە... ماوەیەک بەسەر دەچێ. هەواڵی تاڵی مەرگی پێم دەگا و دیدار بە قیامەت دەبین. دوو ساڵ دواتر لە نۆروێژم. من لەمبەرو دایە خەیاڵ لەوبەری دەریای شیمال.

لە پشت هێڵی تەلەفوون گوێم لە دەنگییەتی. دڵنیام دەکا کە کاتی خۆی نامەکەم بە کاک نەبی گەیشتوەو بە نیوەرۆکی نووسراوەی دوور لە ریای قوتابیە ئەمەگناسەکەی گەشاوەتەوە. بەڵام سەد حەیف و مخابن، نەخۆشییەکەی ڕێگای نەدا...ئەو دەنگم دەبیسێ و رەنگم نابینێ، تا بزانێ لەگەڵ ئەم قسانەی دا، چ ئاورێک بەربۆتە هەناوم و چۆن ئەم شێعرە لە دڵی خۆم دا دووپات دەکەمەوە: لەم دەردی هیجرەتە، لەم سۆزی غوربەتەدڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبوور

چەند ڕۆژ دواتر لە سوئێد لە ماڵی مامۆستا عاشق، لەگەڵ وەرد دانەوەی بیرەوەرییەکانی ساڵانی تێکۆشان لە ناوچەی نەغەدە، یادی کاک نەبی دەکەینەوە.

پەخشانێک و شێعرێکی خۆیم بۆ دەخوێنێتەوە کە دوو ساڵ پێشتر بۆ مەرگی ئەو، نووسیونی. وەک دیارییەکی بە نرخ هەڵیان دەگرم و لەگەڵ خۆم دا دەیانهێنمەوە بۆ کوردستان تا کوردستان لەدەرفەتێکی گونجاودا، بڵاویان بکاتەوەو ئۆگران و خۆشەویستانی دیکەی کاک نەبییش، وەک من چێژی لێ وەربگرن.

## کۆچی بێوادە

لێمگەڕێ با کول و کۆم هەڵڕێژم
دەرد و داخی دڵە پێتی ئێژم

دڵ بریندارە، دەروون ئاڵۆزە
چی وشەم پێیە بە تین و سۆزە

قورس و ناخۆشە بەجێهێشتنی تۆ
گیان خەفەتبارە بە ڕۆیشتنی تۆ

بەفری خەم باری لە سەر باخیخەیاڵ*
بەرگی هۆنراوە لە ئەشکایە شەڵاڵ
-----------
تۆ کە ڕێبازی خەباتت لە بەرە
کاکە کوا ئێستەکە کاتی سەفەرە

هێشتە زۆر ماوە بەرەوسەر مەنزڵ
کەند و لەند زۆرە لە ڕێی کاوی دڵ

هێشتە هەن لەمپەر و پەرژینی چەقیو
زۆرە هەر ترسی تەڵە و داوی نەدیو

گەل لە سەد ڕژد و چڕان سەردەکەوێ

ڕۆژی گەش تاکوو لە کەل دەردەکەوێ

هێزی هەنگاو برەوی بیری دەوێ
گەینە سەرلووتکە نەوەی ژیری دەوەێ

شوێنەواری بوو ورە و ڕاپەڕی تۆ
جێی نەبوو جارێ بپروێ پەڕی تۆ

باغی بیری تۆ بەهاری بەری بـوو
کوانێ ئێستاکە دەمی گوڵوەری بوو
---------------
کۆچی تۆ کاکە گەلێک بێوەختە
زامی دووریی تۆ لە سەر دڵ سەختە

چاو بە فرمێسکە، هەناو گڕ دەگرێ
خەم گەلێک قورسە، بەڵام چی دەکرێ

سوودێ نابەخشێ سکاڵا کردن
چی لە گەڵ نایە ڕەموزنی مردن

ئاشق: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦



## یادی باوکی بەڕێزم نەبی قادری




**ئارەزو قادری**

یادی باوکی بەڕێزم نەبی قادری، دۆستان چاوەڕێی وەنە کە نەبی قادری کێ بوو! نازانم بە چشێوەیەک وەسفی ئەو زاتە گەوەرەیە بکەم. لە سەرەتا دا دەمهەوێ سپاسی بابە حاجی ڕەحمەتی خۆشەویست و خوالێخۆشبوو دایە خانمی شیرینم بکەم، کە لە ڕاستی دا ئەوان دایک و باوکی ئێمە بوون، هەر لە کاتی منداڵیەوە تاکوو چوون بۆلای کاکم ئەوان ئەمەیان پەروەردە کردو ئەو دوو خۆشەویستە سەرپەرشتمان بوون. بەهۆی ئەوەی کە بابە گەورەم دەیزانی بابم هەستی کورددایەتی هەیە و تێدایە، بۆی هاسان نەبوو سەرپەرشتی ئێمە بکات، بەحوکمی ئەوەی هەم مامی بوو هەمیش خەزووری، ئەو سەرپەرشتیاری ئێمەی گرتە ئەستۆ و هەم ئاگای لە ئێمە بوو هەم لە کچەکەی کە دەبێتە دایکی خۆشەویستمان(خەیاڵ خانمی قادری). دایکم بەقوربانی بم، هەموو کەسە بۆ ئێمە!!!

بەڕاستی ئێمە بە باوک و دایکمەوە هەر پێنج خووشک و براکان(ئازاد، ئارەزوو، ئاوات، ئارام و ئاتۆسا)، ناتوانین قەت وەڵامی گەورەیی و چاکی ئەو دوو سەروەرانەمان بدەینەوە، تا مردن دەبێ مەدح و سەنایان بکەین و خۆمان بە قەرزدایان دەزانین. دەگەڵ خاڵەکان و پورەکانیش وا لێک نیزیک بووین، لەڕاستی دا سەرمان لێ شێواوە ئایا خوشک و براینە، یان خاڵ و پور و خوارزاینە! بەهەر حاڵ ئێستاش هەستێکی زۆر خۆشمان هەیە دەرحەق بە یەکتری.

بابێینەوە سەر باسی کاکم، نازانم چی بڵێم و لە کوێڕا دەست پێ بکەم، ئەوەندە دەزانم پێم وانیە کەسی وا هەبێ، یان من توانی بێتم دیت بم دەژیانم دا. قەت جێگای ئەوی بۆ من پڕ ناکاتەوە.

بەهاری ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٩٠ی زائینی، چووین بۆ قەڵاسەیدە سەربە شارۆچکەی ڕانیە. دوایی چەندین ساڵ دووری، وەکوو گووڵێکی سیس و زەرد بووین، بە دیتنی یەکتر گەشاینەوە. ئای چ هەستێکی جوان و خۆشم هەبوو کە بە

هیچ شێوەیەک ناتواندرێ ئەو هەستە خۆشە وەسف بکرێ! دەزانن من کاکم زۆر خۆشدەویست، خۆشەویستیەکەی نێوانمان زۆر سەیر بوو، قەت وەک باب و کچ نەبووین، بەڵکوو وەکوو دوو دۆست و ڕەفیق وابووین. (ڕەنگ بێ دەورو بەریش زۆر هەستیان پێکرد بێ) زۆر دەردی دڵم لە لای دەکرد، بەڕاستی کە لە لای دەبووم تەواو هەستم بە ئارامی دەکرد. جا بۆیە ئێستاش لەبیر کردنی زۆر زۆر حاستەمە بۆم.

حەوتوویەک لای بووین، ئێوارەیەک هات فەرمووی: ئارەزوو گیان پێم خۆشە پیاسەیەک بکەین(بە پێکەنینەوە)، ڕۆیشتینە لای کێوەکەی پشت ماڵان، وردە وردە دەڕۆیشتین و قسەمان دەکرد. داویی گووتی: ئارەزوو دەمهەوێ دانیشین و زیاتر قسان بکەین، لەسەر بەردێک دانیشتین و فەرمووی: ئارەزوو کچم ئەوە سبەی باوەگەورەت دەچتەوە بۆ شنۆیە، ئەگەر پێت خۆشە دەتوانی دەگەڵی بڕۆیەوە!!!! من هیچ قسەم نیە. لە پێشدا لە مەبەستی تێنەگەیشتم، دوایی کە چاوم لە چاوەکانی کرد؟ یەک جێ حاڵی بووم مەبەستی چیە. کە پێکەنی تازە تێگەیشتم دەڵێ چی، کووتم: نا کاکە گیان ناڕۆمەوە شنۆیە. زۆرم شەرم کردەوە، ئەویش گووتی: دەزانم کچم بۆت ڕاحەت نیە، دەردی دڵ دەگەڵە من بکەی، بەڵام پێم خۆشە قەت خۆت لەمن بە نامۆ و دوور نەزانی و هەرچی پێت خۆشە بۆ بابی خۆتی باس بکە، و هەتا کاتی ماڵئاوایشی هەروابووین و زۆر لێک نیزیک بووین. زۆرم پێ سەیر بوو، کە بۆ باوکی من ئاوایەو جیاوازە لە باوکانی تر.

یەکەم زەماوەند کە چاکم لە بیر بێ، ئی شەهید کامران شافعی بوو. لە زەماوەندەکە دەستی گرتم و کووتی: بۆ ناچی بۆ هەڵپەڕین، منیش کووتم: نازانم، لە ڕاستیشدا هەڵپەڕکێم باش نەدەزانی و پێشم عەیب بوو. نێوچاوانی لێ تێک نام گووتی: ڕۆڵە ئەو کوڕانە چاولێکە، ئەوانە هەمووبرای تۆنە، ئەتووش خوشکی وانی، ئەگەر ئەتوو زەماوەندەکەیان گەرم نەکەی و هەڵنەپەڕی، ئەدی کێ گەرمی بکاتو هەڵپەڕێ!؟ با بیر لە غەریبی و بێ کەسی نەکەنەوە. دوایی ئەو قسەیە، دەستی گرتم و پێکەوە چووینە ناو شایی و ئەوە خۆشترین بیرەوەری و زەماوەند بوو کە وەکوو باب و کچ پێکەوە دە دەستی یەکتری دا هەڵپەڕین!

تەنیا ناڕەحەتیەکی کە هەی بوو، لەو کەسانە بوو، کە بەوشێوە جوان و زانایانە بۆمنی گێڕایەوە کە ئێستاش وەکوو گووارە بە گوێ خۆم هەڵاوەسیوە. دەڤا قدەق قسەکەی ئەو دەگێڕمەوە. کوتیان جارێکی لە دارەکانی ناو دارستانیان پرسی: ئەنگۆ بە بەژن و باڵا درێژ و عەزمەتی خودا پێی داون، چۆن لە لەتکە ئاسنێکی چکۆڵە بەناوی تەور دەترسن!؟ ئەوانیش گووتیان: ترسەکەی مە لەو لەتکە ئاسنە نیە، بەڵکوو لە دەسکەکەی تی کە لە جسنی خۆمانە!!!!!؟؟؟
هەزار جار یادت بەخێر کاکە گیان، زۆر زۆرت بیر دەکەین و بەڕاستی کەلێنت هەر دیارە. تازە ناتوانم بەدلێ خۆم دەگەڵ کەس دەردی دڵ بکەم و ڕازی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم..

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١١

# کۆچی بێوادە




**ئاشق ئیسماعیلی**

ڕۆژی دووی دێسامبری دووهەزارو یازدە، ١٥ ساڵی تەواو بە سەر کۆچی دوایی هاوڕێی خەباتکار و خۆشەویست کاک نەبی قادری دا تێدەپەڕێ.

کاک نەبی کە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە پێی نایە ڕێگای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوە ستەملێکراوەکەی و پاشماوەی تەمەنی لە پێناو ئەو خەباتە پیرۆزە دا بەخت کرد، نێزیک بە پازدە ساڵ و لە کاتی مەرگی بێوادەشی دا ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

کاک نەبی مرۆڤێکی مەشرەفخۆش، براگەورەیەکی بەوەج و هاوڕێیەکی دڵسۆز بوو. من لە ڕۆژانی سەرەتای خەباتەوە لە گەڵی بووم بە ئاشنا، و بە تایبەت لە چەند ساڵی پێش لە دنیادەرچوونی دا زۆری لێ نێزیک بووم. دەمزانی مرۆڤێکی بە ورە و فیداکارە، بەڵام لووتکەی ئازایەتیی کاک نەبیم ئەو کاتە هەست پێکرد کە بۆ دوایین جار، تەنیا مانگ و نیوێک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکا و بۆ هەمیشە بەجێمان بێڵێ، لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانم چووینە ماڵەکەیان لە "کۆپێنهاک" و سەردانمان کرد. ئەوە کاتێک بوو کە نەخۆشیی سەرەتان بە تەواوی بڕستی لێبڕیبوو و لەو مرۆڤە ورزشکار و بە هێزە، تەنیا یەسک و ڕەگ و پێست مابۆوە. بەڵام بەو حاڵەش ورەی هەروا لە سەر بوو.

ئەو ڕۆژە کاک نەبی بەرگی پێشمەرگایەتییەکەی ـ کە لە وێش هەر پێی بوو ـ دەبەر کردبوو، ڕیشی تاشیبوو و جامانەی لە سەرنابوو. بە سەر و ڕوویەکی خۆشەوە نانی نیوەڕۆی لەگەڵ خواردین. زۆر بە ئۆگرییەوە باسی هەلومەرجی سیاسیی ئەو کات و بار و دۆخی خەباتی لە گەڵ کردین. چەند وێنەی جوانی لەگەڵ گرتین، کە یەک ـ دووانێکیانم هەن و هەمیشە وەک

یادگارێکی بە نرخ ڕایاندەگرم. تەنانەت لە کار و تێکۆشانی هەموو هاوڕێیانیشی پرسی و ڕێنوێنیی سەبارەت بە هێندێک مەسەلە پێدەداین.

(سەردانی کاک نەبی، ڕۆژی ١٤ - ٩ - ٩٦ ، واتە مانگێک و ١٧ ڕۆژ پێش کۆچی ناوەختی. ئەوانەی لە وێنەکە دان لە ڕاستەوە: سەلاحی فازیلی، ڕەحیم محەممەدزادە، کاک نەبی، ئاشق، کەماڵی گروێسی و ئەهوەن)

قەتم لە بیرناچێ، کاتێک دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پێمانگوت دەمانەوێ بە جێی بێڵین و بەرەو سوێد بگەڕێینەوە، گوتی:

ـ "هاوڕێیان! هێندێک سەبر بگرن، بۆخۆتان دەزانن ئەوە دوایین دیدارمانە. من دەزانم نەخۆشیی سەرەتان (شێرپەنجە) بێ ئامانە و من هەر بەو زووانە سەفەری کۆتایی خۆم دەکەم، بەڵام دەمەوێ لە لای ئێوە هاوڕێیانی ئازیزم ئەوە بڵێم کە من لە سەریەک لە ژیانی خۆم ڕازیم و ئەو تەمەنەی لە ڕێگای خەباتم دا بەخت کردوە، بە پربەرهەمترین و باشترین برگەی ژیانی خۆمی دەزانم و پڕ بە دڵ شانازیی پێوە دەکەم. تا ئەو کاتەش چاو لە سەریەک دادەنێم و دڵم لە لێدان دەکەوێ، ئاواتم هەر ڕزگاریی کورد و کوردستانە"

(من قسەکانی کاک نەبیم بەو شێوەیە لەبیر ماون. دڵنیام دەقی ڕاستەوڕاستی قسەکانی کە لەوانەیە من نەمتوانیبێ بە تەواوی لە زەینم دا تۆماریان بکەم، لە وەی من هێناومە، زۆر گەرمتر و بە نێوەرۆکتریش بوون)

دوای ئەو قسانە دڵۆپێک فرمێسک لە قولینچکی چاوی هاتە دەر و بە سەر ڕوومەتی دا شۆڕ بۆوە، کە بە ئارامی سڕیەوە. هەوەڵی دا بە بزەیەک لە خەفەت و کوڵی دڵی ئێمە کەم کاتەوە.

ئیدی هەموومان دڵمان پڕ بوو و گریاین. هەموومانی ماچ کرد و ڕۆیشتین. وەک بۆخۆی گوتبووی زۆری پێنەچوو، بۆ بەڕێکردن و ناشتنی تەرمەکەی چووینەوە کۆپێنهاک و لە ڕێوڕەسمی ناشتن و سەرەخۆشیەکەی دا بەشداربووین.

ئەو دیمەنەی باسم کرد شوێنێکی زۆری لە سەر دانام و بوو بە هۆی خولقاندنی پەخشانێک و پارچە شێعرێک بە ناوی "کۆچی بێوادە" کە هەردووکیانم لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی کاک نەبی لە سوئێد، خوێندەوە. ئێستا بۆ یادکردنەوە لەو هاوڕێ بەوەج و خۆشەویستە شێعرەکە چاپ دەکەم و چاپی پەخشانەکەش بۆ دەرفەتێکی دیکە دەهێڵمەوە.

## کۆچی بێ‌وادە

لێمگەڕێ با کـول و کۆم هــەڵڕێژم
دەرد و داخی دڵە پێـتی ئـێژم

دڵ بریـنداره، دەروون ئـاڵۆزه
چی وشەم پێـیه  بە تین و سـۆزه

قورس و نـاخۆشه بەجێـهـێشتنی تۆ
گیان خەفەتبـاره  بە ڕۆیـشتنی تۆ

بەفری خەم باری لە سەر بـاخی‌خەیاڵ*
بەرگی هۆنراوه لە ئەشکـایه شەڵاڵ
***********
تۆ کە ڕێبازی خەباتت لـە بــەره
کاکە کوا ئێستەکە کـاتی سـەفەره

هێشتــە زۆر ماوه بەرەوســەر مـەنزڵ
کەند و لـەند زۆره لە ڕێـی کـاوی دڵ

هێشتە هەن لەمـپەر و پەرژینی چەقیو
زۆره هەر ترسی تەڵـە و داوی نـەدیو

گەل لە سەد ڕژد و چڕان ســەردەکەوێ
ڕۆژی گەش تاکــوو لە کەل دەردەکەوێ

هێزی هەنـگاو برەوی بـیری دەوێ
گەینە سەرلووتکە نەوەی ژیری دەوەێ

شوێنەواری بوو ورە و ڕاپــەڕی تۆ
جێی نەبوو جارێ بپروێ پـەڕی تۆ


باغی بیری تۆ بەهاری بـەری بوو
کوانێ ئێـستاکە دەمی گـوڵوەری بوو
*******
کۆچی تۆ کاکە گەلـێک بێوەختە
زامی دووریی تۆ لـە سـەر دڵ سەختە

چاو بە فرمێسکە، هــەناو گــڕ دەگرێ
خەم گەلێک قورسە، بەڵام چی دەکرێ

سوودێ نابەخـشێ سکاڵا کــردن
چی لە گەڵ نایە ڕەموزنی مـردن

دیسامبری ٩٦

* خێزانی کاک نەبی ناوی خەیاڵە. کەوابوو شێعرەکە دوومانای هەیە.



## لە یادی ئەو تێکۆشەرەی، کەم ژیاو کەڵ ژیا (کاک نەبی قادری)




**حەسەن ئەهوەن**

مێژووی پڕ لە کارەسات و هەوراز و نشێوی نەتەوەی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە زۆری بەرپرسایەتی و قورسایی خەبات و شۆڕش لە سەر شانی تێکۆشەرانی دەورانی خەباتی نهێنی ح . د . کوردستان لە زەمانی پەهلەوی و پاش وەرگەڕانی تەختی پەهلەوی، کە قۆناخێکی کەم و بەرتەسک بوو، بۆ ئاشکرا بوونی خەباتی ڕاشکاوانە، گەلێک تێکۆشەر و کەسایەتیی دەورانی خەباتی نهێنی بۆ خەڵک ناسران.

یەکێک لەو کەسایەتی یە، تێکۆشەرانە، نەمر کاک نەبی قادری بوو. ناوبراو مرۆڤێکی شۆڕشگێر، خۆش نێو، ئەندامی خانەدانی گەورەی قادری یە، کە تایفەتەن سەهمێکی گرینگیان لە بەشداری و دڵسۆزی و پشتیوانی بە کردەوە، لە دەورانی کۆماری کوردستان دا هەبوە. لە سێ دەیەی ڕابردووش دا چالاکانە بەشداری شۆڕشی میللی دێمۆکراتیکی کوردستانیان کردوە. ناو و ناوبانگی کوردپەروەری بنەماڵەی قادری واتە کاپیتانی دەورانی کۆمار، موحەممەدی قادری، ناسراو بە کا حەمەدی سەروکانی، و دەیان ئەندامی تێکۆشەری تری ئەو بنەماڵە، بە گیان و ماڵەوە ڕێبواری ڕێگای کۆمار و پێشەوا، بوون و هەن. گەلێک کەسایەتیی تێکۆشەری وەک کاک سەرهەنگ قادری، لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد دا، هەموو توانا و ئەزموونی خۆیان وەک ئەندامێکی ڕێبەری بە ئەمەگ و بەرپرس، لە خزمەت شۆڕش و ویست و داخوازێکانی نەتەوە دا بەخشیوە.

بەش بە حاڵی خۆم خۆزگەم دەخواست، بریا لە دەورانی کۆماری کوردستان دا نموونەی بنەماڵەی قادریمان، زیاتر لە بەرژەوەندخوازانی ئەهلی ساخت و سەودا، هەبا. بێشک ئاکام و مێژوومان دەسکەوتی دڵخوازتری دەبوو.

کاک نەبی قادری ئەو کەسایەتی یەی، هەر لە دەورانی هەرەتی لاوەتی و دواتر لە زانستگا، زۆر پێشتر دەرسی کوردایەتی، لە گەورەکانی بنەماڵە دا فێر ببوو و بە دوای یەک وشە دا (مافی کورد) بە نهێنی پێوەندی چالاکانەی بە ڕێبوارانی درێژەدەری ڕێبازی کۆمارەوە، هەبوە. دوای ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی و دەستەڵاتداری لە شاوە بۆ مەلا، لە کۆنگرەی پێنجەمی ح . د . کوردستان وەک ئەندامێکی ڕێبەری هەتا کاتی ماڵئاوایی لە ژیان، شێلگیرانە تێکۆشاوە. لە قوڵایی مەڵبەندی باکوورەوە تا باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرک و بەرپرسایەتی بە ڕێوە بردوە و دەیان و بگرە سەدان خەتەری بە گیان  و باوەرەوە قبووڵ کردوە.

بیرەوەرێیەکانی دەورانی شاخ بە هەموو ناخۆشی و جاروبار خۆشیێوە، گشتن و گەلێک زۆرن. ئەوەی کە زۆرتر سرنجی من و زۆر لە هاورێیانی ڕاکێشا و بە حەق کردەوەی ڕێبەری کاک نەبی ئاشکراتر کرد، لە سێ خاڵ دا کۆی دەکەمەوە.

**یەکەم**: فیلمێکی داکیوومێنتی کاک نەبی قادری یە، کە لە نێوان ساڵەکانی دەیەی ٩٠ دا لە وڵاتی دانمارک، لە دیدارێکی کە دەگەڵ سەفیری تورکیەی هەبوو، دادگایی کردنی سەفیری تورک لە مەر کێشەی کورد لە لایەن کاک نەبی وە بوو کە دەتوانم بڵێم زۆر حەکیمانە و مەسئوولانە، بە پرسیارەکانی و هێنانەوەی بەندە یاسایی کانی مافی مرۆڤ و هەروەها بە چاو دادانەوەی ئەو کردەوە فاشیستییانەی دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکی تورکان دەرحەق بە کوردان، نە تەنیا سەفیری تورکی عەبەساندبوو، بەڵکوو حەپەی لێبڕیبوو. دیدارێکی فەرمی لە گەڵ سەفیرێکی بێت دوژمن و دیفاعێک لە نەتەوە کە تا ئێستا دەگمەن بووە.

**دووهەم**: بەشداری چالاکانەی کاک نەبی، وەک ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزب لە باس و خواسەکانی سەبارەت بە یەکگرتنی کورد و یەکدەنگی ویست و ئامانجە گشتییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی داگیر کراو، لە مێدتێ ڤی و کۆڕ و کۆنفرانس و سمینارەکان. زۆر بە ئاوات و خۆزگەوە بوو کە کورد لە دەوری پرۆژەیەکی هاوبەش دا بە ئاکامێک بگا. کاک نەبی وەک ئەندامێکی ڕێبەری حیزب نوێنەرایەتیی ئەو بیرەی بە هەموو تواناییەوە دەکرد.

**سێهەم**: مخابن، ئەو کاتانەی کە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، ئیدی هەر دەهاتوو برستی لێ دەبڕی، لە سەردانێک دا کە وێڕای حەوت هاورێی دیکەم بۆ لای کاک نەبی هەمان بوو، ورە و دڵسۆزی و تێکۆشەری کاک نەبی کە تەنیا چەند هەنگاوێک لە ماڵئاوایی یەکجاری نیزیک بوو، دڵی هەموومانی وەجۆش هێناو و سەرم لەو هەموو ئیمان بە ڕێباز و تێکۆشانە سوڕ ما. لە ناو جێگا، لەو پەڕی ئێش و ئازار دا بێ وچان خەریکی پێوەندی گرتن و کاری دیپلۆماسی پەیوەندی بە دەرەوەی وڵات، وتووێژ لە گەڵ مێدیاکان و دانی ڕێنوێنی تەشکیلاتی بە هاورێیانی دەرەوە بوو. پاش شەو و ڕۆژێک مانەوە لە لایان و کاتی گەڕانەوەمان، داوای کۆبوونەوەیەکی لێکردین. دەقی ئاخرین کۆبوونەوە و قسەکانی و دیداری وەک خۆی دێنم.

رووی تێکردین و کوتی: کوڕینە دەگەڵ ئەوەی زۆر بە دیدارتان شاد بووم، ڕەنگە ئەوە ئاخرین کۆبوونەوە و دیدارمان بێ. بریا عومر زیاتری بە بەرەوە باو مەرگ مۆڵەتی دابام کە سەرکەوتنی کوردستانم بە چاوی خۆم دیبا. زیاتر بۆم کرابا خزمەتی شۆڕش و نەتەوەکەم کردبا. بەڵام ئەوە واقعییەتی ژیانی ئادەمیزادە هەر چەند تاڵیش بێ. هەراسێکم لە مردن نیە، تەنیا داخی ئەوەمە کە لێتان هەڵدەبڕێم و بە ناچاری بە جێتان دێڵم. داوایەکم لێتانە، کە لە پێناو بیروباوەرتان و بەرژەوەندی کورد، بۆ یەکگرتنی کورد و سەرکەوتنی کورد و ئامانجەکانی پێشەنگ بن و کۆڵ مەدەن. دونیای ئێستا، زۆر پێشکەوتوە، بریا دەرمانێکی عیلاجم هەبا بۆ مەودای تێکۆشانی بەردەوام.

خۆشحاڵم، ئەندامانی بنەماڵەم بە باشی پەروەردە کراون و زۆریش دڵسۆزو پێمەوە ماندوون و...

لە کۆتایی دا ئاگاتان لە خۆتان بێ و داوای ساخی و سەلامەتی خۆتان و ماڵ و منداڵتانم هەیە. داوای گەردن ئازادیتان لێدەکەم و...

هەموومان گریان لە سینگمان دا پنگی خواردبۆوە، ئیلاها لەو هەموو ورە و شەهامەتە. جار جار بە بزەو گا بە جیدی بۆمان دەدوا. قەتم ئەو دیدارە ماڵئاواییە لە بیر ناچێتەوە.

خۆزگە کاک نەبی کانمان ئەوەندە هەبایە کە جێگەیان زۆر دیار نەبا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١



# لە ١٥ ساڵەی یادی گەورە پیاوی کورد، هێژا نەبی قادری.




**رەشید قازی**

ئەوساڵ ١٥ساڵ بەسەر کۆچی دوای نەمر کاک نەبی قادری رۆڵەی بەوەجی حیزب و گەڵ تێدەپەرێ. رۆڵەیەکیی بەوەفای نیشتمانەکەمان کە تا دواین ساتەکانی ژیانی بۆ ساتێک لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی شەهیدان نەسرەوت. سەرەرای ئەوەی کە مەرگی نابەوەخت مەودای نەدا خزمەتێکی زیاتر بە ئامانجەکانمان بکات بەڵام ئەو وەک شەپۆلێکی بەهەیبەت وابوو کە نەهامەتییەکانی گەلەکەی لە خۆیدا نوقم دەکرد و بەبێ سڵ بوونەوە بە ئیمان و ورەیەکی زیاترەوە بەرەو داهاتوو هەنگاوی دەنا. ئەو دەرد و مەینەتێکانی گەلەکەی باش دەناسی. هەربۆیە لەکاتی ئاوارەی و دەبەدەری بەئیمانێکی پتەوتر ئەرکەکانی سەر شانی خۆی بەرێوە دەبرد. ئەو رۆلەی بە ئەمەگ حیزب بوو کە بەدوور لە زید و نیشتمانی خۆی بە هەنگاوەکانی و دڵێکی پڕ لە ئیمان و بڕوا لە دەرگای کاربەدەستان و پارڵمانتار و دام دەزگا خێرخۆاز و بەشەر دۆستەکانی دەدا و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەمانی پێدەناساندن. دەست لە ناودەستی ئەمینیستی ئینترناشنال لە گەڵ دڵ و دەروونی بەندێکاندا دابوو و ئاهوو ناڵە و ئازارەکانی ئەوانی بە مروڤ دۆستانی ئەو دیوی سنوورەکان دەناساند. کاک نەبی بە مانایی وشە و بە قوولای و گەورەی وشە مروڤێکی شۆرشگێر بوو کە بە بێ ناسینی سنووره دەستکردەکان ئەرک و رەساڵەتی کوردایەتی خۆی بە جێ دەگەیاند و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەهەنگاوی قورس و قایم، شەقام و کۆلان و ئیدارە و دام و دەزگا برێاردەرەکانی دانمارک نەما کە لە گەل هاوبیر و هاورێانی حیزبی بۆ کێشەی کورد رووی تێنەکات. دووری لە عەزیزان و زەخت و گوشاری رێژیم بۆ سەربنەماڵەو کەس و کارانی وهەروەها مەودای زەمەنی، ورەی پێکز نەدەکرد شەیلگێرانەتر بۆ گەیشتن بە نیشتمانێکی ئازاد و سەربەست تێدەکۆشا. وەدیهێنانی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان و سەروەری شەهێدان واتە پێشەوا قازی ئامانجی بەرزی بوون کە هەنگاوی بۆ دەنا. ئەو بە دوو جەستە بوونی حیزبەکەیەوە دەینالاند




سەرچاوە
Serchawe

و لەهەمانکاتدا پێوابوو دەبوایە ئەو قەیرانە بە جۆرێک تیمار و مەلهەم بکرێت کە بۆ هەمیشە سەروەری و گەورەیی بۆ بنەماڵە گەورکەی دێمۆکرات بگرێتەوە و بۆجارێکی دیکەش حیزب ببێتەوە حیزبێکی رەسەن و خۆشەویست و جێ متمانە بۆهەر تاکێکی کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و هەر ئەندامێکی حیزبی بەتایبەتی. حیزبێک کە هەرتاکی کورد بەماڵی خۆی بزانێ و بەدوور بێ لەهەر دەستە و دەستەبازی و خۆمە خۆمە و لەبن باڵگرتن. هەرچەند مەرگی نابەوەخت ئیزنی نەدات ئەو رۆلەی دێمۆکرات زێاتر و بە گورەتر هەنگاو بنێ بۆ وەدیهێنانی ئاواتە بەرزەکانی، بەڵام نیشتمانەکەمان شانازی بە خۆی دەکات کە وەها رۆڵەیەکی ئەمەگناسی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردوە. هەربۆیە لەجێ خۆیەتی بلێن وێرای پەیمان نوێ کردنەوە لە گەل هەموو رێبوارانی رێگای ئازادی بەلێن دەدێن تا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی شەهێدان بە ئیمانەوە درێژەدەری رێبازی پیرۆزیان بێن. دیسان هەزاران سڵاو درووود بۆ رووحی بەرزی شەهێدان بەگشتی و نەمر کاک نەبی قادری بەتایبەتی.

سەرکەوتو بیت. رەشید

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١



## ئەو مرۆڤە مەزنە،
## شیاوی ئەوەیە کە میدالی ئاشتی بە باڵای بەرزی گڵکۆی دا کرێ




**عەبدوڵڵا سەیدا**

قەت پێم وانەبوو کە زەمان ئاوا بە پەلە خللۆر بۆتەوە و ١٥ ساڵ بە سەرماڵئاوایی کاک نەبی، ئەو مرۆڤە مەزنە تێپەڕێوە. ئەگەر سەبارەت بەو کەسایەتە گەورەیە، سەدان لاپەرە لە سەر گەورەیی، رووحبەرزی، پاکی، کوردایەتی، حیزبایەتی و لەسەریەک مرۆڤایەتی ئەو کەسایەتییە بنووسیین هێشتا ئەوە نێیە کە شیاوی گەورەیی ئەو بێ. تۆ بڵێی ئەو جۆرەی کە من ئەو مرۆڤە گەورەیەم ناسیبوو هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی ئەویان وەک خۆی کە بوو ناسیبی؟..

هەر کات ناوی ئەو مرۆڤە دەبیسم بیرم وەک هەورە تریشقە بەرەو پۆلی چوارەمی سەرەتایی خۆم لە قوتابخانەی (پهلوی) شاری شنۆ کە مامۆستام بوو بادەداتەوە و یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو رۆژانەم دێنێتەوە بیر:

* رۆژێک کە لەگەڵ هاوکلاسییەکان لە پۆل دانیشتبووین، دوای بەیانی باش و چاک و چۆنی یەکێک لەو قوتابیانەی کە لە لای من دانێشتبوو، سرتەیەکی لە گەڵ مامۆستا (بەرێز کاک نەبی کرد)، دوایی کاک نەبی منی بانگ کرد بۆ دەرەوەی پۆل و لە گیرفانی شووشە عەترێکی دەرێنا و پێیدا کردم و کوتی: بزانە ئەو عەترە بۆنی خۆشە؟ زۆرم لا سەیر بوو! تۆ بڵێی مامۆستای ئاواش - لەو سەردەم دا - هەبێ! کە ئەوندە بە دڵسۆزی و مێهرەبانیيەوە سەیری قوتابی خۆی بکا؟ هەر بۆم پرسیار بوو باشە مامۆستا ئەو عەترەی بۆ پێدا کردم و بە پێکەنێن و رووخۆشیيەوە رەوانەی پۆلی کردمەوە!؟ ... دوایی بۆم دەرکەوت تۆ مەزانە بەیانی پێش ئەوەی کە جلەکانم بکەمە بەرم، براژنم لە بەر ئەوەی تووشی "زیندەوەر" نەبم دەرمانی لێداون و بۆنیان گرتووە. من هەر لەو کاتەوە، گەورەیی و خۆشەویستی ئەو مرۆڤەم بۆ دەرکەوت. ئەو، نە وەک

زۆربەی مامۆستاکان - لە گەڵ سەری ڕێز دانواندنم لە ئاست ئەو مامۆستایانەی کە ئەرکی مامۆستایی وەک پێشڕەوانی پەروەردەی کۆمەڵ بەجی دەگەیێنن - دەشیتوانی ئەگەر لێم نەدا لێم تووڕە بێ و بۆ کاتژمێرێکیش بووبێ لە پۆل دەرمکا کە چی ئەو، بە بۆنی خۆش، بەرووی خۆش، پێکەنین و باشترین شێوە لەگەڵ قوتابی یەکەی جولایەوە.

* سەردەمێک شارەداری شاری شنۆ بوو ئەوەندی کە وەبیرم دێ و بیستبووم، دڵسۆزترین، دەستپاکترین و خزمەتگوزارترین شارەداری تا ئەو کاتەی ئەو شارە بووە. بەڵام کەم واهەیە ئەو کەسانەی کە هەموو ئامانجیان خزمەت کردن بە خەڵک و ئاوەدانی وڵاتەکەیانە، نەیاران بهێڵن لەسەر کار بمێنیتەوە. ئەوانەی کە لەئاست ناحەقی و زۆڵم داسەریان لە وانیتر بەرزترە کەم واهەیە مەیدانیان پێ چۆل نەکری. شارەداری گەورە، نەبی قادریش یەکیک لەوانە بوو.

* لەسەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران یەکیک لە هاندەران و تێکۆشەرانی ناوداری ئەو ناوچەیە بوو کە کۆمیتەی حیزبی لە شنۆ دەستی بەکار کرد بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی شنۆی پێ ئەسپێردرا. لە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان دا بوو بۆ یەکریزی خەڵک لە دەوری شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە هۆی خۆشەویستی و ڕێزێک کە لە نێو چینی ڕۆشنبێر دا هەیبوو زوو زوو کۆڕ و کۆبوونەوەی لە گەڵ پێک دێنان و هاندەریان بوو کە پشتیوانی لە شۆڕشی گەلەکەیان و حیزبی دێموکرات بکەن. ناسیاوی ئەو کەسایەتییە و متمانە بەو مرۆڤە گەورەیە بوو بە هۆی ئەوە کە زۆر کەس خۆیان لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا ببیننەوە. زۆر پابەندی ئوسوولی تەشکیلاتی بوو. لە گەڵ ئەوانەی کە ئوسووڵەکانیان پێشیل دەکرد و لە شێوەی بەڕێوەبردنی کارو باری حیزب، زیاتر بە پێی بیرو بۆچوونی کەسی خۆیان کارەکانیان بەڕێوە دەبرد بە توندی بەرهەڵستی دەکردن و هەوڵی زۆری دەدا بۆ ڕاستکردنەوەیان. لالووت بوو لە وانەی کە پێپەستی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و حیزبی یان دەکرد و بەزۆرەملی دەیانەویست ئامانجەکانیان بەرنەسەر.

* بروای قووڵ و ئیمانی پتەوی بە لاوان، کردبووی بە یەکێک لە پشتیوانای توێژی گەنج. خەمخۆری گیروگرفتەکانی کەس و بنەماڵەیی یان بوو، بۆ ڕاپەراندنی بەربەستەکانیان ئەوەی لەدەستی هاتبا کۆتایی نەدەکرد. لە بەرابەر گرێپووچکەی کەسانی دەوروبەری یا هەر کەس بۆ گیروگرفتەکانی پێوەندی پێوە گرتبا بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارە خۆی بە بەرپرس دەزانی.

* مرۆڤێکی ئاشتی خواز بوو؛ چاکم لە بیرە ئەگەر لە "پاسدار و بەسیجی"کانی ئازەری شاری نەغەدە و دەوروبەری، لە شەڕەکانی دژی پێشمەرگە دەکوژران، بە حورمەتەوە تەرمەکەی ئامادە دەکرا و لە گەڵ نامەیەک کە ئەو مرۆڤە مەزنە بۆ بنەماڵەی کوژراوەکەی دەنووسی ڕەوانەی بنەماڵەکەی دەکردەوە. بۆی دەنووسین کە: ئێمەی کورد شەرخواز نینن، ئێمە ئاشتی خوازین، داوای مافی خۆمان دەکەین ئێمە هێرش ناکەینە سەر ئێوە. مەهێڵن منداڵەکانتان نائاگایانە فریوی کاربەدەستانی

ڕێژیم کۆماری ئیسلامی بخون و بێنە سەرمان و خۆیان فیدای ئامانجەکان دوژمنی هاوبەشمان بکەن ئێمە ساڵەهای ساڵە وەک دوو گەلی کور و ئازەری برایانە پێکەوە دەژین، بەبۆنەی کوژرانی جگەرگوشەکەتان پرسە و سەرە خوشیتان لێدەکەین. ئەوە یەکێک لە نموونەی رووحی ئاشتیخوازانەی کاک نەبی مەزن بوو، ئایا ئەو کەسایەتە شیاوی ئەوە نییە کە میدالیای ئاشتی نێونەتەوەیی بە باڵای بەرزی گلکۆی داکرێ؟..

* لە سەردەمی شۆڕشدا، کاتی بە نێو دێهاتەکاندا دا دەڕۆیشتین و لە نێو کۆڵانەکانی دێ تووشی منداڵێکی دەتۆز و خۆڵ وەرداوی ، چڵکن و قوراوی دەبووین پیمان سەیر بوو کە مامۆستاکەم ئەو مرۆڤە گەورەیە دادەهاتەوە چەنگەی منداڵەکەی دەگرت و هەر دوو لا روومەتی ماچ دەکردن و بۆ ئەوەی دڵخۆشیان بکا و کەسایەتییان پێ بدا، لە گەڵیان دەکەوتە قسەی مناڵانە کردن.

* بە کێشە کۆمەڵایەتی یەکان زۆر ماندوو بوو. هەراسان دەبوو ئەگەر یەکێک ڕووداوێکی ناحەزی کۆمەڵایەتی لێ ڕوویدابا. لە لایەک بە ڕووداوەکەوە خەمی دەخوارد و لە لایەکێش دەبوایە لە فکری چارەسەری کێشەکە بێ. ئەوەندەی لە توانای دابوو بە ئەرکی خۆی دەزانی کە ڕێگا چارە بۆ گیرو گرفتەکانی خەڵک بدۆزێتەوە.

* دواجار لە هەرەتی نەخۆشییەکەی کە لە نەخۆشخانە را بە یەکجاری گەڕابووە بۆ ماڵ لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا، کە بە دڵ نیگەرانییەوە پرسیاری چلۆنایەتی بارودۆخی نەخۆشییەکەم لێکرد گوێم ڕاگرت بوو بۆ وەڵامی پرسیارەکەی خۆم کە چاوەروانی دەنگی شێرانەی جارانم دەکرد کە چی، بەسەرسووڕماوییەوە دەنگێکی باریکم بیست- کە ئەگەر "دا خەیاڵ"ی بەرێز(خێزانی کاک نەبی) نەی فەرمووبا: "ها لەگەڵ ئاغای قادری(کا نەبی) قسان بکە"، قەت بڕوام نەدەکرد کە ئەوە دەنگی کاک نەبی بێ، کە لەو حاڵەتەش دا لە جیاتی وەڵام دانەوە بە پرسیارەکەی من، ئەو دەیپرسی: " دەی عەوڵا گیان لەوێ (کانادا) کار و باری حیزبی چۆنە؟ ئێستا لە کۆمیتەی حیزب کار دەکەی ئیدی؟ هاوڕێیان جۆنن؟ سڵاوی هەموویان بگەیەنە و ...!"

**نەمتوانی شتێکی دیکەی لێ بپرسم، چاوم بە مۆلەق وەستا بوون و هەر دەمکوت :بەڵێ...بەڵی...حەبەسابووم دەمزانی ئەوە ماڵئاوایی یەکجارییە لە:**

**لە مامۆستای گەورە و مێهرەبانم.**
**لە شارەداری لێوەشاوە و دەستپاکم.**
**لە کادری ڕێبەری لێهاتوو و شارەزای حیزب.**
**لە مامۆستای کۆمەڵایەتی و ماندویی نەناس.**

لە مرۆڤی مەزن (کاک نەبی قادری)یە.

– ئێستاش، بۆ هەمیشە، کاتێک دێتەوە بیرم، فرمێسکی لە دەست دانی، دێنەوە خوار...

**یادی بۆ هەمیشە لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندوو دەمێنیتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١



# ئەستێرەیەکی گەش لە مێژووی کوردستان




**مووحەممەد قادری**

لە ناو زۆربەی گەلانی دنیا دا، زۆر کەسایەتی زانا و بە زانستەکانی جۆراو جۆری ژیانی مرۆڤایەتی هەڵکەوتوون. کە زۆر بە لەخۆبوردوویی هاتوونەتە گۆڕەپانی فیداکاری و تێکۆشان، بۆ وەدیهێنانی ئاسایش و پێشکەوتن و پێش خستنی ژیانی گەلان و سەربەستی و سەربەخۆیی نیشتیمانی خۆیان وهەموو ژیانیان لەو ڕێگایەدا بەخشیوە و لە ئاکامدا یا سەرکەوتوون یان گیانی خۆیان لەسەر داناوە و ئاوات و ناو و نیشانیان لە مێژوو دا تۆمارکراوە و ڕاگەیاندراوە.

لێرەدا نە بۆنەی پازدەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی پێشمەرگەی نیشتیمانپەروەر و ماندوویی نەناس و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر، بەڕێز ڕەحمەتی کاک نەبی قادری کە هیچ کاتێک لە یادم ناچێ و لە چەند دێڕێکدا ئاماژە بە تێکۆشانی ئەو خۆشەویستە بکەم هەرچەند هەموو ئاوات و ویستەکانی ئە ئازیزەمان لە بیرەوەریەکدا ناگوونجێ بەڵام بە کورتی و بۆ نموونە باڵای لە ئاڵای یا بەڵگەی لەسەر پێشمەرگەی.

کاک نەی قادری لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە گووندی سۆفیان هاتۆتە دنیاوە( سۆفیان گووندێکە لە نێوان شارستانەکانی شنۆ و پیرانشار) هەڵکەوتووە، خوێندنی سەرەتایی لەو دێیە دەست پێکردووە و پاشان لە شارەکانی (شنۆ، ورمێ و تاران) درێژەی نە خوێندن داوە و ئاخرین پلەی خوێندنی لیسانسی جووغرافیا لە دانیشسەرایعالی تاران بووە.

کاک نەبی هەر لە تەمەنی لاویدا هەروەکوو هەموو لاوانی نیشتیمانپەروەری کورد هەستی بە گرێبەستی و ژێردەستی گەلی کورد کرد و دیتی کۆیلەتی و هەژاری و نەداری و ناچاری و چەوساندنەوەیبێ حەسانەوەی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان

پرستی لە خەڵک بڕیوە و کوردستانی و وڵاتی کوردانی بەهێزی نەزانی نیزامی تەنیوە و باڵی ڕەشی بەسەر چاوی گەشی گەلەکەمان داکێشاوە، دەرونی پڕ لە هەستی هانیدا مەردانە بێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستە هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات و هەر لەسەرەتایی چالاکی کار و باری حیزبایەتی دا لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا و بە غیرەت و شەهامەت و وەفادار و فیداکار لە ڕێبازی حیزب دا ئەرکەکانی بە ڕێک و پێکی بەڕێوە دەبرد. کاک نەبی لە هەموو بوارێکەوە ڕاست و دڵپاک و باوەڕ پێکراوی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بوو. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرپرسایەتی پێ ئەسپێردراوی سەرکەوتووانە بەڕێوە دەبرد.

کاک نەبی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی خۆی دا هەموو کات و ساتێک هەستی دڵسۆزی و شۆڕشگێڕی و خەبات کاری پێیەوە دیار بوو، کە بەداخەوە لە بیرەوەریەکی ساڵیادی دا ناکرێ چۆنیەتی کەسایەتی و لێهاتوویی و گەلدۆستی و نیشتیمانپەرستی ئەو تێکۆشەرە دەرببڕم و بەڵکوو کتێبێکی مێژوویی دا دەیان لاپەڕە هەڵدەگرێ.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم بە داخی گرانەوە، ئازیزی بەڕێزم کاک نەبی مەزن بە دوای نەخۆشیەکی کووشندە و گرانەوە (شێرپەنجە) لە ڕێکەوتی ( ٢ - ١٢ - ١٩٩٦) بەرامبەر بە ( ١١ - ٩ - ١٣٧٥ی هەتاوی) لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری کۆپێنهاک پێتەختی وڵاتی دانمارک دڵی گەوەری لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لێکردین، بەڵام سەنگەر و مەتەرێزی شەرەف و مەردایەتی و پێشمەرگایەتی بۆ هاوڕێیان و هاوسەنگەران و قوتابیان و دڵسۆزانی کورد جێ هێشت. هەزاران سڵاو لە ڕووحی پاکی و لە شیری دایکی، یادی هەمیشە بەخێر و ڕووحی شاد بێ. وە هەروەها سێڵاوی سڵاو و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی سەربەرزی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١١



# ١٥ ساڵ تێپەڕین بەسەر ماڵئاوایی کاک نەبی قادری




**کەماڵ ڕەستگار**

ئەمڕۆ ١٥ ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر ماڵئاوایی یەکجاری یەکێک لە کادرە بەوەج و پڕ ئێنێرژی و تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکڕات، یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی حیزبیم و هەروەها یەکێک لە ئەندامەکانی گرینگ و جێی بایەخی بنەماڵە.

یادکردنەوەی ئەمڕۆژە، وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لە تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانمە. دەربڕینی ئیحساس و هێنانە سەرکاغەز، کارێکی سانا نیە. زۆر جار بەتەنیا دەکەومە فکر و خەیاڵان و رابردووی ناسینی ئەو کەسەی خۆشم ویستوە، وەک فیلمێک دێنمەوە بەرچاوان و سەدان خۆزگە دەخوازم کە ئەوەی ئێستا دەمهەوێ بۆ خۆشەویستانی کۆچ کردو بیکەم، ئەوکاتە کردبام کە هێشتا لە ژیاندامابوون. خۆزگەم دەخواست کە لە تەمەنی ئەوکەسانەی کە بوون و نەبوونیان هیچ کاریگەریەکی لەسەر گۆی زەوی نیە  کەم کرابایەوە و خرابایە سەر تەمەنی ئەوکەسانەی کە شەو ورۆژ بۆ ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن. بەڵام چەرخی گەردوون بەکەس ناگۆڕدرێ و ڕەموزنی مردنیش هیچی لەگەڵ ناکرێ!

لە یەکەم ڕۆژەکانی خەبەری تووشبوونی کاک نەبی بەم نەخۆشیە،خۆزگەم دەخواست کە ئەم خەبەرە ڕاست نەبێ و ئومێدم دەدا بەخۆم کە بەڵکوو تەشخیسی دوکتورەکان دروست نەبێ یان دەواو  دەرمانەکان بتوانن پێشگیری لە بڵاوبوونەوە و پەرەگرتنی نەخۆشیەکە بکەن. بەڵام مخابن کە لەم ماوەیەدا چەندجارێک سەردانمان کرد، تەمەنی ژیانی کاک نەبی بەرەوئاوابوون دەرۆیشت. جار وبار بۆ یارمەتی کردنی یان شێلانی لاقەکانی کە ئازارێکی لە رادەبەدریان هەبوو، هەر کاک نەبی بوو کە تای ئەم هەمووە ئازارەی دێنا، ماوەیەک لەلای دەمامەوە تا ژانەکەی هێدی دەبوو و خەوی لێدەکەوت. ئاخر مانەوە لەلای کەسێک کە بزانی درەنگ یان زوو لەلات بۆ هەمیشە دەڕوا و نامێنێ، حاڵەتێکی زۆر ناخۆش و بەژانە.

هەربۆیە جار و بار تێیەوە ڕادەمام و بەراوردی کاک نەبی ئێستا و جارانم دەکرد. لە وردەدا فەرقێکی ئەوتۆی نەکرد بوو. بەڵام بە داخەوە لە هەیکەل و ئەندام دا زۆر کز و لاواز ببوو. ئەوکاتانەم دەهاتەوە بیر کە هەرکاتێک لە گوند و چیا و دۆڵی کوردستان تووشی کاک نەبی دەبووی هەمیشە بە جل و بەرگێکی ڕێکو پێک و خاوێن و ریش تراشاو و بۆن خۆش بە بزەوە لە باوەشی دەگرتی و حاڵ و ئەحواڵی دەپرسی.

ئەوکاتانەم دەهاتەوە بیر کە کاک نەبی وەک بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات دەهات بۆ سوئێد. سەرەرای کار و باری حیزبی سەردانی دۆست و خزمانیشی زۆر بۆ گرینگ بوو. هەوڵی دەدا کەسی لەبیر نەچێ. کە دەهات بۆ شاری ڤێستروس، بەهۆی کاری حیزبیم و هەم لەبەر دۆستایەتیی و رەفاقەتی کۆنی بنەماڵە، دەبوایە بۆ زۆربەی جێگاکان هاوڕێیەتیم کردبا. هەموو جارێ سەرم لەو هەمووە حەرەکەت و توانایەی دەسووڕما. رۆژژمێری کاک نەبی هەمیشە پڕبوو. یابە تەلەیفون قسەی لەگەڵ دۆست و هاوڕێیان دەکرد یان دەبوایە لە نێزیکەوە بیانبینێ و دیداریان لەگەڵ تازە بکاتەوە. لێتان ناشارمەوە رۆژی وابوو زۆر ماندو دەبووم و دەکەوتمە مینگە و دەمکوت سەردانی فلان کەس رەنگە زۆر پێویست نەبێ و هەر تەلەیفونەکە کیفایەتە. بەڵام زۆرم دەکوت و کەمی بەقسە دەکردم. دوایی بۆم دەرکەوت کە رەنگە کاک نەبیش زۆر سەردان و بەسەرکردنەوەی هێندێک کەسی پێ خۆش نەبووبێ. بەڵام هەست بە بەرپرسایەتی حیزبی، ئەو ئەرکەی دەخستە سەرشانی کە هێندێک جار بە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە. یەک شتم زۆر بەلاوە گرینگ بوو، کە کاک نەبی جیاوازی دانەدەنا نێوان هاوڕێ کانی. زۆر کەس هەبوو لە حیزبێکی دیکەدا خەباتی دەکرد. یان لەلایەکەی دیکەی حیزب بوو. بێ جیاوازی سەردانی دەکردن، یان ئەگەر لە شوێنێکی دیکە چاوی پێیان کەوتبا، پشتی تێیان نەدەکرد و خۆی لێ نەدەبواردن. کە بەداخەوە هێندێک کەس ئەو خسڵەتەی تێدا بە هێزە.

کاک نەبی لە دۆستایەتی و رەفاقەت دا زۆر بە پرێنسیپ بوو. هەمیشە لە ئاست خاووخێزانی دۆست و هاواڵانی دا خۆی بە بەرپرس دەزانی. لە هەر شوێنێک تووشی کاک نەبی بای، دۆستایەتیەکەی هەمان گڕوتینی ئەوەڵێی هەبوو. دەوڵەمەند بای یان فەقیر لای ئەو هەر رێزی خۆت هەبوو. زۆر جار دەکەوتمەوە بیری ئەوکاتانەی کە تووشی کاک نەبی دەبووم. لە میراوێ، لە گەورەدێ بنکەی دەفتەری سیاسی، لە بۆڵێ لە فێرگە، لە رانیە لە قەڵاسەیدە،لە سوئێد یان لە دانمارک. بە هەمان گڕوتین وەک مامێکی دڵسۆز بانگی دەکردم و ئامۆژگاری دەکردم. دوو جار لە کوردستان کە لە دوو مەسەلەی جیاوازدا پێشهاتبوو و کاک نەبی- یان لێ ئاگادارکردبوو، بانگی کردم و زۆر بە هێدی و لەسەرخۆ لەسەر ئەزموونی ژیان ئامۆژگاری کردم. هەرگیز ئەو هەستە دڵسۆزی یەم لەبیرناچێ.

لێرەدا دووبارە دەگەڕێمەوە دەفتەری بیرەوەریە تاڵەکانی ١٥ ساڵ لەمەوبەر و لە دیوەکەی کاک نەبی کە لە سەر تەختێکی تایبەتی کە لە نەخۆشخانە بۆیان هێنابوو راکشاوە و چاو لە گۆڤارێک دەکا کە زۆرم سەرنج نەدایە و لە پەنای دانیشتم.

لەدەرفەتێک دەگەڕام کە بیدوێنم و لەو حاڵەتە غەمناکەی بێنمە دەر. هەرلەبەرئەمە ئەوکاتانەی کە شەپۆلی ئازارەکانی لەشی کەم دەبۆوە دەستمان دەکرد بە قسان. بۆمن زۆردژوار بوو کە باسێکی وا بێنمە گۆڕێ کە دوور بێ لە سیاسەت و حیزبایەتی یان پێوەندی بە شێوەیەک هەبێ لەگەڵ نەخۆشیەکەی و نارەحەتی بکا. هەرچەند بۆخۆی وەک عادەتی هەمیشەیی گوێی بۆ خەبەر و باسی رادیۆکان رادەگرت. دەمویست بە شێوەیەک ورەی پێ ببەخشم و کەش و هەوای بێدەنگی ژوورەکە بگۆڕم دەستم کرد بە قسان. کوتم : کاک نەبی تۆ دەزانی لە زۆر شەڕایتی سەخت دا بەربەرەکانێت کردووە و لە مەرگ نەجاتت بووە، هیوادارم لە بەرامبەرئەم نەخۆشیەش دا هەروا وەک جاران بە ورەبی و ئینشاڵڵا بەسەری دا زاڵ بی.

مەکسێکی کرد و کوتی:" دەزانی کەماڵ من ئەسڵەن لە مردن ناترسێم و باکم نیە، بەڵام بەخۆم نیە و ئازارم زۆرە... لە لە زۆر شەڕ و کەمینان لە لێواری مەرگ گەڕاومەوە. ئەوجارەی لە مەئموریەتی ناوچەی شیمالی کوردستان بووین، ئەگەر چەنددەقیقە پێشتر نە رۆیشتباین هەموومان تێدادەچووین. یان ئەوجارە لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار ژەهریان بۆ لە خواردنەکە کردبووین. ئەگەر دوکتور مراد بەفریامان نەگەیشتبا کەسمان زیندونەدەما. لە جنووبی کوردستان هەروا. دەیان جار تۆپباران کراوین و یان تەقەیان لێکردوین. بەڵام ئەوە سەرنویشتی ژیانە ئێستا کە من تێی کەوتووم. ماوەیەکی دیکەش باسی چوونی بۆ شیمالی کوردستان درێژە پێدا کە بەداخەوە هەموویم لەبیرنەماوە. بەڵام ئەو قسە و باسانە رەنگ و رووی کاک نەبی یان بەلایەنی باش دا زۆر گۆڕی. خۆشم بەو قسانە تەواوێک هاتمەوە سەرخۆ و ورەیەکی دیکەم پەیداکرد.

بەداخەوە هەرجارە کە دەچووین بۆ دانمارک لە حەوتوویەک زیاتر نەمان دەتوانی بمێنینەوە. ژیانی شپرزەیی ئەوکاتی خۆم بەشێوەیەک بوو ناچاربووم لەبەر پەیدا کردنی هەم کار و هەم خانوو لە ستۆکهۆڵم، کاک نەبی بەجێ بێڵم و بگەڕێمەوە سوئێد.

لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ ئارەزووی هاوسەرم پێکەوەبووین لە ماڵێ کاک عەزیز، کاتێک تەلەیفوونیان کردو پێیان راگەیاندین کە هەرچی زووتر دەبێ بەرەو دانمارک بۆ ئاخرین دیداری کاک نەبی وەڕێ بکەوین. بۆماوەیەک حاڵەتێکی تاسان بەسەرم دا هات. تەواوی بەرنامەی گەڕان بەدوای کار و خانوو لەبیر کراو یەکسەر بەرەو ڤێستەرۆس وەڕێکەوتین. دوای قسەکردن بەتەلەیفوون  لەگەڵ کاک مرادی قادری ئامۆزای کاک نەبی، وا رێکەوتین کە بە یەکەوە و هەر ئەو شەوەبە ماشێن بەرەو کۆپەنهاک وەڕێ کەوین. لە تەواوی رێگادا هەربیرم لە یەکەم رۆژەکانی ناسینی کاک نەبی تا بوون بە خزم و تەواوی ئەو هەڵس و کەوتەی کە لەدەورانی ژیانی دا هەیبوو دەکردەوە. خۆم سەرزەنیش دەکرد کە بۆ هاتمەوە و لەلای نەماینەوە تا ئاخرین کاتەکانی ژیانی. بیرم دەکردەوەکە بڵێی بمێنێ تا دەگەینێ. کە نۆرە ماشێن لێخوڕینی من دەهات زۆرم پەلەدەکرد و جاروبار ئاگاداریان دەکردمەوە. بیرم دەکردەوە کە بڵێی بتوانین رێورەسمێکی وای بۆ دابنێین کە شیاوی کاک نەبی بێ. رێگا



سەرچاوە Serchawe

لەبەرچاوم دوورتر و دوورتر دەبۆوە. نازانم سەعات چەندی شەو و یان بەیانی بوو کە گەیشتینێ. خەڵکێکی زۆر لە ژوورەکان راکشابوون و هێندێکیشیان نووستبوون. هێندەی پێ نەچوو کە لە پڕمەی گریانێ دراو مەرگی کاک نەبی راگەیەندرا. وردە وردە دۆست و خزم و هەڤاڵانی لە نەخۆشخانە و لەلای لەشی ساردبۆوەی کاک نەبی دەگەڕانەوە. باوەشیان لێک دەداو کوڵی دڵی لەدەست چوونی کاک نەبیان پێکدا دەڕشت. چەند رۆژێک دواتر بە رێ و رەسمێکی بەشکۆوە لە یەکێک لە گۆڕستانە بە ناوبانگەکانی کۆپێنهاک لە نۆرەبروو بە خاکسپێردرا.

پێویستە ئەوە لێرەدا بڵێم،کە باسی زۆرێک لە سیفەتە باشەکانی کاک نەبیم کرد کە یەک لەوان وەفاداری و رێز بەرامبەر بە هاوڕێکانی بوو. بەڵام با باسی هاوڕێیانەی حیزبی و غەیرە حیزبی کاک نەبیش بکەم کە چ لە کاتی نەخۆشیەکەی داو چ لە بە خاکسپاردنی دا زۆریان زەحمەت کێشا و ماندوبوون. هاوڕێیان کاک سەعید بێگزاد و کاک رەحیم محەممەدزادە، لە رادەبەدەر پێیەوە ماندوو بە پەرۆش بوون. شینێک کە کاک سەعید بێگزادکردی،یان ئەو هەمووە خۆ ماندووکردنە کە بەوپەڕی رێزەوە هاوڕێیەکەی بەرەو دونیای ئاخیرەت بەڕێ کرد، باوەڕناکەم بۆ کەسی دیکەی ئاوا کردبێ سەرەڕای ئەوەی کە جارو بار لەسەر هێندێک شێوەکار و بیرورا لەگەڵ یەک ناکۆک بوون. من بەنۆبەی خۆم سوپاسی دەکەم کە ئەم رەفتارە جوانەی لێ فێربووم و ئەوکاتیش کە خۆم لە شەرایتێکی نالەباردابووم، منی لە نیگەرانی مەراسیمەکە دەرهێناو وەک برای گەورە ئەرکی بەشە هەرەگرینگەکانی ئەو کۆڕەماتەمینەی بە ئەستۆوەگرت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١





سەرچاوە
Serchawe

# چەند فرمێسکێک بەیادی فرمێسکەکانی کاک نەبی




**مستەفا شێخە**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، بەڵام مانگ و ڕۆژەکەیم لە یاد نەماوە، لە گوندی "هێیە"ی ناوچەی "نەڵۆس"ی سەر بە شاری شنۆ، کۆنفرانسێکی ناوچەیی گرت. ئەوکات من وەک ئەندامی حیزب بەشداری کۆنفرانسەکە بووم. نزیکەی ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیدا تێپەڕیبوو. من و هاوڕێکانم کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم و کەمئەزموون و کەم خوێندەواری بووین. لەبەرئەوەی من ئێستا ئەندامی حیزب نیم، نامهەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەوکاتی خەبات و حیزبایەتی کردن و وەک ڕەخنەگر سەیری رابردووی حیزبی دێموکرات بکەم. بەخۆشییەوە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو کاتی کۆنفڕانسەکە ئێستاش وەک خۆم زیندوون.

لێرەدا دەمهەوێ بە نرخی دانپێداهێنان بە بێ ئەزموونی و کەم زانینی ئەو کاتی خۆم بیرەوەرییەک بگێڕمەوە کە پێوەندیی بە کاک نەبی قادرییەوە هەیە.

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا کاک نەبی وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ، ڕۆیشتە پشت تریبوونی کۆنفرانسەکە و چاوەڕوانی پرسیار و ڕەخنەی بەشداران مایەوە. منیش لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی بە تەمەنی حیزبەوە هاندرام دوو پرسیار لە کاک نەبی بکەم.

هەردوو پرسیارەکە کاک نەبی هەژاند. یەکەم پرسیار ئەوەبوو بۆچی کاک نەبی کاتێک بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەرتەش و

هێزەکانی دەوڵەت دەچێت، تەنیا حەمە لاڵە لەگەڵ خۆیدا دەهێڵێتەوە؟ ئەم پرسیارە کاک نەبیی خستە ژێر پرسیارێکی دیکەوە کە بۆچی کاک نەبی کەسێک لای خۆی رادەگرێت کە بە هۆی لاڵ بوونیەوە ناتوانێت چۆنیەتیی وتووێژەکان بۆ کەسانی دیکە بگێڕێتەوە. وەڵامی ئەم پرسیارەم لەلایەن کاک نەبییەوە باش لەیاد نەماوە، بەڵام دواتریێ کە کاک نەبی لە ناوچەکەدا نەما و "حەمە" کە ئەوکات پێشمەرگەی پارێزەری کاک نەبی بوو، لەشار مایەوە و بوو بە هاوڕێ و هۆگری زۆربەی دۆستان، خۆزگە دەخوازم خۆم و ئەوانە وەک خۆم بەردی کوردایەتی لە ئەژنۆ دەدەن وەک حەمە لە کوردایەتیدا پاک و بێ فێڵ باین.

پرسیاری دووهەمم لە کاک نەبی ئەوەبوو: بۆچی کاک نەبی خۆی لێرە (ئەوکاتی شنۆ) پێشمەرگەیە و ژن و منداڵەکەی لەگەڵ ماڵی مام و خەزووری پەنایان بۆ ورمێ بردووە کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایە؟ (ئەوکات شاری شنۆ و ناوچەکەی لە کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابوو.) کاک نەبی لە پشت تریبوونی کۆنفرانسەکەوە بە گریانەوە گوتی: من خۆم بڕیارم داوە ببم بە پێشمەرگە و تەنیا خۆم پێشمەرگەم. ئەوە گوناهی من نییە کە لە بنەماڵەیەکی ئاغاوەت لەدایک بوومە. کاک نەبی گریا و ئەو بەرێزەی منی هاندابوو پرسیارەکان بکەم، بە پێکەنینەوە پەنجەی هاندانی بە لاشانمەوە نا.

ئەوکات نەمدەزانی وابیر بکەمەوە نەبی قادری دیموکراتە و دیموکراتیش پێویستە بەر لە هەموو کەس رێز لە ئازادیی کەسانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بگرێت کە ئەندامانی خێزانەکەی لە هەموو کەس زیاتر کەسانی ژێر دەسەڵاتی بوون.

نامهەوێ باس لە ژیانی دواتری کاک نەبی و گۆڕغەریب بوونی لەوبەری دەریاکان و دوورەوڵاتان بکەم. تەنیا ئەوەندە دەزانم ئێستا کاتێک لە پارچە ئازادکراوەکەی کوردستان، خێزانەکەی کاک نەبی لە دەربەدەری و غوربەت دەگەڕێنەوە و چاوم بە چاوی داخەیاڵی خێزانی و ئامۆزای کاک نەبی و ئارەزوو و ئارام و ئاوات و ئاتووسا دەکەوێت، بە خەیاڵ دەگەڕێمەوە مزگەوتە بچووک و قوڕینەکەی ئەوسای گوندی هێیە و قەڵافەتی کاک نەبی لەپشت مایکریفۆنەکە دەوەستێ. منیش وێڕای ئەو بۆ دڵفراوانی و بوێریی کاک نەبی و فریوخواردنی خۆم و دەربەدەری و دوورەوڵاتیی یەکەیەکەی ئەندامانی ئەو خێزانە دەگریم کە ئەوکاتی چووبوون بۆ ورمێ و بەڵام ئێستا هەموو لایەک دەزانن بەکرێگیراوی رژێم نەبوون. ئێستا کە ئەم چەند دێڕەم نووسی دور لە چاوی هەموو لایەک بەیادی ئەم رۆژە گریامەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

# من قەت بەنازی بابم گەورە نەبوومە




**ئارام قادری**

**بە ناوی خوادی گەورە و دلۆڤان**

تەزووی سەرمای، پائیزو خۆ ئامادەکردن بۆ زستانێکی سەخت و پڕ لە سەرما و سۆڵە، کۆتایی شووم و ناخۆشی ساڵی ١٩٩٦ ی زائینی بوو، بە بیرو خەیاڵ چووبوومە باوەشی دایکی نیشتیمان، کە خۆزگە لە دەست ژێر چەپۆکی داگیرکەران و پچڕاندنی کەلەپچەی کۆیلەتی ڕزگاری دەبوو و هەڵمژینی هەوای بێگەردی ئازادی و ئازاد بوون لە دەست داگیرکەران بۆ هەتا هەتایی دەگەیشتە ئامانج. بە ئارەزووی ئەوەی کە هەڵکرانی ئاڵای کوردستانەکەم لە سەر کێوە گەردن کەشەکانی کوردستان و بە گشتی و تایبەتی کێوی ڕەندۆڵە، بە ئاواتی دیتنەوەی کەس و کار و دەباوەشگرتنیان و ڕژاندنی فرمێسکی شادی و خۆشی، تا دوایین ساتەکانی ژیان دا تووانی بام بە ئارامی و هێمنی دەباوەشی دایکی نیشتیمان دا سەر لەسەر ڕانی داپیرەی وڵاتەکەم سەر بنێمەوە. بەڵام لە پڕ چریکەی گریان و قیژەی منداڵێکی ٥ ساڵان کە لەباتی بە دووایی کەرەستەی یاری کردن بگەڕابا، دیگووت ئەی بابە گیان، کوا بابە. کە ڕاچڵەکیم دیتم ئاتۆسا بوو هەر ئەو ژوور ئەو ژووری دەکرد و دەیڕوانیە سەر تەختەکەی دەی گووت بابە ئێستا لە ئاسمانە لەگەڵ فریشتەکانە!

بە داخەوە، من قەت بەنازی بابم گەورە نەبوومە، دڵگرانیەکەم لەوەیە، کە ئێمەش وەکوو تەواو ڕەفیقەکانی خۆمان کایە لە کووچە پێمانخۆش بوو کە شەو دەچوینەوە ماڵەوە باوکمان لە ماڵەوە با و بە دەنگێکی بەسۆز بانگی کردبام و دا ڕۆڵە، چایەکم بۆ بێنە، یان کوڕم وەرە با بزانم دەرسەکانت خوێندوە. دەستی سۆز و مووحیبەتی بەسەرم داهێنا با. بەڵام لەو هەموو شتانە بێبەش بووین. ساڵی ١٩٩٠ی زائینی کە تەمەنم یازدە دوازدە ساڵان بوو، بە یەکجاری بڕیارمان دا بچینە لای باوکم و ئەو ئاواتانەی کە چەندین ساڵ بوو تامەزرۆی بووم بێتە دی،لە خۆشیان ئارا و قاراوم لێ هەڵگیرا بوو. ئێمە لە

باشوری کوردستاندا لە ناوچەی سوونێ، لە مەقەڕی هاوڕێیانی کۆمەڵە میوان بووین، جێگای خۆیەتی سپاسی بە سۆزی خۆمان دووبارە بەو بەڕێزانە بڵێین کە زۆر بە ڕووخۆشی و دڵئاوەڵایی میوانداریان کردین، چاوەڕوان بووین کە ئوتۆمبێلی حیزب هاتبا ئێمەی بردبا بۆ لای باوکم. ڕۆژی دوایی هات، شۆفیرەکەش بەڕێز کاک یووسۆ خۆشڕوو بوو، ئیمەی بەخێرهاتنی گەرمی کردین، گووتی ماڵێک کە لە پێش ئێوە زووتر هاتوونە، تەنیا دەتوانم ۲ کەس لە ئێوە دەگەڵ خۆم بەرم، من و کاک ئاواتی برام چوین، دایکم و بەڕەحمەت بێ باپیرم و خوشکم بۆ ۲ ڕۆژی دیکە مانەوە. ڕێگاکە تۆزێک دوور بوو، بەڵام لە خۆشی دیتنی باوکم وامان هەست دەکرد کە زۆر زوو گەیشتینێ، کە دابەزین، باوکم، ئەو ماڵە بەخێرهاتن کرد و کوڕی ماڵەکەی ماچ کرد و منیشی ماچ کرد، گەیشتە کاک ئاوات، زۆری دەباوەش گرت و ماچی کرد، گووتی: گووتیان ئارامیشتان دەگەڵ بووە ئەدی کوا، هەموومان دەستمان کرد بە گریان، گووتم کاکە ئەوە من بووم کە ماچت کردم، وەیزانی بوو کە کوڕی ئەوماڵە پێشمەرگەیە بوومە نەی ناسیمەوە!

کاکم بە جلەکی جوان و ئاغابانوویەکی سپی پەڵەپەڵەی ڕەش لەسەری بوو کە بە راستی پێشمەرگە بوو، و دەباوەشی باوکایەتی گرتین وام دەزانی هەموو دونیایان داومەتی و هەموو ئەو ئاواتانەم وردە وردە زۆربەی دەهاتە دی، لەپڕ دیسان لە لایەن حیزبەوە دەبا چووبا بۆئەوڕووپا، تەنیا ۲ یان ۳ مانگ دەماوە دەهاتەوە. ئەمەش دەمانگووت دە دوازدە ساڵمان دان بەخۆەگرتووە ئەوەندە هیچ نیە.

ئەوە خۆشترین بیرەوەری ژیانم بوو کە هەمووی دونیاش ئێستا ببەخشم یان بە ڕووح و گیانم بیکڕمەوە هەر نایەتەوە! ناخۆشترین بیرەوەری ئەوکاتە بوو، کە ئەو هاتە ئەوڕووپا، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی کەنداو، سێ مانگ بوو بە زیاتر لە ساڵێک و چەند مانگ، هاتەوە، دوایی چەند مانگ ئێمە هاتینە دانمارک، دوایی ساڵەک ئەویش هات، دوایی چەندین مانگ نەخۆش بوو، کە دەژیانی دا قەت هەڵامەتیشی نەگرت بوو، زۆر بۆمان نامۆ بوو کە ئەو نەخۆش بێ! بەداخەوە تووشی شێرپەنجەی پرۆستاد و پاشان شێرپەنجەی ئێسک، کە برستی لێ بڕی بوو، دوایی چەندین مانگ ڕۆژی دووشەممە ۲ی دیسامبری ١٩٩٦ کاتژمێر ٦ی ئێوارە ماڵئاوایی لە ژیان کرد و هەموو ئەو ئاواتانەی من و خوشک و براکانمی دەگەڵ خۆ بۆ هەتا هەتایە برد! سەرجەم ئەگەر کۆی بکەینەوە، کەمتر لە ساڵێک باوکی خۆمان بە ساخی لامان بوو. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە باسی بکەم، ڕۆڵی دایکم، کە ئەو شێرەژنە لەناو جەرگەی دوژمنیشدا ئێمەی پاراست و بۆ ئێمە هەم دایک بوو هەم باوک، خوا تەمەنی ئەومان بۆ درێژ بکات و سایەی لەسەر ئێمە کەم نەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۳ی دێسەمبەری ۲۰۱۱



سەرچاوە
Serchawe

## بیرەوەرێکی کاک مستەفا ئەمیری




دەبێ بڵێم لە بەرابەر گەورەیی کاک نەبی دا کەم قەڵەم هەیە کە توانای نووسینی هەبیت چونکە کاک نەبی قادری ئەو کەڵە پیاوەی ژیان و گیانی خۆی فیدای گەلەکەی کرد کەسێک نەبوو کە بتوانی هەر وا سادە لە سەری بنووسی. من ڕێزێکی زۆر تایبەتیم بۆی هەبوو. ئینسانێکی سادق و پاک داوین بوو. زۆری هاوکاری منی لە حیزب دا کردوە، کە قەت لە بیرم ناچیت. لە بیرمە ئەو کاتەی وەک جەولەی هونەری چووین بۆ هەورامان کاک نەبی چەندەی ڕێز لە من و هەموو هاوڕێیانی بەشی موزیک وشانۆ و فیلم گرت و ئەو پەڕی هاوکاری کردین، تا بەرنامەکانمان بەریوە برد. خۆزگە ئەو فیلمەم وەچەنگ کەوتبایە کە لە هەورامان لە خزمەت کاک نەبی بەڕێز بەرنامەمان بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بەڕێوە دەبرد. زۆر جار کە بە خزمەتی دەگەیشتم وەک کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکردم و ڕێزی لێ دەگرتم کە بە راست هەستم بە گەورەیی دەکرد!

بەرێز بێت یادی کاک نەبی قادری ئەو کەسەی مێژووی کورد دەبێت شانازی پێوە بکات

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١

## بیرەوەریێکی کاک کەریم حوسێنی



بەڕێزان ئەم کاتەتان باش

من لەساڵی ١٩٨٧ کاک نەبی قادریم ناسیوە لەکاتەدا کە کاک حەکیم ڕەزای لە بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی هەورامان لابرا و کاک نەبی قادری جێگای گرتەوە.

کاک نەبی قادری ئینسانێکی بەتەواوی مەنا شۆڕشگێڕ بوو تەواوی خسڵەتەکانی مرۆڤێکی کامڵی تێدابوو.

کاتێک کاک نەبی هاتبووە هەورامان من و هێندێک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە هەرکاتێک دەمانەویست کە قسەیەک بکەین و کاک نەبی حالی نەبێت بەهەورامی قسەمان ئەکرد پاش ماوەیەک لەگەڵ یەکێک لە ڕەفیقەکانمدا بەهەورامی شتێکمان باس کرد کەچی کاک نەبی هەر کە قسەکەمان تەواوبوو وتی هەڤتان نیە برۆن بۆ ئەو شوینە زۆر بەلامانەوە سەیر بوو پرسیمان کاک نەبی جەنابتان هەورامی ئەزانن وتی ئەوەندە فێربووم کە لەقسەکەی ئێوە تێبگەم ئێمەش بە پێکەنینەوە وتمان ئەوە ئەو ڕێگایەشمان بۆ قسە نهێنیەکانمان نەما .

ڕۆحی شاد بێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١

## بیرەوەرێکی کاک سمایل ئەقدەم (چکۆڵ)




من هەرچی لەسەر ئەو کەڵە پیاوە بڵێم هەر کەمە، نە قەڵەم دەتوانێ بینووسێت و سەدان و هەزاران لاپەڕە بنووسرێ لە بارەی ئەو نەمرە حەقی خۆی پێنادرێ، کەم کەس هەبوو و هەیە کە بەرپرس بێ، بەڵام پاکداوێن و خاکی و لە هەمان کاتیش دا قسە لە ڕوو و نەترس لە ڕا دەربڕین و سەری قەت بۆ ناحەقی دانەدەنواند! ئەمن و چەندین پێشمەرگەی دیکە وەکوو کوڕی ماڵی بووین و هاتووچۆمان دەکرد و چۆن دە ئاوات و ئارامی ڕادەدی ئاواش دە من و ئێمەی ڕادەدی و ئەگەر دەچووە بۆ ئەرکی حیزبایەتی ماڵ و منداڵەکانی بە ئێمە دەسپارد و ئەویش زۆر بە دڵنیایەوە لە ماڵ و منداڵەکانی دڵنیا بووە و بەسەرکەوتنەوە ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند و دەگەڕایەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵەکانی.


ئەوە بیرەوەریەکی خۆشم وەبیرهاتۆتەوە کە لێرەدا بۆتانی باس دەکەم.

کاک نەبی نەمر ئیسکۆرتێکی هەبوو بە نێوی " ئەحمەد شکاک"، ئەوەندە بە زاراوەی جوانی کرمانجی قسەی دەکرد، ئێمەش لە خۆشەویستی ئەو و ئەو زاراوەیە، وەکوو ئەو قسەمان دەکرد. هەرکەس لە قەڵاسەیدە(دۆڵێ) ژنی هێنابا، کاک ئەحمەد دەیگووت " خوودێ ئەز دکوژم"، چوونکوو ئەوە دۆستی من بوو ئەو دۆستی منی هێناوە. جارێکیان بەڕەحمەت بێ کاک نەبی ئەمنی بانگ کرد، ئەمیش پێموابوو کارێکی زۆر گرینگی پێمە. گووتی: داوایەکم لێت هەیە، ئەمیش گووتم فەرموو. گووتی: کاکە پیاوی چاک بە لە کۆڵ ئەحمەدی بەوە. ئەمیش گووتم: بەڕاستی کاک نەبی ئەمن ئەحمەد ئەزیەت ناکەم. ئەویش فەرمووی: بەڕاستی سمایل ئەوەندەم فیشەک بۆ ئەحمەدی وەرگرتۆتەوە، چیدیکە ئەمن ناتوانم فیشەکی بۆ وەرگرمەوە. کاکە هەر کاتێک تۆ ئەزیەتی دەکەی یان قسەیەکی پێ دەڵێی، گێدان گێدانی لێدەدا بەڵام نای تەقێنێ، ئەهوەنی دەکەنەوە دیسان قەڵسی دەکەیەوە گێدان گێدانی لێدەداوە، گووللە دەردەپەڕێ بۆ نێو گیا و گۆڵ. خۆ ئەویش گوللە کان هەڵناگرێتەوە، ڕۆژێ دوو سێ جار وای لێدەکەی و قەڵسی بکەی، دە یەک حەوتوودا تەواو خەشابەکانی بەتاڵ دەبێ،


ئەویش ئەمن هەڵدەپێچێ کە بچم بۆی وەرگرمەوە و بەخوای جارێکی دیکە فیشەکم نادەنێ. جا بۆیە بۆ خاتری خودای لە کۆڵ ئەحمەدی بەوە با منیش ڕاحەت بم لە دەست بۆڵە بۆڵ و جنێودانی ئەحمەدی!

لە کۆتایی دا هەر ئەوەندە دەڵێم، هەزار جار یادی ئەو نەمرە بەخێر بێ و بەڕاستی کەم بژی و کەڵ بژی بە بەژن و بالای ئەو سەرکردە قارەمانە دا بڕابوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١١



# چپەیەک لە بێدەنگی دا



**پەیمان**

نازی لەرەی گێوژە زەردەشتی یەکانی "شێخ محەممەدی هنگلان"
عیشوەی لەرزانەی وردە خیزی سەر قوڵتێنەیَ "کانی یە شکاک"
مەکری چوززە کەنگری نێو لەپی ڕەقەنی "بەست" و چی و چی ...
هێشتا کە بەریان نەدا بووم
کە نەجابەتی ئاڵباڵوویەکی شەڕابیی "خانێ"... ڕایچەناندم
تا ئەو جێ یەی
لە سەعاتی ئینشای "شنۆ"یە دا نەققاشیم کرد
ئەو دەمە
تازە " غەززالی" چاوی بە :سەبا" هەڵدەهات!
دوواتر هەمان وێنەم
لە باڵای گێلاسێکی زەیتوونی دا دیتەوە
کاتێ "کاوە" لە سایەیدا شانۆ دەکرا و
حیکمەتەکانی "دیالۆگ" دیالۆگ و هەر دیالۆگ
وانە دەدران!
ساڵ تێپەرین...
گوزەری زەمان وەک ئەسپێکی رەوەکیی نابەڵەد بە دووا مەنزڵی مەبەست
لە ئێوارە پایزی دڵ شکانی هەڵداشتین
ئەو شوێنەی
هەر ترووسکەی هیوای لێ کز دەچۆوە و
چرۆی دڵی لێ ترسا!



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە بوو...
لە شەختە بەندەکەی هەنارستانی "قەندیل" دا
تاقەداری بەر پەنجەرەی سەرخۆشخانەی " خەییام" ماوەو
هیوادار بە گەڕانەوەی نەورۆز
ئاتەشگای دەروونی گەرمی دەدایە دەوروبەر
بۆ نوێ بوونەوەی سرووشت و پەیمانی یەکیەتی!
سەرەنجام...
ئەم ئاشقە پرچنە
کە دەتگوت لە نیهایەتی تەمەن و دیمەنی "شەنگەیی" دا دەشنێتەوە و
لە بەر سۆراخ و غەززەبی زەمان
پرچەکانی بە سەر وجوودی کۆرپەیەکی قاچاخدا بەرداونەوە،
تا ژیا
"دەروێشی قوندیل"
تا ما
"یاری دۆڵە ڕەقە"
تا مەرگ
"نەجابەتی عیشق"
تا ئەبەد...
"ڕووحی پەپووڵە"یە و
بە سەر پەیژە مەرجانی یەکانی ریزە ئاونگێکی درێژەوە بوو دا دەگەڕێ
کە دەڵەی
لە ئەڵماسەی شەوق و حەزی سەحەری بەهار دا
شۆڕابەی پلووسکی تنۆکە بارانە
بە ڕووخساری زەماندا چۆڕاوە،
ئەو دووا ئەسەرەی ئەنفالی هەناسەی ئاشنا
ئەم شوێن پێیانەی...
فرمێسکە بریندارەکانی نیشتمان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١١

## سوپاسنامەی بنەماڵەی کاک نەبی قادری بۆ هەموو هاوڕێیانی کاک نەبیی



نووسینی: خەیاڵ قادری

دوێنێ ٢ی مانگی ١٢ کە دەبێتە ١٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئاغای قادری، بەشێک لە هاوڕێیان و دۆستانی بەوەفای نەبی قادری بە نووسینی شێعر، پەخشان، بیرەوەری و هەروەها بە تەماسی تەلەیفوونی لەگەڵ خۆم یادی ئەوڕۆژەیان کردۆتەوە.

ئەمن نازانم بە چ زمانێک سوپاسی ئەو هەمووە موحیببەت و خۆشەویستەی ئێوە کە بەرامبەر بە ئاغای ڕەحمەتی تان کردووە بکەم. هەروەها سوپاس و ڕێزێکی زۆر بۆ ئەو سایت و ڕاگەیەنە گشتیانە کە زەحمەتیان کێشاوە و یادیان کردۆتەوە بە تایبەت بەرپرسی سایتی گیارەنگ کاک حەمە ڕەسووڵی کەریمی.

کاتی خۆی جار و بار گلەیی و گازندەی ئەوەم لە ڕەحمەتی ئەوەبوو کە زۆربەی کات و وەختەکانی لە خزمەت خەڵک و حیزبەکەی دابوو، کەمتر لەگەڵ ئێمە بوو. کە دەهاتیشەوە ماڵێ دایمە تەلەیفوونی بە گوێیەوە بوو. بەڵام لە کاتی نەخۆشیەکەی و لەسەر جێ کەوتنی و لە ئاخریش دا ماڵئاوایی یەکجاری، بۆم دەرکەوت زەحمەتەکانی بەفیڕۆ نەچووە و دۆست و ڕەفیقەکانی تا ئێستاش هەر وەفادار ماونەوە. دۆست و برادەرە خۆشەویستەکانی کاک نەبی دەزانن پەخشان و بیرەوەریەکانی ئێوە، کە لە دوێنێوە بۆم دەخوێننەوە، لەلایەک دڵخۆش بەوەی کە لە بیر نەکراوەو لە لایەکی دیکەش ناڕەحەتی و گریان کە من هاوسەرێکی ئاوا خەڵک خۆشەویست و گەورەم لەدەست دا. من بەخاتری ئاغای قادری و منداڵەکان کە دەستی ئاوالا بێ بۆ خەبات و حیزبایەتی کردن، چوومەوە ژێر دەستی دوژمنی کاک نەبی لە شاری شنۆ. هەر ڕۆژە بۆمن بە دەساڵ دەڕۆیشت. تەنها شتێک کە پێی دەژیام سەربەرزی و پێشمەرگە بوونی کاک نەبی بوو. زۆر بە حسرەتەوە بووم ڕۆژێک بەسەربەستی و دوور لە ترس و خۆف لەگەڵ ئاغای قادری لە کوردستانی ئازاد بەیەکەوە باقی

ژیانمـان تێپـەڕ بکەیـن. بەڵام مخـابن ئەو خەونەمـان نەهـاتەدی و لە دانمـارک گیرسـاینەوە. سـەرەڕای ئەوەی کـار و بـاری حیزبیشی هەر لە دەرەوە پێ سپێردرابوو، بەڵام مەرگ مەودای نەدا ئاوات و ئامانجەکانی کاک نەبی و من بێتە دی.


ئێوە نازانن کە رەحمەتی لەسەر جێگا بوو چەندە دڵخۆش دەبوو کە کەسێک لە ئێوەی بەڕێز تەلەیفوونتان بۆ دەکرد. جـاری واهەبـوو لەبەر ئـێش و ئـازاری لەشـی حەجمینـی نەبـوو. نە بەشـێلان و نە بە زیـادکردنی دەرمـانی ژان شـکاندن (مـۆرفین) چارەسـەری نەبـوو. بەڵام کـە دۆسـت و هـاوڕێیەک لەوکـاتەدا سـەردانیان دەکـرد، ژان و ئێشـی بەدەنـی هێـدی دەبـۆوە و دەگەشایەوە. رەحمەتی کردەوەو رەفتاری زۆر جوانی هەبوو کە ئێوەی بەڕێزیش ئیشـارەتتان بە هێنـدێکی کـردوە، بەڵام بـۆمن زۆر جێگای پرسیار بوو کە تـا مردیش من نەم زانی ئەو کـابرایە رقـی لـە کێیـە و کـێ دەبـووغزێنێ. زۆر بـە شـەڕ و نێوان ناخۆشی حیزبەکـان و تـە نـانەت بـە خزمـان و دۆست و برادەرەکـانیش نـاڕەحەت دەبـوو. هەر بـۆیە من عـازاب دەکێشم کـە ئێستا لە دەیەمین سـاڵرۆژی کـۆچی دوایـی ئـاغـای رەحمەتـی، حیـزبەکەی ئەو تووشی دووبەرەکی بـووە. هومێـدم وایە دوژمـن زەفەرتـان پێنەبا و هەر پاڵپشت و برای یەکتر بن و دوژمن کوێر کەن و دڵی ئێمەو رووحی کاک نەبیش شاد بکەن. دووبـارە سڵاو و رێز بۆ هەموو لایەک و بۆ ئەو کەسانەش کە لە سایت و جێگای دیکەش بە نووسین یادی رەحمەتی دەکەنەوە.

**لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە میللەتی کورد سەرکەوێ و کوردستانیش ئازاد بێ لە دەستی داگیرکەران و سەفا و سێبووریش بە ئێمە بدا.**

**رووحی نەبیش شادبێ.**


**خەیاڵ قادری کۆپێنهاک**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٦**






سەرچاوە
Serchawe




**سەرماوەزی ٢٧١٦ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٦ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

